بارزان و زێبار

لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا

١٢٥٥ - ١٣٤١ کۆچی

١٨٤٠ - ١٩٢٣ زایینی

بەرگی سێیەم

هەواڵنامەی کتێب

ئامادە و پێشکەشکردنی:
دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر

وەرگێڕان: **ئاشتی رەحمان**

بارزان و زێبار

لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

١٢٥٥ - ١٣٤١ کۆچی
١٨٤٠ - ١٩٢٣ زایینی

بەرگی سێیەم

هەواڵنامەی کتێب

بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان
خانەی بەڵگەکان

٢٠١٨

ئامادە و پێشکەشکردنی: **د. نەوزاد یەحیا باجگر**

وەرگێڕان: **ئاشتی رەحمان**

هەواڵنامەی کتێب



- ناوی کتێب • **بارزان و زێبار** لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا
- بەرگی سێیەم • ١٢٥٥ - ١٣٤١ کۆچی/ ١٨٤٠ - ١٩٢٣ زایینی
- ئامادە و پێشکەشکردنی • د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر
- وەرگێڕان (زمانی عوسمانی) • ئاشتی رەحمان
- بەڕێوبەری هونەری • بورهان سابیر
- دیزاینی ناوەرۆک • هێمن حەساری
- بڵاوکراوەی • زانکۆی جیهان ، خانەی بەڵگەکان
- تیراژ • ١٠٠٠ دانە
- چاپ • یەکەم ٢٠١٨ هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠١٨ی وەزارەتی رۆشنبیری

بۆ داونلۆدکردنی کتێبەکان: Download Books

www.NawzadBajger.net
www.NawzadBajger.org
chairman@cihanuniversity.edu.iq

تەواوی مافی
ئەم کتێبە پارێزراوە
بۆ زانکۆی جیهان

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

ئەو وشەو بیروبۆچوونانەی کە لەم پەرتوکەدا نووسراوەتەوە سەرچاوەکەی بەڵگەکانەو ئێمە لێی بەرپرس نین، لەبەر ئەمانەتی زانستیش لەکاتی وەرگێڕانی دەستکاری نەکراوە.

پێشەکی

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن عوسمان غازی کوڕی ئەرتوغرول لە ساڵی ١٢٩٩، ئەو سوڵتانانەی عوسمانی کە یەك لە دوای یەك دەسەڵاتیان گرتە دەست، لە خەمی فراوان بوونی دەسەڵات و خاکی عوسمانی دا بوون، تا گەیشتە ئەو رادەیەی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە و فراوان دروست بکەن، بێگومان فراوان بوونی خاك و دەسەڵاتیش لەسەر حیسابی نەتەوە و خاکی میللەتانی تر هاتە دی.

عیراق بە گشتی و خاکی کوردستانیش یەکێك بوو لەو خاکانەی کە بوو بە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دوای ئەوەش کاروباری کارگێری دەوڵەت و کاروباری سیاسی دەوڵەت گۆرانکاری بەسەرهات و لەسەر بنەما، یاساورێسای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی رێکخراو و بەرێوەچوو. ئەو ماوەیەش کە حوکم لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان بوو، بێگومان لە ژێر ئەو حوکمەش چەندین هەوڵ و کۆشش درا و کرا بۆ ئەوەی ئازادی و سەربەخۆی بەدەست بێت، حوکمی خۆ بە خۆیی بونیاد بنرێت، بە دڵنیاییەوەش دەوڵەتی عوسمانی ئەو هەوڵ و کۆششانەی بە ئاژاوەگێر و چەتە ناوبرد، جگە لەوەش کەسانێك هەبوون ئەو تێکۆشانانەی قۆزتۆتەوە تا بە مەرامی بگات و نیازی خۆی جێبەجێ بکات، هەر بۆیە هەر رووداوێك لە ژێر هەر ئاڵایەك دروست بووبێت کەسەکان بە چەتە و ئاژاوەگێر لە قەڵەم دراون.

یەکێك لەو ناوچانەی کوردستانیش کە بە درێژایی مێژوو کەسایەتی ناودار تێدا سەری هەڵداو یەك لە دوای یەك لە هەوڵ و کۆششەکانیان بێزار نەبوون و بێ هیوا نەبوون، ئەویش ناوچەی بارزان بوو، تێکۆشانی سەرکردەکانی ئەو ناوچەیە وایکرد ئەو ناوچەیە لە رووداوەکان بێبەش نەبن و دەوڵەتی عوسمانیش سڵی نەکرد بۆ ئەوەی ناوچەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و شۆرش و راپەرینەکانی ئەو ناوچەیە دابمرکێنێتەوە.

هەر بۆیە ئەوەی لە بەڵگەکانی دەوڵەت چ ناوەخۆ بێت یاخود ئەوانەی دەرەوە باسیان لەم راپەرین و رووداوانە کردووە، بە تایبەتی بەڵگەکانی عوسمانی، چونکە ئەو خاکە بەشێك بووە لە خاکی عوسمانی، بە دڵنیاییەوە باسکردنی رووداوەکانیش بە گوێرەی بەرژەوەندی تاکەکان و وڵاتانی ناوچەکە گۆرانکاری بەسەردا دێت.

هۆزی بارزان دەگەڕێنەوە بۆ گوندی بارزان کە لەو سەردەمە لە گوندێکی بچووك پێك هاتبوو، دامەزرێنەرەکەشیان شێخ محەمەدی بارزانی بوو، لە سەر تەریقەتی نەقشبەندی، هەرچی هۆزی زێبارە، کە لەم ناوچەیە دەژین، ناوچەکەیان دەکەوێتە باکووری شاری عەقرە، هۆزی زێبار لە گرنگترین هۆزەکانی بادینانن، بە ناوی ئەم ناوچەیە ناونراون کە تێدا دەژین، بەڵام لەم سەردەمەدا لە رووی کارگێرییەوە بارزان سەر بە قەزای زێبار بوو، مێژوونووسان لە بارەی ئاخۆ بارزان بەشێکە لە زێبار یاخود زێبار بەشێك بووە لە بارزان بیرورای جیاوازیان هەیە، بەڵام ئەوەی لە بەڵگەکان دەردەکەوێت لە رووی کارگێریەوە زێبار بە قەزا هەڵبژێردراوە و مەرکەزەکەی بارزان بووە. هەروەك لە بەڵگەکانیش دەردەکەوێت لە سەردەمی عوسمانیەکان ئەو ناوچەیە هەرگیز ئارامی و جێگیر بوونی سیاسی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەردەوام لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی یاخود هۆزەکانی ناوچەکە و دەوروبەر لە نێو خۆیان ناکۆکی و ململانێی سیاسی سەریهەڵداوە، ئەمەش وایکردووە هێزی سەربازی دەست لە کاروباری ناوچەکە وەربدات.

خانەی بەڵگەکانی زانکۆکەمان پێشووتر لە بارەی هەولێر ئەو بەڵگانەی پەیوەست بوون بەم شارە لە دوو بەرگ کۆی کردنەوە و خستیە بەردەستی توێژەران و پەیوەندیداران، ئەمرۆش لەبەر گرنگی بابەتەکە و زانیاری مێژووی ئەو سەردەمە وەکو خەمخۆری مێژوو ئەو بەڵگانەی کە پەیوەست بوون بە ناوچەی بارزان و زێبار یاخود دەتوانین بڵێین ئەو بەڵگانەی ناوی ئەو ناوچانەی تێدا دێت، کۆکرانەوە و لە بەرگی یەکەمدا بە (٣٠٠) بەڵگە خستیە بەر دەستی توێژەران.

د. نەوزاد یەحیا باجگر

سەرۆکی دەستەی ئەمینداریەتی کەمپەکانی زانکۆی جیهان

هەواڵنامە کتێب

چەند روونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەکان

• لە ناو بەڵگەکاندا هەڵەی ساڵ و مانگ و ڕۆژ کراوە؛ ئەوەی لە بارەی مێژووی ناو بەڵگەکانە ئەوا مێژووی کۆچی و رومی بەکارهاتووە، لە هەندێک بەڵگەشدا مێژووی رومي یا ئەوەتا کۆچیەکەی نووسراوەتەوە، بە تایبەتی لە ساڵە رومیەکە هەڵەی تێدا کراوە. 1

• جگە لەمەش هەڵەی ناوەکان هەیە، بۆ نموونە هۆز و ناوی کەسێتی، شوێن، لەبەر ئەوەی ئەو نووسەرەی نووسراوەکەی نووسیوەتەوە کوردییەکەی باش نەبووە، بە شێوازی سەر زاری خۆی ووشەکەی نووسیوەتەوە، یاخود لە بارەی ناوچە و شوێنەکانەوە شارەزاییەکی ئەوە تۆی نەبووە، زانیاری لە شێوەزاری ناوچەکەش نەبووە، ئەمەش وایکردووە بە هەڵە بینووسێتەوە، هەر بۆیە لە بارەی ناوەکانەوە هەروەکو خۆی نووسراوەتەوە، دەستکاری نەکراوە. 2

• لە بارەی وەرگێرانی بەڵگەکان ئەوا هەروەکو خۆی وەرگێردراوە؛ یەک ووشە زیاد یاخود یەک ووشە کەمی نەکردووە، تەنانەت هەوڵ دراوە لە کاتی وەرگێرانەکە دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان نەکرێت، چونکە ئەگەر بە گوێرەی زمانەوانی کوردی دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان بکرابووایە، ئەوا دەبووایە دەستکارییەکی زۆری دەستەواژەکان بکرێت، هۆکاری دەستکاری نەکردنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڵگەکان ڕەسەنایەتی خۆیان لە دەست نەدەن، لە هەمان کاتدا خوێنەر و مێژوونووسان لە شێوازی نووسینی بەڵگە و شێوەزاری ئەو سەردەمەی نووسەران ئاشنا بن، کە ئەو بەڵگانە بە چ شێوازێک نووسراونەتەوە، جگە لەوەش کاری نووسەر و مێژوونووسانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە زانیاری ناو بەڵگەکان ڕوون کردنەوە و شی کردنەوە بۆ بابەتی ناو بەڵگەکەکان بکەن. 3

• لە هەندێک شوێن لە ناو بەڵگەکاندا بۆشایی هەیە، ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن؛ هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکە هەندێک ووشەی نهێنی هەبووە، نەویستراوە ئاشکرا بێت، بۆیە نووسەرەکە بۆشایی بەجێ هێشتووە، تەنیا ئەوەی نووسراوەکەی گەیشتۆتە دەستی لەم بۆشاییە تێگەیشتووە و زانیویەتی نووسەر یاخود لایەنی پەیوەندیدار مەبەستی چییە. 4

• لە چەند شوێنێکی کەمیش بۆشایی بە خاڵ خاڵ هەیە (...) مەبەستیش لەم بۆشاییە بە خاڵانە ئەوەیە کە ئەو ووشەیە نەتوانراوە بخوێندرێتەوە، زۆر جار ووشە هەیە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە کە نووسەرەکە بە شێوەیەک یاخود بە خەتێک نووسیویەتی ناتوانرێ بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی هەڵە و لە ووشەی هەڵە دوورەپەرێز بین، بۆ ووشەکە بۆشایی بە خاڵ دانراوە. 5

• هەندێک ووشە یاخود ڕاستڕە بڵێن زاراوە هەیە لەو سەردەمە بەکار هاتووە و مانای تایبەتی خۆی هەیە؛ ئەو مانایە نادەن کە ئێمە ڕۆژانە بەکاری دەهێنین و لێی تێدەگەین، جگە لەوەش وەرگێرانی ئەو ووشانە 6

هەواڵنامەی کتێب

بۆ کوردییەکەی لە نرخ و ماناکەی تێک دەدات و لە هەمان ئەو ئاستە نابێت، واتە مانای پر بە پێستی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە نەکراوەتە کوردی و هەروەکو خۆی دانراوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر و مێژوونووسان لە پێناسەی زاراوەکان ئاشنا بن، ئەوا لە (شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی) پێناسە کراوە و روون کراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا زاراوە هەیە، کە زانراوە لە ماناکەی ناگۆڕدێت، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

• جگە لەوانەی کە باسمان کرد بەڵگە هەیە، لە چەندین لاپەڕە پێک هاتوون، ئەو چەند لاپەڕەیەش باسی یەک بابەتی دیاری کراو دەکات، بۆیە لەناویان تەنیا یەک لاپەڕە وەرگێردراوە، چونکە هەموو لاپەڕەکان هەمان بابەت باس دەکەن، جیاوازیەکی ئەوەتۆیان تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەو چەند لاپەڕەیە باسی چەند بابەتێکیان کردبێت، یاخود هەر هەمان بابەت بەڵام بە شێوازی جیاواز باس کرابێت ، واتە هەر لاپەڕەیەک بە شێوازێکی جیاواز باسی بابەتەکەی کردبێت، لێرەدا ئەگەر لە بابەتەکە جیاوازی بەدی کرابێت، هەمووی وەرگێردراوە. 7

• دووبارە بوونەوەی بەڵگە، کەمێک لە بەڵگەکان هەندێک بابەتی دیاریکراو دووبارە بوونەوەی بەڵگەی تێدایە؛ واتە هەمان بابەت لە جیاتی ئەوەی هەمان ژمارەی بدرێتی، وەکو ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، بابەتەکە لە چەند لاپەڕەیەک پێک هاتووە، ئینجا لە جیاتی ئەوەی هەمووی کۆ بکرێتەوە و هەمان ژمارەی بدرێتی، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان بابەت ژمارەی جیاجیایان دراوەتێ، لێرەدا بە ناچاری هەمان بابەت کە لە ژمارەی جیاجیا پێک هاتووە، وەرگێردراوە، چونکە ژمارەیان جیایە و هەمان ژمارەی نەدراوەتێ. 8

• لە هەندێک بەڵگەدا لە کاتی نووسینەوەی رووداوەکان و زانیاری لە بارەی ناوچەکانەوە بە گشتی باسی بابەتەکان کراوە، بۆ نموونە شوێنی عەرەب نشینیش باس کراوە؛ لێرەدا تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە کورد و ناوچەکانی کوردییەوە هەیە وەرگێردراوە. 9

• لە نێو بەڵگەکاندا دەستەواژەی دووبارە و رستەی دووبارەی تێدا بەرچاو دەکەوێت، لێرە دا نووسەر لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکەدا هەمان زانیاری یاخود دەستەواژەی دووبارە کردۆتەوە و هەمان زانیاری نووسیوەتەوە. 10

• لە بارەی ساڵی بەڵگەکان ئەوا بۆ رێزبەندی بەڵگەکان تەنیا ساڵی کۆچی بەکار هاتووە، پشت بە مانگ و رۆژەکەی نەبەستراوە؛ جگە لەمانەش ساڵی ناو بەڵگەکان بە گوێرەی زانیاری ناو بەڵگەکە و ئەوەی سەر بەرگەکەی گۆرانکاری بەسەر دادێت، واتە نووسەر لە کاتی نووسینەوەی بەڵگەکەی ئەم ساڵەی نووسیوەتەوە کە بەڵگەکەی تێدا نووسیوەتەوە، کەچی کە گەیشتۆتە لای پاشا ئەو ساڵەی نووسیوەتەوە کە نووسراوەکەی تێدا بینیوە، هەندێک جاریش ساڵی جێبەجێ کردنەکەی لەسەر نووسراوە، واتە لە یەک نووسراودا مەبەست بەڵگەکەیە چەند ساڵێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت. 11

وەرگێر

هەوڵدانی کتێب

وشەکان

ئاڵای (الای)	ئاڵای بە مانای کۆمەڵ، قەڵەباڵغ دێت، لە زاراوەی سەربازیش ووشەیەکە لە سێ چوار تابور پێک دێت، هەروەها هەر ئاڵایەک سەنجەقێکی لە ژێر دەستدا بوو.
ئەعیان (اعیان)	لە سەرەتا بۆ بەدواداچوونی بریارەکانی ئەنجوومەنی میللەت ئەنجوومەنێکی تر هەبووە و ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵانی ١٨٧٧ و ١٩٠٨ ئەندامەکانی لەلایەن حکوومەتەوە هەڵبژێردراوە.
ئەنبار	شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و هەموو کەلوپەلێک بەکارهاتووە.
ئەنجوومەنی والا (مجلسی والا)	ئەنجوومەنی والا لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، ئەم ئەنجوومەنە کاری ئەوە بوو، داواکاری نێوان دەوڵەت و خەڵک جێبەجێ بکات، لە ساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشایەوە و لە شوێن ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا.
ئستەبلی عامیرە (اصطبل عامره)	تەوێلەی کۆشکی پاشا.
ئۆچاقلق	ئەو زەویانەن کە جیاکرابوونەوە و داهاتەکانیان بۆ پارێزگارانی قەڵا و کۆگای چەک دەڕۆیشت.
بابی عالی	بنکەی سەدری ئەعززەم، دیوانی هومایۆن لەگەڵ نەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوە و فەرمانگەی شورای دەوڵەت دەگرێتەوە.
باش کاتیب (باش کاتب)	نووسەری یەکەم یاخود سەرۆکی نووسەران، ئەرکەکەشی لە فەرمانگە فەرمییەکاندا سپێردراوە بە نووسینی نووسراو.
باش کیتابەت (باش کتابت)	کیتابەت واتە پیشەی نووسین، باش کیتابەت یەکسانە بە باش کاتیبی، واتە سەرۆکی نووسین.
باشبوغ	قوماندانی سەربازی ڕێک نەخراو یاخود نارێک
بەرائەتی شەریفە	واتە پاکانەی ئەستۆ و خۆبەرێکردن، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی یاخود دامەزراندن دەبووایە لەلایەن پاشاوە یاخود دەوڵەت بەرائەتی شەریفە واتە پاکانەی ئەستۆی وەرگرتبووایە.
برادەر زادە	برادەر زادە منداڵی خوشک و برا، هەروەها برازا، پورزا، خاڵۆزا دەگات.
برادەری	واتە برا.
بلۆک (بلوک)	دەستەی سەربازی.
بلۆک باشی (بلوک باش)	سەرۆک یاخود بەرپرسی بلۆک.
بینباشی (بیکباشی)	بین بە مانای هەزار کەس دێت، بینباشی، ئەو ئەفسەرەیە یاخود قۆماندانەیە کە تابورێک بەڕێوە دەبات لە هەزار سەرباز پێک هاتووە.
تابور	لەشکری سەربازی، کەرتی سوپا.
تاتار	نامەی گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی تری دەوڵەت، جولەی زۆر خێرا بووە، جگە لە ناوی تاتار ئەوەی ئەو کارەی کردووە ناوی (ساعی، پۆستە، قاسد، برید)یشی پێ ووتراوە، لە کاتی خۆیدا تاکی تاتار بە خزمەتی خێرا ڕۆیشتن بەناوبانگ بووە، بۆیە بەم مانایەی پێیان ووتراوە تاتار.
تەحسیلدار (تحصیلدار)	ئەو فەرمانبەرەیە کە باج و باجی داهاتو و بەروبوومی داهات کۆدەکاتەوە.
تەرسانە (ترسانه)	یاخود تەرسخانە ئەمەش ئەو شوێنە بوو کاروباری کەشتییە جەنگیەکانی تێدا دەکرا، واتە کارگەی دەریایی و کاروباری دەریایی کە تێدا کارەکانی تێدا جێبەجێ دەکرا، یەکسانە بە تەرسانەی عامیرە (ترسانه عامره).
تەغار (تغار)	چوار ربە یەك تەغارە.

هەواڵنامەی کتێب

تیمار	ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەن کە ساڵانە داهاتیان لە نێوان ٣٠٠٠ ئاقچە لەگەڵ ٢٠٠٠٠ ئاقچە دایە، ئەم جۆرە زەوییەش بەو سەربازانە دەدرا کە لە شەڕ سوودیان لێ وەردەگیرا یاخود بەو کەسانە دەدرا کە لە بواری ئایینەوە ئەرکیان پێ سپێردرابوو، ئەمەشیان بۆ ئەوە بوو تا بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین بکەن، لە جیاتی مووچە پێیان دەدرا.
پارە	وشەیەکی فارسیە، یەک قوروش چل پارەیە، یەک پارەش دەکاتە سێ ئاقچە.
پۆست نشین	بە شێخی تەکیە ووتراوە پۆست نشین، لە هەمان کاتدا بە کەسێك ووتراوە کە لە پلەیەك دانیشتووە واتە پلەیەیەکی هەبووە و کارەکەی بەرێوە بردووە.
حەرەم (حرم)	ئەو شوێنەیە کە هەموو کەسێك ناتوانێ بە بێ مۆڵەت بچێتە ژوورەوە، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە تایبەتن بە ئافرەت و ژووری ئافرەت.
جەبەخانە (جبەخانە)	ئەو شوێنە بـووە یاخود ئەو کۆگایە بـووە هەموو جـۆرە چەک و بـاروت و کەلوپەلی چەکی ئاگری تێدا پـارێـزراوە.
جەلیلە (جلیلە)	جەلیلە ناوداری گەورە، وەزیر یاخود موشیرەکان هەروەها کە نووسراو بۆ فەرمانگەی ئەوان دەکرا، بەم شێوەیە رێزیان لێ دەگیرا، هەروەها لە پلەی ئەوان نزمتر پێیان دەوترا بەهییە یا عالییە.
خاخام	زانا و بەرپرسی یەهودیەکان، واتە کاهین.
خەلافەتپەناهی (خلافتپناهی)	خەلیفە شوێن گـرەوەی کەسێک، کە لە دوای پێغەمبەر وەکـو وەکیلی پێغەمبەر، ئەرکێک بوو لە ئیسلام داهێنرا، پەناهی واتە پەیوەندی، خەلافەت پەناهی واتە شتێک کە پەیوەندی بە خەلیفەوە هەیە و لەلای ئەوەوە دەردەچێت.
خەیل (خیل)	تاقم، خەڵکێکی زۆر، بە تاقمی سوارەش دێت.
خولعە (خلعە)	ئەو جلە بوو چەند جۆرێکی هەبوو، جۆرەکانیشی جلی رێز لێنان، جلی پەشیمانی یاخود جلی مردن بوو، ئەم جلەش لەلایەن پاشاوە بە کەسێک دەدرا.
دەرسەعادەت	ئیستەنبۆل پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.
دەفتەردار (دفتردار)	سەرۆکی ژمێریاری، بەرپرس لە کاروباری دارایی.
دەفتەر خاقانی (دفتر خاقانی)	دەفتەر خانەشی پێ ووتراوە فەرمانگەیەك بووە کاروباری پارەی دەوڵەت، موڵك و زەوی و زاری بەرێوە دەبرد، بۆ نموونە تاپۆ.
دزدار	پارێزگاری قەڵا.
ژورنال	ژورنال دەفتەری رووداوەکان، یاخود دەفتەری رۆژانە.
رایج	رایج بەهاکەی تری، واتە نرخەکەی تری یاخود بەهای رابردووی.
رەدیف (ردیف)	بەو سەربازانە وتراوە رەدیف کە لە دواوەی سەربازی رێکخراو دەوەستان و ئەوانەش لە کاتی پێویست چەکیان پێ دەدرا.
رەژی (رژی)	فەرمانبەرانی فەرمانگەی تووتن.
روزهزر و روزقاسم	(Hıdırellez) لە دونیای تورک وەرزێکە جەژنی بۆ ساز دەکرێت، روزی هزر (Ruz-ı Hızır) واتە (رۆژی هزر) کە بە ناوی رۆژی خدری لەز (Hıdırellez) ناو نراوە، بە پێی داستانی ئەو سەردەمە ئەو رۆژەیە لە سەر رووی زەوی پێغەمبەر خدر و ئیلیاس بەیەک گەیشتوون، تاوەکو یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدەن. لە تورکیاش جەژن بۆ ئەم بۆنەیە دەگێردرێت. بە پێی رۆژژمێری زایینی رۆژی خدری لەز لە ٦ مایس، لە کۆنیش بە پێی رۆژژمێری رومی رۆژی ٢٣ نیسان هەژمار دەکرێت. ماوەی نێوان ٦ مایس تا ٨ تشرینی دووەم بە ناوی رۆژەکانی هزر وەرزی هاوین، هەرچی ماوەی نێوان ٨ تشرینی دووەم تا ٦ مایس بە ناوی رۆژەکانی قاسم وەرزی زستان پێک دەهێنن. بەم شێوەیە رۆژی ٦ مایس تەواو بوونی وەرزی زستان و دەست پێکردنی وەرزی هاوین و رۆژە گەرمەکان نیشان دەدات.
روسوم (رسوم)	باج و باجی گومرگ.
روسومات (رسومات)	فەرمانگەی گومرگ.
ریاسەتپەناهی (ریاستپناهی)	پەیوەستە بە سەرۆکایەتیەوە، کە پابەندە بە کارەکانی پاشا، بۆ نموونە بۆ لایەنی پاشای ریاسەتپەناهی.

هەواڵنامەی کتێب

ریال	ریال پارەی زیوی ئاسیاوییە، دەکاتە ٢٥ قوروش.
ریکابی هومایۆنی شاهانە (رکاب همایونی شاهانە)	سەربازە سوارەکانی پاشا.
ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی	بەرپرسی یاخود سەرۆکی دەرگای سەربازە سوارەکانی پاشا.
سالیانە	ئەو باجەیە ساڵی جارێك وەردەگیرێت، لە پێش تەنزیمات بەشێك لە فەرمانبەران و بەکارهێنراوان بە ئەرك ساڵی جارێك کرێیان پێ دراوە.
سەدارەت (صدارت)	شوێنی کاری سەدری ئەعزەم و پلەکەیەتی.
سەدارەتپەناهی	پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، وایە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم.
سەدری ئەعزەم (صدر اعظم)	لە دەوڵەتی عوسمانی پلەی لە سەرۆک وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە.
سەر عەسکەر (سر عسکر)	سەر وشەیەکی فارسیە بە واتای سەر دێت، سەر عەسکەر بە واتاکانی ئێستا بە مانای سوپا سالار، سەر لەشکر، سەرکردەی سوپا، قوماندان دێت.
سەر کاتیب (سر کاتب)	سەرۆک یاخود یەکەم نووسەر.
سەعادەت (سعادت)	واتە خۆشی.
سەفەربەرلیك(سفربرلك)	چوونە شەر، واتە بەو کەسانە ووتراوە کە خۆیان ئامادە کردووە تا بچنە شەر یاخود بۆ چوونە شەر لە ئامادەباشی دابوونە.
سیپاهی (سپاهی)	ئەو سەربازە سوارەیە خاوەنی تیمارە واتە زەوی کشتوکاڵییە، لە لەشکری عوسمانی کۆندا چینێک سەربازی سوارە هەبوو، لە بەرامبەر ئەو دە یەکە (عشر) لە زەوی کشتوکاڵی وەریاندەگرت لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەی کە خۆیان بەخێویان دەکرد بەشداری جەنگیان دەکرد، بەڵام کەلوپەلی جەنگی لەلایەن دەوڵەتەوە پێی دەدرا.
سیپاهیدار (سپاهدار)	گەورەترین سەرباز، سەر عەسکەر.
سیلاحشۆر(سلاحشور)	واتە پیاوی چەکدار، ئەو پیاوانە بوونە لە چەك هەڵگرتن و بەکارهێنانی شارەزاییەکی تەواویان هەبووە، لە شەرەکان بە چەك شەریان کردووە.
شاهنشاه	گەورەترین پاشا یا شا، واتە پاشای پاشایان یاخود شای شایان.
شەهبەندەر(شهبندر)	بە واتای باڵیۆز دێت، لە سەردەمی مەحمودی دووەم لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ پاراستنی بازرگانە موسڵمانەکانی ناوەخۆ، لە نێوان خۆیان کەسێکیان هەڵدەبژارد تا هەر ناکۆکی و لێك تێنەگەیشتنێك هەبێت چارەسەری بکات.
شورای دەوڵەت بە زمانی عوسمانی (شورای دولت)	لە دەوڵەتی عوسمانیدا پێش ئەو دامەزراوەیە، ئەنجوومەنی واڵا کارەکانی دەکرد دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی واڵا شورای دەوڵەت لە ساڵی ١٨٦٨ دامەزرا، جۆری کارەکەی لە کاری کارگێڕی پێک دەهات، ئەرکەکەشی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کارگێڕییەکان و دەرکردنی یاسای گونجاو بوو، ئەم دامەزراوەیە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو.
چاوش	وشەیەکی تورکیە ماناکەی سەربازی پلە بچووکە، لە ئەمڕۆشمان لە رووی سەربازییەوە بە پلەی پاسەوان دێت.
چەڵتوك(چلتوك)	برنج.
ڤۆیڤۆدە	لە سەردەمی عوسمانیەکان ئەو پاشایە بوو، کە سەر بە خەزینە بوو، فەرمانبەرێک بوو ئەو داهاتانەی رێک دەخست کە لەلایەن ئافرەت، ئەفەندی، سەدری ئەعزەم، وەزیر، بەگی بەگان و بەگی سەنجاقەکانەوە دەهات، هەروەها ئەوانە ئەرکێکی تریان هەبوو، ئەویش پاراستنی ئاسایش و رێکخستنی شوێنە تایبەتیەکانیان پێ درا بوو، ئەو شوێنەی ڤۆیڤۆدەکانی تێدا بوون، بەهۆی ئەوەی لە بەرێوەبردنەوە پیاوی هێز بوون، ئەمەش وای کرد بوو ناوە ناوە کێشە بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست بکەن.
عولوفە (علوفە)	ئەو زاراوەیە بوو کە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بەو سەربازانە دەوترا کە سێ مانگ جارێک مووچەیان وەردەگرت.

هەواڵنامەی کتێب

فەریق (فریق)	تـاقـم، تـیـپ، دوو لایـــەن، کـۆمـەڵـە خـەڵـکـێـکـی زۆر، بـە پـلـەی سـەربـازیـش دێـت، لـە کـۆن لـە چـینـی سـەربـازی لـە دوای مـوشـیر دەهـــات، ئـەویـش گـەورەتـریـن پـلـەی سـەربـازی بـوو.
فرقە	دەستە، کۆمەڵ.
قەپوچوقدار (قپوچوقدار)	ئـــەرک و خـــزمـــەت بـــوو، ئـــەو فـــەرمـــانـــبـــەرانـــە بـــوون لـــە بـــابی عـــالی لـــە ویـــلایـــەت لـە خـــزمـــەتی قـــەپـــوکـــەتـــهـــودا دابـــــوون و هـــەنـــدێـــک داواکـــــــاری والـــیـــیـــان جـــێـــبـــەجـــێ دەکـــــرد.
قەپوچی باشی	بەرێوەبەری ئەو چینەیە کە لە بەردەم دەرگای کۆشک وەستاون.
قەپوکەتهودا (قپوکتهودا)	قەپوکەتهودا خزمەتکاری دەرگا بوون.
قەساس (قصاص)	سزای شەرعی بکوژی کوژراو و بریندارکاری بریندارکراوەکەیە، بۆ میراتی کوژراو داوای قەساس دەکەن، وەک بکوژیان قەساس کرد.
قپوچی باشی (قپوچی باشی)	قەپوچی بە دەرگای فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت دەوترا کە خەڵک بۆ ئیشوکارەکانیان لەم دەرگایە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە، بێگومان ئەو دەرگایانەش بەرپرس و سەرۆکیان هەبووە، جگە لەوە قەپوچی باشیش پلەیەک بووە دراوەتـە فەرمانبەرانی دەوڵـەت، بۆ نموونە ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی (رکاب همایونی قپوچی باش).
قۆل ئاغا (قول اغا)	بە واتای قۆڵ، لێرەش قۆڵی ئاغا یەکسانە بە ئەفسەری یەک قۆڵی تابور، یا خود یاریدەدەری بینباشی، قۆڵی راست و چەپی ئاغا.
قولی	قـــول؛ ئـــەو پـــیـــاوەیـــە بـــۆ ئـــەرك جێبەجێ کـــردن دەکـــرێـــت، هـــەرچـــی قـــولـــی؛ ئـــەو فـــەرمـــانـــبـــەرەیـــە بۆ چـــاودێـــری کـــردنـــی ســـەربـــازانـــی دوژمـــــن و ســـەرپـــەرشـــتـــی کـــردنـــی زەوی و زار ئـــەرکـــی پـــێـــدەدرێـــت.
قوماندان	قوماندان سەرۆک یاخود بەرپرسی ئەفسەر دەکات، وەکو قوماندانی تابور، قوماندانی لەشکر، قوماندانی ئاڵای، قوماندانی ژاندارمە.
قۆناغ (قوناغ)	قۆناغ واتە مەنزل، لە رێگا بۆ گەشتیاران و کاروانچیان دروست دەکـرا، تا تێدا بحەسێنەوە و بخەون، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی دووری شوێنێک دەیانووت سێ قۆناغ یاخود چوار قۆناغ دوورە، واتە چەند قۆناغ لە نێوان ئەو دوو ناوچەیە هەبووایە هەژمار دەکرا، جگە لەوە بە کۆشکی پاشا و گەورەکان دەوترا قۆناغ یا قۆناق. فەرمانگەی حکوومەتیش پێی وترا قۆناغ وەکو قۆناغی حکومەت، کە هۆبەیەک لە هۆبەکانی فەرمانگەی فەرمی حکومەت پێی دەوترا قۆناغی حکومەت.
قیە	بە مانای زەوییەکی تەخت دێت، ئەو زەوییە بۆ چاندنی خورما و گەنم بەکارهاتووە.
کەتهودا (کتهودا)	واتە خزمەتکار ئەوانەی بە پلە لە فەرمانبەر پلەکەیان نزمتر بوو، پێیان دەوترا خزمەتکار.
کەلەك (کلك)	ئەو پارچە دارانـەن کە بە ئاو ئەستوور کراون و یەك لە دوای یەك لە پاڵ یەکتر بە داو بەیەکتریەوە بەستراونەتەوە و تەختەیەکیان لێ پێکهێنراوە، ئەمەش بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و کەلوپەل لە رووبارەکانی جەزیرە بە تایبەتی لە دیجلە بەکار هاتووە، ئەم کەلەکە بە گوێرەی گەورەییەکەی بۆ بەرێوەبردنی ٢ تا ٦ پیاوی پێویستە. دوای تەواو بوونی گەشتەکە بە تایبەتی لە سەر رووباری دیجلە تا دەگاتە بەغداد بەشی دارەکانی کەلەکەکە زۆر جار بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرا، هەروەها قازانجی راستەقینەی کەلەکچیەکان لەو کرێیە پێك هاتبوو کە لە کاروانچیەکان وەریاندەگرت. ئەو کەلەکچیانە لەسەر رووباری دیجلە تا خوارەوە کەرستەی بیناکاری و دانەوێلە و باری گرانیشیان بار دەکرد. لە جەنگی جیهانی یەکەم سەربازیشیان پێ گوازراوەتەوە.
کیل	کیلە، بۆ پێوانی دانەوێلە بەکارهاتووە.
مەشروتیەت (مشروطیت)	مـــەشروت واتـــە مـــەرجـــدار کـــە پەیوەستە بـــە مـــەرجـــەکـــانـــەوە، مـــەشروتـــە واتـــە لـــەلایـــەن یـــەکـــەم خـــاوەنـــیـــەوە بە مەرجی نەفرۆشتن بۆ میراتگرەکانی بەجێی هێشتووە، ئەویش وەکـو خـانـوو، زەوی کشتوکاڵی، نەخۆشخانە، مـــزگـــەوت، هـــەرچـــی مـــەشروتـــیـــەتـــە ئـــەوا ئـــەو حـــوکـــمـــدارە دەگـــرێـــتـــەوە کـــە لـــە ژێـــر دەســـەڵاتـــی سەرۆکایەتیە.
مەمالیکی مەحروسەی شاهانە (ممالیکی محروسه شاهانه)	وولاتی عوسمانی.
مەمالیك (ممالك)	وولاتەکان، مەملەکەتەکان، خاکی وولاتێك.

هەواڵنامە کتێب

مەملوک (مملوک)	کەسێک پارەی هەبێت، یاخود بەندە، کۆیلە.
مەنزل	لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیە، بە زۆر مانا دێت، ئەوەی لە زمانی عوسمانیدا پێویستە بە مانای کۆشک، شوێنی کوشک، سەرە ڕێگای یەک ڕۆژ دێت، یاخود بە مانای دووری نێوان دوو کۆشک دەکات، تاتارەکان لە کاتی بردنی پۆستە بۆ ناوچەکانی تر، لەم مەنزیلانە هاتوونەتە خوارەوە و حەساونەتەوە، هەروەها ئەسپیان گۆڕیوەتەوە، یاخود شەویان لەوێ بەسەر بردووە.
موشیر (مشیر)	بە مانای ئاماژە پێکردن دێت، لەلایەکی تر لە چینی سەربازی لەگەڵ وەزارەت یەکسانە، کە گەورەترین پلەی سەربازیە، بۆ نموونە موشیری لەشکر، موشیری تۆپخانە.
موعەججەلە (معجلە)	مولکی میریە و لە وەقف دیارە، هەر لە وەقف مامەڵەی بۆ دەکرێت، کە پارەکەی پێش وەختە دەدرێت. واتە بە شێوەی بەگایەتی و وەرگرتنی پارەی پێشەکی لەلایەن ئاوقافەوە دەبێت.
موقاتەعە (مقاطعە)	ووشەی موقاتەعە هەر لە سەرەتاوە، ئەو زەویانە بوونە کە خاوەنداریەتی بۆ دەوڵەت یاخود وەقفەکان بووە، بە کرێ دراوەتە کەسی تایبەت و دامەزراوەکان بە شێوەی ڕێککەوتن بووە، جگە لەوەش بڕی پارەکە دیاری دەکرا و ئەو پارەیەش ڕاستەوخۆ دەچووە خەزینەی دەوڵەت.
میعمارباشی (معمارباشی) (سەرۆکی بیناسازی)	سەرۆکی بیناسازی، کاری سەرپەرشتکردنی بیناسازی، هەروەها لە پیشەکەی خەریکی دابەشکردن و ڕێکخستنی کارەکەی بووە.
نازر (ناظر)	لە بینین هاتووە، واتە سەیرکردن، کە لە هەموو شوێنێک ئامادە و سەیرکەرە، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردن و بەڕێکردنی کاروبارەکانە، وەکو نازری دارایی.
هومایۆن (همایون)	پاشا.
وەکالەتپەناهی (وکالتپناهی)	پیشەی سەدری ئەعززەم، ئەو کارەیە کە پەیوەندی بە سەدری ئەعززەمەوە هەیە، یەکسانە بە سەرۆکی بریکار.
یوزباشی	لە بنەڕەتدا بە مانای ١٠٠ کەس دێت، لە ڕووی سەربازییەوە ئەو ئەفسەرە دەگرێتەوە کە قۆماندانیەتی یەک بلۆک سەرباز دەکات لە ١٠٠ سەرباز پێکهاتوون، بۆ نموونە یوزباشی سوارە، یوزباشی پیادە، یوزباشی ژاندارمە، یوزباشی ڕەدیف.
یوک	یوک بە مانای بار دێت، هەڵگرتنی بار ئینجا چ لەلایەن مرۆڤەوە بێت یاخود ئاژەڵ وەکو بارگیر و ئەسپ و گوێدرێژ، لەلایەکی تر بە مانایەکی تریش دێت کە یەک یوک دەکاتە بڕی ٥٠٠ هەزار قوروش.

هەواڵنامەی ئیب



C.DH.	00037.01833	زیلحیجە 1255

هۆزەکانی مزوری و زێباری کە لە هۆزەکانی کوردن، لەگەڵ حکوومەتی عەمادییە لە بنەرەتدا بەشێکن لەو حکوومەتە، بە یارمەتی حاکمەکانیان لە ناحیەکانی موسڵ بە ناوی عەین سوفەنەی کۆنترۆڵکردۆتەوە و تێدا نیشتەجێ بوونە، لە هەمان کاتدا لە لایەنگرانی دادوەرەکانی عەمادییە، یەزیدییەکانی شێخان پێش چەند ساڵ لەگەڵ یەك بۆتە ململانێیان، کوردەکان بۆ تۆڵەسەندنەوە کۆبوونەتەوە چوونەتە سەریان، حاکمی ئەم حکومەتە، عوسمان بەگ خۆی کردۆتە خاوەنی یەزیدییەکانی شیخان، کوردەکانی ئاگادار کردۆتەوە، کوردەکان هێرشیان کردۆتە سەر یەزیدییەکان بە هۆی شەڕەوە لە کوردەکان 100 پیاو و لە یەزیدییەکانی شێخان 50 پیاو کوژراوە، دوای جیابوونەوە نامەی کوردەکان بۆ پارێزگاری کردن لە موسڵ یوسف پاشا هاتووە، داوایان کردووە یەزیدییەکانی شێخان لە شوێنی خۆیان دەربکات و تۆڵەیان لێ بکاتەوە، چونکە چەند گوندێکی کوردەکانیان سوتاندوە و یەزیدییەکان بە پاڵپشتی زوبیر خۆیان بەهێز کردووە و چەند تفەنگچیەکی لەلایەن یەزیدییەکان دامەزراندووە، بەهۆی ئەم زیانەوە کوردەکان یەکیان گرتووە و چوونەتە سەر یەزیدییەکان، شوێنەکانیان وێران و کاوڵ کردووە، دواتر لە گوندەکانی کشتوکاڵی باعشیقە کە سەر بە موسڵە، هێرشیان کراوەتە سەر و ماڵومواڵکیان بردراوە و شوێنەکەیان کاوڵ کردووە، لەم گوندانە نزیکەی 60 پیاو و ژنیان کوشتووە، ئەم هەواڵە گەیشتۆتە موسڵ، پارێزگاری موسڵ یوسف پاشا کەتهودای خۆی و چەند کەسێکی دامەزراندووە و ناردویەتیە شوێنەکە، کوردەکان کە بەمەیان زانیوە رایان کردووە و چوونەتە چیاکانیان، بۆ ئەم مەبەستە داواکراوە بە پەلە سەربازەکانی حەسەن پاشای دیاربەکر و والی موسڵ و بەگی بەگانی شارەزوور ئەم دوو هۆزە بوەستێنێ و سزای خۆیان پێ بدرێت، چونکە کارە خراپەکانیان کۆتایی نایەت، بەردەوام لە گوندەکانی موسڵ خەریکی خراپەکاری و تاڵان و وێران کردنن.



İ.DH.00255

I.DH.	00255.015707	4 شەوال 1268

بۆ جەنابی بەڕێزم
لە ئەیالەتی موسڵ بە رەفتاری سەرکەشانە و جانەوەرانە سەرپێچی لە پارەوپولی میری دەکەن، بۆ تەمبێ کردنی خەڵکی عەشائیری ئەربەعە سەر بە قەزای زێبار هێزی سەربازی لەسەر داواکاری ئەنجوومەنی موسڵ کە هاتووە لەگەڵ نووسراوی قائیمقامی رواندز بە یەکەوە بۆ وەرگرتنی رەزامەندی سەروو پێشکەش کراوە، بە ئاماژەی روس خەڵکی عەشائیری ئەربەعە تەنیا بە هێزی هەڕەشە دەتوانن ملکەچ بن، بەم رێگەوە ئامادەکاری کراوە، بۆ ئەم مەبەستە وەڵامنامە بۆ جەنابی پاشای موتەسەرفی موسڵ نووسراوە، هەروەها ئەو هێزەی بەکار دەهێنرێت لە سەربازانی ناوچەکە پێیان راگەیەندراوە چاکسازی بکرێت و پارەوپولی میری بەدەست بهێنن، لەبەر ئەوە خەرجی زۆر پێویست لە خەزینە وەستاوە و چۆنیەتیشی بە نەزارەتی دارایی جەلیلە راگەیەندراوە، بە هەموو شێوەیەك ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی پاشایە، ئەو چ بفەرموویت بە گوێرەی ئەوە جولە دەکرێت.
لە 4 شەوال 1268



i.DH.00259

I.DH.	00259.016011	15 شەوال 1268

لە ناو ئەیالەتی موسڵ قەزای زێبار دانیشتووانی لە کوردی هۆزەکان و لە بنەچەکی چیایی پێکهاتوون، لەسەر کاری چەتەیی جۆرەها کاری پیس ئەنجام دەدەن، هەروەها ئەو هەموو ساڵە دپاریکراوە پارەی میری لەلایەن ئەوانەوە کەڵەکەبووە و سەرپێچی دەکەن, لەم بارەیەوە ئامۆژگاری قەبوڵ ناکەن و قسە وەرناگرن، بە گوێرەی زانیاری ئەو رۆژانە ئەو سەربازانەی بۆ لایەنی قەزای ناوبراو رۆیشتوون، کە گەیشتوونەتە شوێنەکە دانیشتووانی ناحیەکانی شێروان و شەمدینان و برادۆست و مزوری بە کۆمەڵ بەڵێنیان بە میری داوە، تەنیا دانیشتووانی ناحیەی گەردی, میری هۆزەکەیان یەحیا بەگ, ملکەچی خۆی رانەگەیاندووە، بەردەوام و دووبارە لەم بارەیەوە ئامۆژگاری کراوە، بەڵام میری ناوبراو قەبوڵی نەکردووە، تەنیا سەربازانی ناوهاتوو کە لە گوندی کلکە رۆیشتوون، بۆ گوندی شاهنشی میری ناوبراو ٥٠٠ کەسی لە چواردەوری خۆی کۆکردۆتەوە، هێرشیان کردۆتە سەر سەربازەکان، سەربازەکانیش بە ناچاری رووبەرروویان بوونەتەوە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر شەڕ و جەنگ رووی‌داوە، لە فەرمانبەران یەکی مردووە و سێ کەسیش برینداربووە، لە چەتەکانیش دوو کەس مردوون, بە هۆی هیلاك بوون چەتەکان نەیانتوانیوە لە شەرکردن بەردەوام بن, هەموویان بە دۆراوی چوونەتەوە گوندەکانی خۆیان، یەحیا بەگیش کە چاودێری کراوە ملکەچی خۆی راگەیاندووە، هۆزەکەش بۆ میری ملکەچی خۆیان راگەیاندووە، لەلایەن فەرمانبەری ناوهاتووەوە ئاماژەی پێکراوە، تا ئێستاش لە بارەی داهاتەکە، زیاتر لە ١٠٠ هەزار ئاقچە بۆ سندوقی دارایی موسڵ رۆیشتووە، لە سایەی جەنابی شاهانە دوای تێپەربوونی رۆژ لە دوای رۆژ کێشەکە بە ئاسانی کۆتایی هات و حاڵی حازر شەروئاژاوە رووی نەداوە، داواکاری بۆ بەندەمان نووسراوەتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٥ شەوال ١٢٦٨.



İ.DH.00260

I.DH.	00260.016134	15 موحەررەم 1269

بۆ جەنابی بەرێزم
هاوپێچ لە داواکاری ئەنجوومەنی موسڵ, لەلایەن جەنابی محەمەد پاشا نووسراو هاتووە، لەسەر فەرموودەی جەنابی پاشا راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، بە گوێرەی ئاماژە و راگەیەندراوەکان زێبار و دەورووبەری کە سەر بە موسڵە، داواکاری میری لەسەر دانیشتووانەکەیەتی، لە ژێر کاریگەری هێزی بە زۆرەملێ بری داواکاریەکە دەست کەوتووە، هەروەها ٥٠٠ کیسەش بۆ دواتر بەجێ هێڵدراوە و مۆڵەتیان پێدراوە دواتر بیدەن، هەروەها پێویست ناکات هۆکاری ئاوا بدرێتە دەستەوە، تا مامەڵەی توندوتیژیان لەگەڵ بکرێت و رێگە خۆش بکرێت دانیشتووانەکەی مەیلیان بۆ لایەکی تر بروات، بە ئاماژەی والی ناوبراو و موتەسەرفی موسڵ حیلمی پاشا کارەکە چارەسەر دەکرێت، بۆ بابەتی دواخستنەکەش پێویستە نەزارەتی دارایی جەلیلە ئاگادار بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەش جەنابی مولکدار ئەمر و فەرمانی چی بێت بە گوێرەی ئەوە کارەکە دەکرێت.

لە ١٥ موحەررەم ١٢٦٩



18 رەمەزان	00150.00037	A.MKT.NZD.

بۆ نەزارەتی دارایی
لە ئەیالەتی موسڵ قەزای زێبار دانیشتووانی ناحیەکانی پرادۆست و گەردی و شێروان و شەمدینان و مزوری باڵا، باجی ساڵانی کۆن لەگەڵ ئەوانەی ماونەتەوە کەڵەکەبوونە، بۆ وەرگرتنی ئەو داهاتانە بە شێوەیەکی کاتی مۆڵەت دراوە بەکار بهێنرێت، بۆ تاکەکان یەك یوك و ٣٠٠٠ قوروش مووچە رێکخراوە لە بارەی جێبەجێ کردنی لە خەزینە لەگەڵ راپۆرتی گشتگیری ئەنجوومەنی ژمێریاری داواکاری دارایی دراوەتە ئەنجوومەنی والا، ئەو مووچەیەی کە دەدرێتە ئەو کەسانە، بە گوێرەی نیزامی خەزینە جێبەجێ کردنی دژی یەکترە، ئەو ئاقچەی پێیان دەدرێت زیاترە، ئەو کەسانەی ئەو ماوەیەی بە کارەکە هەڵدەستن، ئەو ئاقچانەی دەستیان دەکەوێت، پێویستە بزانرێت برەکەی چەندە، بۆ بەدواداچوونی تۆمارکراوەکە لەم بارەیەوە نووسراو بۆ سەروو کراوە، راپۆرتی ناوبراو و داواکاریەکە بە هاوپێچ نێردراوە، هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.



هەواڵنامەی کتێب

MVL.	00353.00098	6 زیلحیجە 1273

بریارنامە
لە ٦ زیلحیجە ١٢٧٣
ئەو راپۆرتەی لە نەزارەتی دارایی لە مێژووی ١٤ زیلقەعدە ١٢٧٣ دراوەتە ئەنجوومەنی والا، راگەیەندراوە و مۆڵەت دراوە، لە قەزاکانی ئەیالەتی موسڵ قەزای زێبار بە مووچەی ٥٠٠ قوروش بە فەرمانی پاشا رێگە دراوە، کاتبی بەرێوەبەر بە هەڵبژاردن ناو و مانگانەی ئاماژەی پێ بکرێت، لە وەڵامی بریارنامەی سامی ئەو بریارنامەی لە ئەنجوومەنی ناوەخۆ هاتووە، قەزای ناوهاتوو دانیشتووانەکەی کوردن، ئەو کاتیبەی کە دەبێت لەوێ بێت پێویستە هەم زمانی تورکی هەم زمانی کوردی بزانێت، هەروەها لە کاتیبەکانیش یوسف ئەفەندی ئاشنای ئەو زمانانەیە، هەر لە سەرەتای ساڵی ١٢٧٢ تشرینی دووەم بە برێك مووچەی دیاریکراو کاتیبی ناوهاتوو هەروەها لە ئەیالەتی ناوبراو چەند ساڵێکە کاتیب محەمەد ئەفەندی بە مووچەی ٣٠٠ قوروش لە قەسەبە دامەزراندنی کۆتایی پێ هاتووە، بەم شێوەیە مۆڵەت نیشان دراوە کە مووچەکانیان بە باجی دانیشتووان دابین بکرێت و ناوبراوان یوسف ئەفەندی لە مێژووی دیاریکراو و محەمەد ئەفەندی بە نووسراوی رۆیشتووی زیادەی ئەرکەکەی لە ماوەی دەست بەکاربوونیەوە بە مووچەی دیاری کراوی باسکراودا لە ئەرکی کاتیب دەست بە کار بن، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە لە نەزارەتی ناوهاتوو حەواڵە کراوە و لە ئەنجوومەنی والا نووسراوی بۆ کراوە.



A.}MKT.UM.00306.00037.001

18 جەمادی کۆتایی 1274	00306.00037	A.MKT.UM.

لە مێژووی ١٨ جەمادی کۆتایی ١٢٧٤ نووسراو بۆ موسڵ نێردراوە
نووسراوەکانی مۆر کراوە
لـە سـەربازی نیزامیـەی شـاهانە بـە بینباشـی خانەنشـین کـراوە، لەبـەر بەرێوەبەرایەتیکردنـی قـەزای زێبار بۆ چۆنیەتـی مووچەکـەی لەسـەر عەسـکەر نـووسراو کـراوە، پارچە ١
نووسراوی بە مۆر، پارچە ٣



İ.DH.00388

3 سەفەر 1274	00388.025653	I.DH.

بۆ جەنابی دەوڵەت
لە ئەیالەتی حەلەب لەو قەزایانەی کە ناویان دیاریکراوە، لە ئەیالەتی موسڵیش لە سانجەقی زێبار و سانجەقی چەلدر، قەزاکانی ئەردەهان و سانجەقی ئایدن داهاتی دە یەك (عشر) و رسوماتی جۆراجۆر کراوەتە راپۆرت و لەگەڵ شوێنگرەوە (بدل) حەواڵەی داواکارەکان کراوە، بۆ ئەوەی رابگەیەندرێت و پێشکەش بکرێت لە نەزارەتی دارایی جەلیلە چوار پارچە نووسراو بەیەکەوە لەگەڵ پوختەکانیان بەیەکەوە بۆ جەنابی ملوکانە نێردراوە، لە بارەی حەواڵەی داهاتی ناوهاتوو بە راپۆرت پێشکەشی نەزارەتی ناوهاتوو دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە جەنابی شاهنشاهی لە فەرمانی پاشا چ بفەرموێت، بە گوێرەی ئەوە دەست بە کار دەکرێت، لە ٣ سەفەر ١٢٧٤.



I.MVL.00407

25 ڕەبیعی کۆتایی 1275	00407.017684	I.MVL.

ئەو ڕاپۆرتەی لە مێژووی ١٠ ڕەبیعی یەکەم ١٢٧٥ لە نەزارەتی دارایی جەلیلە دراوەتە ئەنجوومەنی والا ڕاگەیەندراوە و ڕەزامەندی دراوە لە ناو ئەیالەتی موسڵ قەزای زێبار بۆ چاکسازی کردنی بارودۆخەکەی و بۆ دەست هێنانەوەی پارەوپولی کۆن و نوێی، سەرکردە عەزیز ئاغا و عارس ئاغا بە شێوەیەکی کاتی بە هاوکاری بڕێکی دیاریکراو لە کەسی جۆراوجۆر ئەرکیان پێ دەسپێردرێت و بۆ ئەم مەبەستەش ٦٠٠٠ قوروش مووچەیان بۆ دەبردرێتەوە، هەروەها بۆ کەسانی ناوهاتوو ئەو مۆڵەتەی پێیان دەدرێت ئاشکرا و ڕوونە، بە ڕاپۆرتێك باس کراوە و بۆ جێبەجێ کردنی لە نەزارەتی ناوهاتوو حەوالەی ئەنجوومەنی والا کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ٢٥ ڕەبیعی کۆتایی ١٢٧٥



هەواڵنامەی کتێب

MVL.	00751.00074	23 رەبیعی یەکەم 1275

داواکاری
٤١٢
لە ١٦ رەبیعی یەکەم ١٢٧٥
ئـەو راپۆرەتـەی لـە ١٠ رەبیعـی یەکـەم ١٢٧٥ لـە نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە دراوەتـە ئەنجوومەنـی والا، راگەیەنـدراوە و رەزامەنـدی دراوە، لـە ئەیالەتـی موسـڵ قـەزای زێبـار بەهـۆی چاکسـازی بارودۆخەکـەی و دەسـتکەوتنی پارەوپولـی کـۆن و نـوێ، سـەرکردە عەزیـز ئاغـا و عارس ئاغـا بە هـاوکاری کەسـانێکی دیاریکراو لـە کەسـانی جۆراوجـۆر، ٦٠٠٠ قـوروش مووچەیـان بـۆ براوەتـەوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی لـە شـوێن خـۆی کۆتایـی پـێ هاتـووە، هەروەهـا بـۆ کەسـانی ناوهاتـوو مۆڵـەت دراوە، بە ئاشـکرا بری پـارەی دیاریکـراو لەگەڵ راپۆرتێکـی نـووسراو لـە نەزارەتـی ناوهاتـوو حەواڵـەی ئەنجوومەنـی والا کـراوە تـا جێبەجـێ بکرێـت.



İ.MVL.00433

I.MVL.	00433.019095	15 زیلحیجە 1276

راگەیەندراوی بەندەتانە

بەڕێوەبەری قەزای زێبار، خەلیل بەگ نووسین و خوێندنەوەی نییە، لە زمانی خۆی زیاتر ئاشنای زمانێکی تر نییە، ناوبراو تەنیا زمانی تورکی دەزانێ، لەبەر ئەوەی زمانی تر نازانێ، بۆیە لە شوێنەکەشی ناگونجێت، لەگەڵ دەست بەکاربوونی لە کاروبار و چاکسازیەکانیەوە تا ئەمڕۆ هیچ شتێکی سەرکەوتووی نەبووە، ئەگەر ئێستا بە پێویست نەزانراوە کە بگۆڕدرێت و دووربخرێتەوە، ئەوا لەبەر گرنگی شوێنەکە ناوبراو دووربخرێتەوە و لە شوێن ئەو کەسێکی ئاشنا و کەسێکی بە ئەزموون دابمەزرێت، لە قایوجی باشی ریکابی هومایۆنی شاهانە و ئەندامی ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە، عەبدولرەحمان بەگ زمانی کوردی و تورکی و عەرەبی دەزانێت و هەر خۆشی کەسێکی لێهاتووە، بۆ کاری بەڕێوەبەرایەتی کەسێکی بە توانایە، هەرچی خەلیل بەگیشە ئەوا تا ئێستا هیچی نەبینراوە، بەڕێوەبەری ناحیەی تەلەعفەر حەسەن ئەفەندی هێشتا لەگەڵ دانیشتووانەکەی رانەهاتووە، بۆیە بگۆڕدرێت، عەبدولرەحمان بەگ بە مووچەی ئێستای کە ١٢٥٠ قوروش لە سەرەتای مایسی ساڵی ١٢٧٦ بە بەڕێوەبەری قەزای زێبار دەست بەکار بێت و خەلیل بەگیش بە مووچەی ١٠٠٠ قوروش وەکو بەڕێوەبەری تەلەعفەر دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ئەنجوومەنی گەورە لە کاتی دەنگدان جێبەجێ کراوە، بە نووسراو بۆ خەزینە نێردراوە لە مێژووی ناوهاتووەوە وێنەی مووچەکانیان پەسەند کراوە و نووسراویان بۆ کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٣ شەوال ١٢٧٦.



İ.DH.00796

I.DH.	00796.064582	2 موحەررەم 1297

بۆ جەنابی دەوڵەت

لە ویلایەتی موسڵ بە گوێرەی ئەو ئاماژەی کراوە، لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردن چۆتە قەڵەم، لەگەڵ هاوپێچەکەی لە کاغەزی وەرگێردراو بەیەکەوە پێشکەش کراوە، دوو پارچە داواکاری بە شێوەیەکی ئاشکرا نووسراوە، لە ناو سانجەقی موسڵە، لەبەر پەرێشانی و رەزیل بوونیەوە بۆ دوو بەش، بەش کراوە، ناحیەی زێبار بەهۆی گرنگی شوێنەکەی دانانی قائیمقامیەتێك بۆ قائیمقام و فەرمانبەر و کارگێریەکەی پێویستی بە داهاتە، ٣٢٨٠ قوروش لە موازەنەی ساڵی ١٢٩٥ نووسراوەتەوە، رێکخستنی لە ژێر فەرمانی پاشا بووە، هەروەها ئەمجارە ناحیەی ناوهاتوو لەبەر رووداوی شێخ عوبیدوڵڵا ئەفەندی قاتێکی تر گرنگیەکەی زیادی کردووە، قەزای ناوهاتوو بەپەلە رێکخستنی کارگێری بۆ بکرێت، ئەوەی ناوی هاتووە بۆ قائیمقامیەتی قەزای زێبار لە میرەکانی جاف بەرێوەبەری پێشووی ناحیەی سەرچنار محەمەد بەگ لە داهاتی باسکراو بە مووچەی ١٤٠٠ قوروش دابمەزرێت، بە بریاری پێشوو داهاتی باس کراو لە موازەنەی ئەم ساڵەی باسکراوە تۆمار بکرێت، هەروەها رێکبخرێت و پێی بدرێت، لە ٢ موحەررەم ١٢٩٧.



هەواڵنامەی کێبڕ

ŞD.	02153.00009	1 رەبیعی یەکەم 1298

ژمارە ٢٧
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
راگەیەندراوی بەندەیە
مستەفا ئاغا زێباری مردووە قۆناغەکەی لەلایەن کوڕەکەی بە ٢٠ هەزار قوروش فرۆشراوە، ناوبراوی کۆچکردوو قەرزاری میریە، بۆیە ئەو برە پارەیە بۆ میری هەژمار کراوە، هەروەها ئەو شوێنانەی کە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە، بە ٤ هەزار قوروش نۆژەن دەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی بردنی قۆناغی حکوومەت لەلایەن دەستەی قەزای زێبار پێویستی بە مۆڵەتە، بۆ ئەم مەبەستە داواکاری لە مێژووی ٢١ شەوال ١٢٩٧ ژمارە ١٢ پێشکەش کراوە، هێشتا وەڵامی سەروو نەهاتووە، ئەو بابەتەش لە شوێن خۆی بەردەوام دووپات دەکرێتەوە، بۆیە بوێری کراوە کە دووبارە داوای مۆڵەتی نەزارەتپەناهی کراوەتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١ رەبیعی یەکەم ١٢٩٨ و لە ٢٠ کانوونی دووەم ١٢٩٦.

محەمەد مونی بریکاری والی موسڵ



I.DH.	00856.068610	3 ره‌جه‌ب 1299

لە ناو ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای زێبار محەمەد بەگ بە گوێرەی پێویست لە چینی پێنجەم بۆ قائیمقامیەتی عەقرە هەروەها قائیمقامی عەقرەش عەبدولرەزاق ئەفەندی هەروەکو ئەو لە چینی سێیەم بۆ قائیمقامیەتی زێبار گۆرینەوەی شوێنەکانیان کراوە، هەروەها کاغەزی وەرگێراوی محەمەد بەگ پێشکەش کراوە، پەسەندکردنی گۆرینەوەی شوێنی ئەرکەکەیان لە ویلایەتی موسڵ پێشکەش کراوە و حەواڵەی قۆمیسیۆن کراوە، داواکاری لە سەرەتای موحەررەم ١٢٩٩ ژمارە ٩ راگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە، لەگەڵ مووچەی دیاریکراویان پەسەند کراوە، هاوپێچ لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراو پێشکەش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٣ ره‌جه‌ب ١٢٩٩ و ٨ مایس ١٢٩٨.



Y.PRK.ASK.00016.00027.001

Y.PRK.ASK.	00016.00027	30 ره‌بیعی یه‌که‌م 1300

وێنـه‌ی ئـه‌و ته‌له‌گرافنامه‌یـه کـه له سـه‌ر عه‌سـکه‌ره‌وه له ژێر موشـیره‌تی له‌شـکری هومایۆنی شه‌شـه‌م هاتووه لـه قـه‌زای زێبـار بـۆ چاکسـازی کردنـی ئـه‌و کاره نه‌گونجاوانه‌ی سـه‌ری هه‌ڵداوه و بـۆ گه‌رانه‌وه‌ی سـه‌قامگیری ئاسایشـی ناوچه‌کـه، لـه موته‌سـه‌رفیه‌تی موسـڵ داواکـراوه و تێروانینـی ئـه‌وه کـراوه کـه پێویسـتی بـه پەلـه کردنـه، بۆیـه لـه قوماندانیـه‌ت فه‌رمـان دراوه دوو بلـۆك سـه‌ربازی نیزامیـه بنێردرێـت، وه‌کـو زانیـاری راگه‌یه‌نـدراوه، لـه ٢٧ کانوونـی دووه‌م ١٢٩٨.



İ.DH.00868



İ.DH.00868

هەواڵنامەی کتێب

21 موحەررەم 1300	00868.069406	I.DH.

- لە سانجەقی موسڵ عەبدولرەزاق ئەفەندی قائیمقامی قەزای زێبار حەواڵەی قائیمقامیەتی سنجار کرا، شوێنی قائیمقامیەتی زێباریش بەتاڵ دەمێنێتەوە، بۆیە قائیمقامی پێشووی دهۆك, محەمەد نەجیب ئەفەندی دامەزرا، نوسراو لە مێژووی ١٤ رەجەب ١٢٩٩ ژمارە ٩ لە بریکاری ویلایەتی موسڵ حەواڵەی قۆمیسیۆن بوو، هەر چەندە ئاماژەی پێکراوە، بەڵام ناوبراو نەجیب ئەفەندی لە قۆمیسیۆن کەسێکی گونجاو نییە، بۆیە پەسەندکردنی لە ئەرکی فەرمانبەرایەتی بە رێنمایی نوێ بریارێکی گونجاو نییە، بۆ ئەم کارە دەرویش ئەفەندی لە قائیمقامیەتی خوبە جیابۆتەوە و لە چینی سێیەم هەڵبژێردراوە، سەرەتا لە قائیمقامیەتی قەزای قزل کلیسا بە فەرمانی پاشا دانراوە، بەڵام بەهۆی هەندێك هۆکار داوا کراوە بگوازرێتەوە بۆ لایەکەی تر و بگۆردرێتەوە، بۆیە دامەزراندنی ناوبراو گونجاوە، هەروەها وەرگێرانی کاغەزی ناوبراو لەگەڵ نووسراوی هاوپێچ بە دووبارەکردنەوەی بەیەکەوە پێشکەش کراوە، هەر کە لەسەرەوە رەزامەندی درا جێبەجێ دەکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ٢ موحەررەم ١٣٠٠ و لە ١ تشرینی دووەم ١٢٩٨

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

راگەیەندراوی بەندەتانە

ئەمجارە لە ویلایەتی موسڵی جەلیلە و قائیمقامیەتی قەزای زێبار دامەزراوم، بە گوێرەی نیزام پێویستە خەرجی رێگام بۆ دابین بکرێت، لە هەر حاڵەتێکدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢١ موحەررەم ١٣٠٠ و ١٩ تشرینی دووەم ١٢٩٨.

دەرویش قائیمقامی قەزای زێبار



İ.DH.01114

هەواڵنامەی کتێب

18 رەبیعی کۆتایی 1306	01114.087141	I.DH.

بابی عالی
فەرمانگەی ناوەخۆ
ژمارە ١٤٦٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەتانە
دەرویش ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای زێبار لە کاروباری ئەرکەکەی دا لەبەر ئەوەی کارەکانی لەسەرخۆ رایی دەکات، دوور دەخرێتەوە و لە شوێن ئەو قائیمقامی قەزای کۆی سانجەق عەلی رزا ئەفەندی دەگوازرێتەوە، هەروەها لە شوێن ئەویش جەمال ئەفەندی هەڵبژێردراو لە چینی سێیەم هەروەها لە قائیمقامیەت دوور خراوەتەوە دادەمەزرێت، بۆ ئەمەش نووسراو کراوە، بریارنامەش لە قومیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران رێکخراوە، لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردنیشی دراوەتە جەنابی خەلافەتپەناهی، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ١٨ رەبیعی کۆتایی ١٣٠٦ و لە ١٠ کانوونی یەکەم ١٣٠٤
نازری کاروباری ناوەخۆ



İ.DH.01130

I.DH.	01130.088236	7 شەعبان 1306

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
بۆ جەنابی دەوڵەت
لە ناو ویلایەتی موسڵ بەهۆی مردنی عەلی رزا قائیمقامی قەزای زێبار، لە شوێن ئەو قائیمقامی شەترە نەشئەت ئەفەندی بنێردرێت، لە شوێن ئەویش قەدری ئەفەندی هەڵبژێردراو لە چینی سێیەم لە بەرێوەبەرایەتی بدعە دوور خراوەتەوە لە بارەی دامەزراندنیەوە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران بریارنامە دراوە، هەروەها کاغەزی کەسێتی وەرگێردراو هاوپێچ نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆ راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بارەیەوە جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا چ بفەرموویەت جێبەجێ دەکرێت، لە ٧ شەعبان ١٣٠٦ لە ٢٧ مارت ١٣٠٥.

سەدری ئەعززەم



DH.MKT.01577.00040.001

18 ڕەبیعی کۆتایی 1306	01577.00040	DH.MKT.

١٨ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٠٦
دەرویش ئەفەندی قائیمقامیەتی قەزای زێبار بەهۆی تەمبەڵی و بێ دەسەڵاتیەوە دوور بخرێتەوە و لە شوێن ئەو قائیمقامی قەزای کۆی سانجەق عەلی ئەفەندی بۆ ئەوێ بگوازرێتەوە، لە شوێن ئەویش لە چینی سێیەم هەڵبژێردراو لە قائیمقامیەتی فۆدینە جەمال ئەفەندی دوورخراوە دامەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە ئەو داواکاریەی کە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران ڕێکخراوە لەگەڵ کاغەزی وەرگێرانەکەی بەیەکەوە ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردن.



DH.MKT.01595.00042.001

16 جەمادی کۆتایی 1306	01595.00042	DH.MKT.
قائیمقامی زێبار عەلی رزا ئەفەندی بەهۆی مردنیەوە، خانەوادەکەی داوای برینەوەی مووچەیەك دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە داواکاری پێشکەشی ئەنجوومەنی کارگێری سانجەقی بۆلۆ کراوە، ئەو داواکاریە لەگەڵ خشتەی ماوەی خزمەتی رێکخراوە و حەواڵەی نەزارەتی سندوقی خانەنشینی جەلیلە کراوە، ئەگەرچی لە نووسراوەکە دیاریکراوە و راگەیەندراوە، بەڵام هەر لەگەڵ مردنی ناوبراو لێرە بۆ یەك رۆژیش بێت زانیاریەکانی تۆمار نەکراوە، بۆیە پەلە بکرێت لە ناردنی مێژووی کۆچکردنەکەی، بۆ ئەم مەبەستە ئەمر و ئاگاداری دراوەتە ویلایەتی موسڵ، فەرمانی سەروو بۆ جەنابی نەزارەتپەناهیە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٦ جەمادی کۆتایی ١٣٠٦ و لە ٤ شوبات ١٣٠٤.		



DH.MKT.01597.00068.001

DH.MKT.	01597.00068	20 جەمادی کۆتایی 1306

٢٠ جەمادی کۆتایی ١٣٠٦
٩ شوبات ١٣٠٤
بۆ ویلایەتی موسڵ
قائیمقامی قەزای زێبار عەلی رزا ئەفەندی بەهۆی مردنیەوە، خانەوادەکەی بۆ برینەوەی مووچە لە سەر داواکاری ئەنجوومەنی کارگێری سانجەقی بۆلۆ، نەزارەتی سندوقی خانەنشینی جەلیلە ئاماژەی پێکراوە، ناوبراو بەهۆی مردنیەوە بۆ رۆژێك تۆمار و زانیاری نەبووە، مێژووی مردنەکەی بە پەلە رەوانی واڵا بکرێت، بە نووسراو لە جێبەجێ کردنی هیممەت بکرێت.



DH.MKT.01611.00030.001

17 ڕەجەب 1306	01600.00030	DH.MKT.

١٧ ڕەجەب ١٣٠٦
١٨ مارت ١٣٠٥
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
بەهۆی کۆچی دوایی قائیمقامی زێبار عەلی رزا ئەفەندی، لە شوێن ئەو قائیمقامی شەترە، نەشئەت ئەفەندی دابنرێت و بگوازرێتەوە، هەروەها لە شوێن ئەویش لە چینی سێیەم قەدری ئەفەندی کە هەڵبژێردراوە و لە بەرێوەبەرایەتی ..... جیابۆتەوە، دامەزرێت. ئەو داواکاریەی دراوەتە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران، هاوپێچ لەگەڵ کاغەزی وەرگێراوی راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردن و وەرگرتنی ڕەزامەندی جەنابی فەخامەتپەناهیە.



DH.MKT.01617.00119.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.	01617.00119	8 شەعبان 1306

٨ نیسان ١٣٠٥
تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی بەسرە و موسڵ
قائیمقامی شەترە، نەشئەت ئەفەندی بگوازرێتەوە بۆ قائیمقامیەتی زێبار، لە شوێن ئەویش قەدری ئەفەندی دابمەزرێت، لە مێژووی ٨ شەعبان ١٣٠٦ فەرمانی پاشای لەسەر دراوە.



DH.MKT.01617.00122.001

DH.MKT.	01617.00122	**19 شەعبان 1306**

لە گواستنەوەی تاهیر ئەفەندی بۆ قائیمقامیەتی قەزای زێبار پاشگەزبوونەتەوە و لە شوێن ئەو قائیمقامی شەترە، نەشئەت ئەفەندی دەگوازرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە داواکاری پێشکەشی قۆمیسیۆن کراوە، لەسەر ئەوەش فەرمانی پاشا دەرچووە، لە ١٠ شەعبان ١٣٠٦ بە گوێرەی نووسراوی سەدری ئەعزەمی سەدارەت لە ئەرکەکەی دادەنرێت.
لە مێژووی ٨ نیسان ١٣٠٧ بە تەلەگراف موسڵ ئاگادار کراوەتەوە



29 شەعبان 1306	01620.00087	DH.MKT.

٢٩ شەعبان ١٣٠٦
١٨ نیسان ١٣٠٥
بۆ ویلایەتی موسڵ
لە سانجەقی مونتەفیك قائیمقامی قەزای شەترە، بۆ قائیمقامیەتی قەزای زێبار دادەمەزرێت و سەرەتا بە تەلەگراف ئاماژەي پێکراوە، کاتێك نەشئەت ئەفەندی دەگاتە شوێنی کارەکەی و دەست بە کارەکەی دەکات لەگەڵ مێژووی دەست بەکار بوونی بە شێوەیەکی تۆمارکراو مانگانە ١٢٥٠ قوروش وەکو مووچە بۆی ببڕێتەوە، بۆ ئەمەش تۆماری ڕێکخراوە، بۆ جێبەجێ کردنەکەشی ئاماژە بۆ سەروو نێردراوە و لە نەزارەتی ژمێریاریش راگەیەندراوەکە باسکراوە، بۆ جێبەجێ کردن هیممەت بکرێت.



DH.MKT.01622.00004.001

8 ڕەمەزان 1306	01622.00004	DH.MKT.

بۆ برینەوەی مووچە پۆ خێزانەکەی لە ئەنجوومەنی کارگێری سانجەق بە داواکاری ئاماژەی پێکراوە، لە ناو ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای زێبار، کۆچکردوو عەلی رزا ئەفەندی لە سەرەتای خزمەتی بۆ دەوڵەت لە تەمەنی چەند دەستی پێکرد و لە چ مێژوویەك کۆتایی پێ هات تا مردنی، مێژووی دەست کردن بە ئەرکەکانی هەر یەك لەمانە بە مێژوو دیاری کراوە و هۆکاری دوور خستنەوەی هەروەها ئەو مووچەی وەریگرتووە لەگەڵ برەکەی دیاری کراوە، بە گوێرەی ڕێکخستنی ماوەکەی لە خشتە دیاریکراوە، لەگەڵ کاغەزەکانی نێردراوە، ئەمەش لە ژمێریاری باسکراوە و لەم بارەیەوە سێ پارچە کاغەزی لوولدراو لەگەڵ خشتەکە نێردراوە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، لە ١٤ جەمادی یەکەم ١٣٠٦ و لە ٤ کانوونی دووەم ١٣٠٤.



DH.MKT,01622.00060.001

9 ڕەمەزان 1306	01622.00060	DH.MKT.

٩ ڕەمەزان ١٣٠٦
٢٧ نیسان ١٣٠٥
بۆ ویلایەتی موسڵ
قائیمقامی قەزای زێبار عەلی رزا ئەفەندی بە هۆی مردنیەوە، بۆ ئەوەی لە شوێن ئەو قائیمقامی عەقرە، تاهیر بەگ دابمەزرێت نووسراو لە مێژووی ٢٨ مارت ١٣٠٥ ژمارە ١٠ هاتووە، حەواڵەی قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران بووە، لەبەر ئەوەی تاهیر بەگ لە هەڵبژێردراوان نییە، لە بەسرا قائیمقامی شەترە نەشئەت ئەفەندی بۆ قائیمقامیەتی زێبار بگوازرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە فەرمانی پاشای جەنابی پاشا مۆڵەت دراوە، لەگەڵ تەلەگرافنامەی ٨ نیسان ١٣٣٥ سەروو ئاگادار کراوەتەوە، ناوبراو تاهیر بەگ لە قائیمقامیەتی عەقرە دەمێنێتەوە و نووسراو بۆ ئەم مەبەستە کراوە.



DH.MKT.01641.00127.001

هەواڵنامەی کێبڵ

DH.MKT.	01641.00127	25 زیلحیجە 1306

٢٥ زیلحیجە ١٣٠٦
١١ تەممووز ١٣٠٥
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
قائیمقامی قەزای کۆی سانجەق جەمال ئەفەندی لەگەڵ قائیمقامی زێبار، نەشئەت ئەفەندی سەبارەت بە گۆرینەوەی ئەرکەکانیان بە تەلەگراف لە ویلایەت کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام ئەو بابەتانە لەگەڵ داواکاری ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت نێردراوە، بە گوێرەی مادەی ٣٠ی بریارەکانی نیزامنامە و سەیرکردنی لەم فەرمانەدا پێویستە بە داواکاری کۆتایی پێ بێت، بە نووسراوی والاش لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی ئەرکەکان باسکراوە، بۆ ئەم کارەش هیممەت بکرێت.



DH.ŞFR.00144.00047.001

DH.ŞFR.	00144.00047	**4 زیلحیجە 1307**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بە ڕێگەی پۆستەوە روون کراوەتەوە، ئاسایش و ئەمنیەتی زێبار لەلایەن ئاغاکانەوە هەڕەشە لێکراو بوو، بەهۆی ناکۆکی و هێرشکردنە سەر یەکتر، بە پێشخستنی پاراستنی ئاسایش و ئەمنیەت، ئاسایش و ئەمنیەت مسۆگەر بوو، فەرمان راگەیەندراوە، لە ١٠ تەممۆز ١٣٠٦.
تاهیر والی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب

24 رەبیعی یەکەم 1307	00895.00061	ŞD.

فەرمانگەی خانەنشینی فەرمانبەران
ژمارە ٣٣٨١
لە ناو موسڵ قائیمقامی مردووی قەزای زێبار عەلی رزا ئەفەندی لەلایەن خێزانەکەی مەنشورە خانم خۆی و کچەکانی سەحرا خانم و زەکیە خانم هەروەها کوڕەکانی رزا ئەفەندی و زیا ئەفەندی لەسەر داواکردنیان، مووچەیان بۆ براوەتەوە، لە سانجەقی یۆلۆ بە داواکاری داواکاریەکە و خشتەی ماوەی خزمەت لەم بارەیەوە نووسراو لە ژمێریاری رێکخراوە، ژمارەکە بە کۆکردنەوەی لە پەراوێز ووردبینی بۆ کراوە.
مێژووەکانی ئەرکی خزمەتکردنی ناوبراو لەگەڵ ئەو مووچانەی وەریگرتووە و برەکەشی لە مێژووی مردنی لە ١ ئەیلوول ١٣٠٤ بە بریاری فەرمانبەرانی دەوڵەت پشت بەستن بە ماددەکانی ٣٥ و ٣٦ و ٣٩ دوای زیادکردن و کەمکردنەوە ئەوەی شایەنیانە ١٥٠ قوروشە، ئەو مووچەیە لە نێوانیان دابەش دەکرێت، هەر یەکە ٣٠ قوروشی بەر دەکەوێت، لە بارەی ئەو مووچەوە بە ماددەی ٣٥ مامەڵەکە جێبەجێ دەکرێت، نووسراو بۆ سندوقیش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٤ رەبیعی یەکەم ١٣٠٧ و لە ١١ تشرینی دووەم ١٣٠٥.



İ.DH.01169

26 جەمادی کۆتایی 1307	01169.091381	I.DH.

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
بۆ جەنابی دەوڵەت
لە ناو ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای کۆی سانجەق، جەمال ئەفەندی لەگەڵ قائیمقامی قەزای زێبار، نەشئەت ئەفەندی لەسەر ئاماژەی ناوەخۆ نووسراو کراوە بۆ ئەوەی ئەرکەکەیان بگۆردرێتەوە، بریارنامە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران رێکخراوە و نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردنیشی نووسراو لە نەزارەتی ناوەخۆ رێکخراوە و پێشکەش کراوە، بە هەر شێوەیەك بێت ئەمر و فەرمانی هومایۆنە، هەر چییەك بفەرموویت نوسراو دەکرێت بۆ جێبەجێ کردنی، لە ٢٦ جەمادی کۆتایی ١٣٠٧ لە ٤ شوبات ١٣٠٥.

سەدری ئەعززەم



DH.MKT.01658.00116.001

هەواڵنامەی کتێب

22 موحەررەم 1307	01658.00116	DH.MKT.

٢٢ موحەررەم ١٣٠٧
٦ ئەیلوول ١٣٠٥
بۆ ویلایەتی موسڵ
عەلی رزا ئەفەندی کە قائیمقامی قەزای زێبار بوو دوای مردنی لە ساڵی ١٣٠٤، لە مووچەی ٨٠٠ و هەندێك قوروش ماوەتەوە، لە رێکخستنی برە پارەی ناوبراو دەدرێتە میراتگری کۆچکردووی ناوبراو، بۆ ئەم مەبەستە داواکاری لە نەزارەتی دارایی جەلیلە نێردراوە بە تکا کردن داوا کراوە، ئەو مووچەیەی کە هەیبووە، ئەوەی ماوەتەوە و کۆبۆتەوە، یاخود ئەگەر هەیە لە چەند قوروش پێك دێت، ئاماژەی پێکراوە ئەو مووچەیەی کەڵەکەبووە، بدرێتە میراتگرەکەی، لەم بارەیەوە سەروو ئاگادار کراوەتەوە و لە نەزارەتی ژمێریاری باسکراوە، فەرمان دراوە هیممەت بکرێت.



DH.MKT.01696.00071.001

DH.MKT.	01696.00071	**17 جەمادی کۆتایی 1307**

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
١٧ جەمادی کۆتایی ١٣٠٧
٢٧ کانوونی دووەم ١٣٠٥
قائیمقامی قەزای کۆی سانجەق، جەمال ئەفەندی لەگەڵ قائیمقامی قەزای زێبار نەشئەت ئەفەندی بۆ گۆرینەوەی ئەرکەکانیان بە داواکاری لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ ئاماژەی پێکراوە، لەسەر ئەو ئاماژە پێکردنە نووسراو کراوە، داواکاریەکە بە هاوپێچ پێشکەشی قەڵەمی قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران، بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت.



DH.MKT.01707.00024.001

DH.MKT.	01707.00024	19 رەجەب 1307

١٩ رەجەب ١٣٠٧
٢٧ شوبات ١٣٠٥
بۆ ویلایەتی موسڵ
قائیمقامی قەزای کۆی سانجەق، جەمال ئەفەندی لەگەڵ قائیمقامی قەزای زێبار، نەشئەت ئەفەندی بە تەلەگراف زانیاری دراوە بە گۆرینەوەی ئەرکەکەیان، هەر لەگەڵ مێژووی دەست پێکردنی ئەرکەکەیان ئەوا بە گوێرەی تۆمار هەر یەکەیان مانگانە ١٢٥٠ قوروش مووچە وەردەگرن، لەوێ لەگەڵ جێبەجێ کردن بە مێژووی ناوهاتوو لەلایەنی سەروو نووسراو نووسراوەتەوە لە نەزارەتی ژمێریاری باسکراوە، فەرمان دراوە هیممەت بکرێت.



DH.MKT.01723.00070.001

22 ڕەمەزان 1307	01723.00070	DH.MKT.

٢٢ ڕەمەزان ١٣٠٧
٢٩ نیسان ١٣٠٦
بۆ ویلایەتی موسڵ
قائیمقامی قەزای زێبار، عەلی رزا ئەفەندی مردوو، لە ساڵی ١٣٠٤ لە قەزای ناوهاتوو لە سندوقی دارایی هەقی مانگ و نیوێکی هەیە، ١٨٠٠ قوروش و هەندێك بە ڕێگەی ویلایەت لە قەزای ناوهاتوو دەهێنرێت، ئەمەش دوای ئەوەی داواکاری بە مۆر لەلایەن خێزانەکەی بە ناوی مەنشورە، بەرز کراوەتەوە و داوای کردووە، بۆ جێبەجێ کردنیشی نووسراو بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە نێردراوە، بۆ خەرجکردنیشی داوای هیممەت کراوە.



İ.DH.01208

6 جەمادی یەکەم 1308	01208.094544	I.DH.

بابی عالی
فەرمانگەی ناوەخۆ
ژمارە ٥٣٢
قائیمقامی قەزای زێبار جەمال ئەفەندی کۆچی دوایی کردووە، تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ دەرچووە و بە حەواڵە کردنی خوێندراوەتەوە دەرکەوتووە، عەبدوڵڵا ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای ناوبراو بەرێوەبەری پێشووی ناحیەی نیف بووە، دوای تاقیکردنەوە لە قۆمیسیۆن هەڵبژاردننامەی قائیمقامیەتی چینی سێیەمی پێ دراوە، نووسراو کراوە بە دامەزراندنی عەبدوڵڵا ئەفەندی جگە لەمەش وەرگێراوی پەسەندکراوی پێشکەش کراوە، لەگەڵ پەسەند کردنی لە جەنابی نەزارەتپەناهی جێبەجێ دەکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٦ جەمادی یەکەم ١٣٠٨ و لە ٦ کانوونی یەکەم ١٣٠٦.



DH.MKT.	01771.00037	کۆتایی سەفەر 1308

کۆتایی سەفەر ١٣٠٨
٢ تشرینی یەکەم ١٣٠٦
بۆ ویلایەتی موسڵ
بە پێویست زانراوە لە قەزای زێبار لە قۆناغی حکوومەت بە مووچەی ٥٠ قوروش یەك ژوورەچی دامەزرێت، لە بارەی جێبەجێ کردنی کارەکە لە مێژووی ٢٥ تەممووز ١٣٠٦ ژمارە ٣٥ نووسراو هاتووە و بە حەواڵە کردنیەوە پەراوێزی نەزارەتی ژمێریاری لەسەر نووسراوە، کە لە دەرەوەی موازەنە بە فەرمانی پاشا خەرج کردنی قەدەغەیە، نیشانی داوە کارەکە ناکرێت.



DH.MKT.01798.00129.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.	01798.00129	کۆتایی جەمادی یەکەم 1308

کۆتایی جەمادی یەکەم ١٣٠٨
٣٠ کانوونی یەکەم ١٣٠٦
نەزارەتی دارایی جەلیلە
قائیمقامی پێشووی قەزای زێبار جەمال ئەفەندی مردوو بۆ ئەوەی مووچە بۆ خانەوادەکەی ببرێتەوە، خشتەی ماوەی خزمەتی رێکخراوە و تۆمار کراوە، لە بارەی مێژووی ئەرکەکانی لە دانان و دوورخستنەوەی و بری مووچەکانی بە لێکۆڵینەوە ئاماژەی پێکراوە، بە نووسراوێکی هاوپێچ دەفتەرەکەی لە قەڵەم نێردراوە، بۆیە بەپەلە هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.



DH.MKT.01805.00105.001

DH.MKT.	01805.00105	24 جەمادی کۆتایی 1308

٢٤ جەمادی کۆتایی ١٣٠٨
٢٣ کانوونی دووەم ١٣٠٦
بۆ ویلایەتی موسڵ
وەکو قائیمقام لە قەزای زێبار دامەزرا، لە تەلەگرافنامەی ٢ کانوونی دووەم ١٣٠٦ فەرمان دراوە لە چینی سێیەم عەبدوڵڵا ئەفەندی لە مێژووی دەست بەکار بوونی تۆمار کراوە مانگانە ١٢٥٠ قوروش مووچەی بۆ دابین دەکرێت، لە مێژووی نووسراوەوە ئەو مووچەیەی مانگانە وەریدەگرێت نیوەی بە پێی بریارنامە دەدرێتە نەزارەتی سندوقی خانەنشین، هەروەها مووچەی ناوهاتوو ١٠٪ ی بە یەك جێ دیاری کراوە دەنێردرێتە قۆمیسیۆن، بۆ خەرجی رێگاش ١٩٢٦ قوروش لە پارەی ناوەخۆ رێکدەخرێت و خشتەی خەرجی بۆ دەکرێت بۆ ئەمەش سەروو ئاگادار دەکرێتەوە و لە ژمێریاری ئاماژەی پێکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش هیممەت بکرێت.



DH.MKT.01821.00081.001

هەواڵنامەی کتێب

14 شەعبان 1308	01821.00081	DH.MKT.

١٤ شەعبان ١٣٠٨
١٢ مارت ١٣٠٧
بۆ نەزارەتی سندوقی خانەنشینی جەلیلە
قائیمقامی مردووی قەزای زێبار، جەمال ئەفەندی، خانەوادەکەی داوایان کردووە مووچەیان بۆ ببڕێتەوە، بەو داواکاریەی کە پێشکەشیان کردووە حەواڵە کراوە، خشتەی ماوەی ئەرکەکانی ڕێکخراوە لەگەڵ کاغەزەکانی تری هاوپێچ نێردراوە، بە پشت بەستن بە بریارەکانی بریارنامەی تایبەتی لە بارەی جێبەجێ کردنیەوە فەرمان دراوەتە سەروو.



20 شەعبان 1308	01823.00049	DH.MKT.

٢٠ شەعبان ١٣٠٨
١٨ مارت ١٣٠٧
بۆ نەزارەتی دارایی
قائیمقامی کۆچکردووی قەزای زێبار عەلی رزا ئەفەندی لە ساڵی ١٣٠٤ لە قەزای ناوبراو لە سندوقی دارایی پارەی کەڵەکەبووی مانگێك و نیوی هەیە، کە دەکاتە ١٨٠٠ و هەندێك قوروش، بۆ هێنانی لە قەزای ناوبراو، لەلایەن خێزانی کۆچکردووی ناوبراو داواکراوە بهێنرێت، بۆ جێبەجێ کردنیشی بە نووسراو ئاماژەی پێکراوە، ئەو ئاگادارکردنەوەی پێشووتر نێردراوە، لە وەڵامدا لە ویلایەتی موسڵ نووسراو وەرگیراوە، پارەی کەڵەکەبووی ناوبراو لە ١٨٩٠ قوروش و ٢٦ پارە، تەنیا ٦٢٥ قوروش سەر بە سندوقی خانەنشینی مولکیەیە، نیوەی مووچەی مانگانەکەیەتی هەروەها ٦٠٣ قوروش و ٢٣ پارەش لە ٥٪ ی وەستێنراوە، لەگەڵ کەمکردنەوەی ١٢٠٨ قوروش و ٣ پارە رەوان دەکرێت، بە پەسەندکردنی میراتگرانی کۆچکردووی ناوبراو لەلایەن خانەوادەکەیەوە یەك پارچە راگەیەندراوی شەرعی لەگەڵ وەرگرتنی سەنەدی وەرگرتن ئاماژەی پێکراوە، هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.



DH.MKT.01901.00075.001

13 جەمادی یەکەم 1309	01901.00075	DH.MKT.

١٣ جەمادی یەکەم ١٣٠٩
٣ کانوونی یەکەم١٣٠٧
بۆ ویلایەتی موسڵ
جەمال ئەفەندی کە قائیمقامی قەزای زێبار بووە بەهۆی کۆلێراوە کۆچی دوایی کردووە، پێشەکی ئەم هەواڵە بۆ سەروو نێردراوە کە ناوبراو بەهۆی کۆلێراوە نەمردووە، بەڵکو ئەو کاتەی لەسەر ئەرکەکەی بووە لەلایەن هەندێك چەتەوە کوژراوە، لەگەڵ گەیشتنی ئەو هەواڵە هەندێك ووتە وەرگیراوە و بانگکراو هەبووە، لەلایەنی خێزانی ناوبراوی مردوو ناجیە خانم داواکاری پێشکەش کراوە، دوای لێکۆڵینەوەش لە بابەتەکە، هەواڵەکە پشت راست کراوەتەوە، پەلە بکرێت بۆ کاری پێویست.



DH.MKT.01917.00098.001

2 ڕەجەب 1309	01917.00098	DH.MKT.

٢ ڕەجەب ١٣٠٩
٢٠ کانوونی دووەم ١٣٠٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
قائیمقامی قەزای شەهربازار عەبدولقادر بەگ بەهۆی ئەوەی لە کاتی جموجۆڵی ناپەسەندی پشدەرەکان هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە، هەروەها قائیمقامی قەزای زێبار عەبدوڵڵا ئەفەندی بەهۆی خواردنەوەی، مانەوەیان گونجاو نییە، بۆ ئەم مەبەستە بۆ قائیمقامی شەهربازار قائیمقامی رانیە، عەبدولرەحمان بەگ کە لە کارەکەی دوور کەوتۆتەوە، دائمەزرێت، بۆ قائیمقامیەتی زێباریش کەسێکی گونجاو هەڵبژێردرێت و مۆڵەتی پێ بدرێت، ئەگەر چی لە ویلایەتی موسڵ ئاماژە بە ئەوە کراوە، بەڵام عەبدولرەحمان بەگ هەڵنەبژێردراوە و ئەوەی تریش خودی خۆی دانەمەزراوە، بۆیە بۆ قائیمقامیەتی شەهربازار لە چینی سێیەم، عارف هەڵبژێردراوە و بۆ قائیمقامیەتی زێباریش لە هەمان چیندا حاجی سەعید ئەفەندی هەڵبژێردراوە کە لە قائیمقامیەتی سیلوان دوور کەوتۆتەوە، بۆ دەست کردن بە ئەرکەکانیان نووسراو کراوە، لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەر داواکاری لەگەڵ دوو پارچە نووسراوی وەرگێردراو نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردن.



DH.MKT.01931.00055.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.	01931.00055	**11 شەعبان 1309**

١١ شەعبان ١٣٠٩
٢٧ شوبات ١٣٠٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
قائیمقامی قەزای شەهربازار عەبدولقادر بەگ لەگەڵ پشدەریەکان بەیەکەوە بوێریان کردووە کاری خراپ ئەنجامی بدەن، هەواڵ هاتووە کە دەستی لەم کارانەدا هەیە، هەروەها قائیمقامی قەزای زێبار عەبدوڵڵا ئەفەندی لەبەر هەندێك بارودۆخ مانەوەیان گونجاو نییە، لەوانە لە قائیمقامیەتی رانیە، عەبدولرەحمان بەگ کە دوورخراوەتەوە بۆ قائیمقامیەتی شەهربازار دابنرێت، بۆ قائیمقامیەتی زێباریش کەسێکی گونجاو هەڵبژێردرێت، بۆ وەرگرتنی مۆڵەت لە ویلایەتی موسڵ ئەو ئاماژەیەی کە هاتووە، لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران حەواڵە کراوە، ئەو بریارنامەیەی کە بەیەکەوە رێکخراوە و پێشکەش کراوە، عەبدولرەحمان هەڵنەبژێردراوە، بۆ ئەوەی تریش کەسی خۆی داوای دامەزراندنی نەکردووە، بۆ قائیمقامی ناوبراوان ئەگەرچی نووسراو کراوە بۆ ئەوەی عارف ئەفەندی و حاجی سەعید ئەفەندی دامەزرێن، لەم بارەیەوە بە گوێرەی ئەو وەڵامەی بۆ نووسراوی زانیاری هاتووە، هەروەها ئەو تەلەگرافنامەیەی هاتووە عەبدولقادر بەگ بۆ زێبار و قائیمقامی زێباریش عەبدوڵڵا ئەفەندی بۆ شەهربازار بگۆردرێنەوە و دامەزرێن، بۆ ئەمەش هیممەت بکرێت.



DH.MKT.01948.00093.001

15 شەوال 1309	01948.00093	DH.MKT.

١٥ شەوال ١٣٠٩
٣٠ نیسان ١٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵ
قائیمقامی پێشووی شەهربازار عەبدولقادر بەگ دوای ئەوەی بۆ قائیمقامیەتی قەزای زێبار گوازراوەتەوە، لەلایەن هەندێك کەسەوە سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە بنکەی موسڵ بە واژووی حەریق .... فەتاح و ئەوانی تر تەلەگرافنامە نێردراوە، بە تێروانین لە تەلەگرافنامەکە داوا کراوە هیممەت بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە و ئەنجامی کۆتایی رابگەیەندرێت.



DH.MKT.01954.00001.001

29 شەوال 1309	01954.00001	DH.MKT.

٢٩ شەوال ١٣٠٩
١٤ مایس ١٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵ
گۆرینەوەی ئەرکەکەیان جێبەجێ کرا، راگەیەندراوە قائیمقامی قەزای شەهربازار عەبدولقادر بەگ لەگەڵ قائیمقامی قەزای زێبار عەبدوڵڵا ئەفەندی لە گەیشتنیان بۆ ئەرکە نوێیەکەیان و مێژووی دەستبەکاربوونیان بە تۆماری مانگانە ١٢٥٠ قوروش مووچەیان پێ دەدرێت، هەروەها تۆمارکراوەکانیان رێکدەخرێت، لەوێ جێبەجێ دەکرێت، هەروەها راگەیەندراوی مێژووی دەستبەکاربوونیان بۆ والا نووسراوەتەوە، لەگەڵ باسکردنی لە ژمێریاری جێبەجێ دەکرێت.



هەواڵنامەی کیمیا

DH.MKT.	01965.00018	**27 زیلقەعدە 1309**

٢٧ زیلقەعدە ١٣٠٩
١٠ حوزەیران ١٣٠٨
بۆ نەزارەتی دادوەری جەلیلە
لە نێوان دانیشتووانی قەزای زێبار رووبەرووبوونەوە و شەڕ رووویداوە، بەم هۆیەوە چەند کەسێك بریندارربوونە و کوژراون، هەروەها کەلوپەل و پارەوپولی هەندێك دانیشتووانی چەند گوندێکیان تاڵان کردووە، بۆ لێکۆڵینەوە ئەگەرچی لە شوێنی تاوانەکە داوا لە یاریدەدەری داواکاری گشتی کراوە بچێتە شوێنەکە، بەڵام لەگەڵ خۆی هێزی سەربازی نابات، بۆ جێبەجێ کردنی بابەتەکە لەسەر داواکاری نەزارەتپەناهی لە ویلایەتی موسڵ داوای زانیاری کراوە، ئەمجارە لە وەڵامدا هاتووە، بە گوێرەی نووسراوەکان یاریدەدەری ناوبراو داواکراوە بچێتە شوێنی رووداوەکە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە، لە رووی یاساییەوە رێکخراوە، لەگەڵ ئەوەش لەسەر ئەنجام نەدانی کارەکە، تەنیا یەك یوزباشی لەگەڵ بریك پۆلیس نێردراوە و لێکۆڵینەوە کرا و زانیاریەکان نێردراوە.



I.TAL.00004.00042.002

I.TAL.	00004.00042	12 سەفەر 1310

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
٤١٥
بۆ جەنابی دەوڵەت
لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای زێبار عەبدولقادر بەگ شایەنی ڕێزلێنانە، بۆیە لە پایەی ئیستەبڵی عامیرە بە بەرزکردنەوەی بۆ میری میران نووسراو لە نەزارەتی ناوەخۆ پێشکەش کراوە، لەم بارەیەوە بە هەموو شێوەیەك ئەمر و فەرمانی هومایۆن ئەگەر جەنابی خەلافەتپەناهی بفەرموویەت ئەوا پێشکەش کراوە بەڕێزم، لە ١٢ سەفەر ١٣١٠ و لە ٢٢ ئۆغستۆس ١٣٠٨.
سەدری ئەعزەم و یاوەری



هەواڵنامەی کتێب

15 جەمادی یەکەم 1310	000117.008760	BEO.

١٥ جەمادی یەکەم ١٣١٠
٢٣ تشرینی دووەم ١٣٠٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بـۆ گۆرینـەوەی ئەرکـی قائیمقامـی قـەزای رانیـە، حاجـی سـەعید ئەفەنـدی لەگـەڵ قائیمقامی قـەزای زێبار، عەبدولقـادر پاشـا، بـە نـووسراوی دەوڵـەت بـە مێـژووی ٨ جەمـادی یەکـەم ١٣١٠ ژمـارە ١٦٢٦ و رەزامەنـدی فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی بـۆ جێبەجـێ کردنـی هیممەت کـراوە، بۆ ئەم مەبەسـتە نـووسراو کراوە.



İ.DH.01300

24 رەبیعی کۆتایی 1310	01300.000029	I.DH.

بابی عالی
فەرمانگەی ناوەخۆ
قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران
ژمارە ٦٢٢
لە ناو ویلایەتی موسڵ سانجەقی شارەزوور قائیمقامی قەزای رانیە، حاجی سەعید ئەفەندی لە کاتی گەیشتنی بۆ مەرکەزی قەزاکە لەگەڵ کەشوهەواکەی ئەوێ ناگونجێت، داوای کردووە بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، هەروەها قەزای ناوبراو لەگەڵ ئێران لە رووی سنوورەوە گرنگە کە زیاتر یەك تاقم عەرەب و هۆز لەو ناوچەن، ئەو قائیمقامەی کە دەدۆزرێتەوە دەبێ لە نێو هۆزەکان خاوەن لایەنگر بێت و زانیاری لەسەر ناوچەکە هەبێت، هەروەها قائیمقامی قەزای زێبار، عەبدولقادر پاشا لەبەر ئەو خەسڵەتە باسکراوانەی کە هەیەتی، حاجی سەعید ئەفەندی بۆ زێبار و عەبدولقادر پاشا بۆ قائیمقامیەتی رانیە بگۆڕدرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە ویلایەتی ناوهاتوو تەلەگرافنامە دەرچووە و حەواڵە کراوە، لە مێژووی ٢١ تشرینی یەکەم ١٣٠٨ دوو پارچە تەلەگرافنامە خوێندراوەتەوە و راگەیەندراوە، بەم هۆکارانەوە بە ئاماژە پێکردنەوە قائیمقامی رانیە، حاجی سەعید ئەفەندی بۆ زێبار و قائیمقامی زێبار، عەبدولقادر پاشا بۆ رانیە گۆڕینەوەیان پەسەند کراوە و نووسراویش کراوە، دوای فەرمانی جەنابی نەزارەتپەناهی، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢٤ رەبیعی کۆتایی ١٣١٠ و لە ٢ تشرینی دووەم ١٣٠٨



DH.MKT.01995.00026.001

8 سەفەر 1310	01995.00026	DH.MKT.

٨ سەفەر ١٣١٠
١٨ ئۆغستۆس ١٣٠٨
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای زێبار، عەبدولقادر بەگ شایەی ئەوەیە رێزی لێ بگیرێت، هەر بۆیە گونجاوە لە پایەی بەرێوەبەری ئستەبڵی عامیرە پلەکەی بۆ میری میران بەرز بێتەوە و بگۆردرێت، بۆ جێبەجێ کردنیشی بە هاوکاری سەدارەتپەناهی دەبێت.



DH.MKT.02000.00096.001

DH.MKT.	02000.00096	20 جەمادی یەکەم 1310

٢٠ جەمادی یەکەم ١٣١٠
٣١ ئۆغستۆس ١٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵ
قائیمقامی قەزای زێبار، عەبدولقادر بەگ لەبەر باشی و دڵسۆزی لە پایەی بەرێوەبەرایەتی ئستەبڵی عامیرە پلەکەی بۆ میری میران بەرز بۆتەوە، ئەمەش لەلایەن جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا رەزامەندی دراوە.



DH.MKT.02025.00079.001

8 جەمادی یەکەم 1310	02025.00079	DH.MKT.

٨ جەمادی یەکەم ١٣١٠
١٦ تشرینی دووەم ١٣٠٨
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
قائیمقامی قەزای رانیە، حاجی سەعید ئەفەندی لەگەڵ قائیمقامی قەزای زێبار، عەبدولقادر پاشا ئەرکەکەیان دەگۆردرێتەوە، لەسەر ئاماژەکردن لە ویلایەتی موسڵ نووسراو کراوە، ئەو داواکارییەی لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران دراوە، بە هاوپێچ پێشکەش کراوە، داوای جێبەجێ کردنی دەکرێت.



BEO.000428.032044.001

BEO.	000428.032044	**27 زیلحیجە 1311**

١٩ حوزەیران ١٣١٠
ویلایەتی موسڵ
لـە ١٣ حوزەیـران ١٣١٠ دانیشـتووانی قـەزای زێبـار دەرکەوتـووە دەسـتیان بـە جموجـۆڵ کـردووە و شـێخ محەمەدیـش سـوود لـە نەزانـی ئەوانـە وەردەگرێـت و بۆتە هـۆی جولە پێ کردنیـان، بۆ ئەمەش ئامـادەکاری پێویسـت کـراوە، ناوبـراو هەروەهـا ئـەو قازیـەی پروپاگەنـدەی کەرامـەت دەکات، بـە شـێوەیەکی جـوان دەهێنرێتـە بنکـەی ویلایـەت، ئەمـەش بـە مـاددەی سـەربازی بـۆ لایەنـی سـەر عەسـکەر نووسراوەتـەوە، دواتـر لـە جێبەجـێ کردنەکـە رادەگەیەندرێـت.



DH.ŞFR.	00174.00064	**6 زیلحیجە 1312**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
قائیمقامی قەزای شەهربازار، شەوقی بەگ لەگەڵ قائیمقامی عەقرە بگۆردرێنەوە، بەم بۆنەیەوە تەلەگرافنامە بۆ سەدارت نێردراوە، قەزاکانی عەقرە و زێبار و ناحیەی عشائیری سەبعە ئەو ناکۆکیەی لە نێوانیاندا هەیە، هەرچی زووە چارەسەرێکی بەپەلە بدۆزرێتەوە و کۆتایی پێ بهێنرێت، هەروەکو میری ناوبراو کەسێکی لێهاتوو بۆ قائیمقامیەتی قەزای عەقرە بدۆزرێتەوە، ئەمەش بەپەلە بنێردرێت و بە فەرمانی گۆرینەوەیان قەزاکان یەکسان بکرێن، بەپەلە جێبەجێ بکرێت، ١٩ مایس ١٣١١.
عەزیز والی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب

8 شەوال 1312	00358.00078	DH.MKT.

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
٨ شەوال ١٣١٢
٢٢ مارت ١٣١١
لە ئاغاکانی زێبار حەسەن ئاغا و عەبدوڵڵا ئاغا و سەلیم خان ئاغا بەهۆی ئەو خزمەتەی کە کردوویانە، لە پلەی پێنج بۆ هەر یەکە بە یەك پارچە نیشانی نیشان رێزیان لێگیراوە، بۆ ئەمەش نووسراو بە مێژووی ١٣ شوبات ١٣١٠ ژمارە ٢٢٦ لە ویلایەتی موسڵ هاتووە و لەگەڵ ئەم نووسراوە هاوپێچ پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی جەنابی سەدارەتپەناهی هاوکاری کردووە.



BEO.000486.036377.002

29 رەبیعی کۆتایی 1312	000486.036377	BEO.

١٨ ئەیلوول ١٣١٠
بۆ ویلایەتی موسڵ
عەبدولرەحمان بەگ لە قائیمقامیەتی قەزای بازیان ٢٠ هەزار قوروش چۆتە سەر ناوی، لە قەزای زێبار بە بریکار دامەزرا، بە ئاماژەی جەنابتان هەواڵ دراوە.



هەواڵنامەی کتێب

BEO.	000486.036398	25 رەبیعی کۆتایی 1312

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ٢٦٩٢
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەتانە
پێشەکی لە هەندێك قائیمقامی قەزاکان بە شێوەی وەکالەت خزمەتی باشی کردووە، بۆیە عەبدولرەحمان بەگ بە وەکالەت لە قەزای زێبار وەکو قائیمقام دامەزراوە، لەبەر سەنگینی تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە، هەروەها لە مێژووی ١٧ ئەیلوول ١٣١٠ ژمارە ٢٠٠٩ نووسراوی سەدری ئەعزەم لە سەدارەتپەناهی دەرچووە، لەسەر دامەزراندنی ناوبراو لە قائیمقامیەتی ناوهاتوو داواکاری دراوەتە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران، لەوێشەوە بە مێژووی ١٤ ئەیلوول پێشکەش کراوە ئەمەش بە تۆمارکردنی دەرکەوتووە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٥ رەبیعی کۆتایی ١٣١٢ و لە ١٣ تشرینی یەکەم ١٣١٠.

نازری کاروباری ناوەخۆ



هەواڵنامەی کتێب

22 رەبیعی کۆتایی 1312	000500.037445	BEO.

٢٢ رەبیعی کۆتایی ١٣١٢
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ناو ویلایەتی موسڵ ماوەیەکە قەزای زێبار بە وەکالەت قائیمقامیەتەکەی بەرێوەدەچێت، پێشەکی بە وەکالەتی هەندێك قائیمقام بەرێوە چووە، لەوانە عەبدولرەحمان بەگ، کە خەریکە سوێند خواردنەکەی جێبەجێ دەکرێت، لە بارەی دامەزراندنیەوە بە نووسراوی دەوڵەت لە مێژوی ٢٦ رەبیعی یەکەم ١٣١٢ ژمارە ٢٣١٠ و بە لاری نەبوونی مێژووی ٢٠ رەبیعی کۆتایی ١٣١٢ بە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی فەرمان دراوە، هیممەت بکرێت.



I.TKS.00005.00044.001

10 زیلقەعدە 1313	00005.00044	I.TKS.

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
٢٧١٩
بۆ جەنابی دەوڵەت
بریکاری قائیمقامی قەزای زێبار محەمەد بەهجەت ئەفەندی پشت بەستن بە بریاری بریارنامە مانگانە بە ٧٧٨ قوروش خانەنشین دەکرێت، بۆ مامەڵەی پێویست داواکاری بە هاوپێچەوە لە فەرمانگەی رێکخستنی شورای دەوڵەت پێشکەشی نەزارەتی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی جەلیلە کراوە، بە هەر شێوەیەك بێت ئەمر و فەرمانی هومایۆنی جەنابی خەلافەتپەناهی بفەرموویەت ئەو دەکرێت بەرێزم، لە ١٠ زیلقەعدە ١٣١٣ و ١١ نیسان ١٣١٢.

سەدری ئەعززەم



DH.ŞFR.00175.00074.001

3 موحەررەم 1313	00175.00074	DH.ŞFR.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
شیفرە
لەبەر ئەو ناکۆکیەی لە نێوان هۆزەکانی قەزای زێبار لەگەڵ هۆزەکانی ناحیەی سەبعەدا هەیە، قائیمقامی شەهربازار شەوقی لەگەڵ قائیمقامی قەزای عەقرە بگۆردرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە مێژووی ٩ مایس ١٣١١ تەلەگرافنامە هاتووە، چاوەڕێی فەرمانی نەزارەتپەناهی دەکرێت، فەرمان، لە ١٤ حوزەیران ١٣١١.

عەزیز والی موسڵ



7 جەمادی یەکەم 1264	548.22546	C.ML.

٧ جەمادی یەکەم ١٢٦٤
والی شامی شەریفی پێشوو عەلی پاشا لە کاتی ئەوەی والی غداد بووە، قائیمقامی هەولێر مستەفا پاشا لە کاتی ئەرکەکەیدا خەرجی رێگای بە گوێرەی پێویست لە بەغداد پێی دراوە، ٢٥٠٠٠ قوروش ئاقچەی خەرجی رێگای لە بەغداد لەلایەن براکەی گەرگور دراوە، ئەگەرچی بەم دواییەش دابینکردنی خەرجیەکە حەواڵەی هەندێك لە موقاتەعە و سەروەتی تر کراوە، بەڵام تا ئێستا ٢٥٠٠٠ قوروش نەنێردراوە، بە مەبەستی ناردنی داوا لە بازرگانی ئەوروپی رەفائیل کراوە، لە وەڵامی فەرماننامەی پاشا والی بەغداد نووسراو نێردراوە، لە ئەنجوومەنی ژمێریاریش نێردراوەتە قەڵەم، بە پارچەیەك داواکاری بەستراوەتەوە.



هەواڵنامەی کێبڕ

ŞD.	00942.00079	16 شەوال 1313

فەرمانگەی خانەنشینی مولکیە
ژمارە ٣٩٠٢
لەلایەن بریکاری قائیمقامی قەزای زێبار، محەمەد بەهجەت ئەفەندی داوای جێبەجێکردنی خانەنشینی کردووە، لە ویلایەتی مەعمورەتولعەزیزە داواکاری پێشکەش کراوە، لەگەڵ داواکاریەکەی خشتەی ماوەی خزمەتی لەسەر کاغەزی لە ژمێریاری رێکخراوە، بە پەراوێز ژماردنی لە دەستەی گشتی ووردبینی بۆ کراوە.
بە گوێرەی ئەو خزمەتانەی کە ناوبراو کردوویەتی لەگەڵ مێژووی بری ئەو مووچانەی کە وەریگرتووە و لە مێژووی ٤ مایس ١٣١٠ دەستی کێشاوەتەوە، هەروەها ماوەی خزمەتی ٣٢ ساڵ دەبێت، بە پشت بەستن بە بریاری فەرمانبەرانی مولکیە، ماددەکانی ٢٦ و ٤٢ دوای زیادکردن و کەم کردنەوە، ٧٧٨ قوروش مووچەکەی جێگیر کراوە، بە نیشان دانی، ئەو برە مووچەیەی لە سندوق رێکخراوە، نووسراو بۆ خانەنشین کردنی جێبەجێ کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ١٦ شەوال ١٣١٣ و لە ١٩ مارت ١٣١٢



هەواڵنامەی کێڵ

DH.SAIDd.	00068.00237	**22 رەبیعی یەکەم 1314**

محەمەد جەمال ئەفەندی کوڕی حاجی زێبارزادە ئەحمەد ئاغا
لە ساڵی ١٢٩٠ ساڵی واتە ١٢٨٩ لە وێلایەتی ئەرزروم لە قەسەبەی بایەزید لە دایك بووە و لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی ناوی نووسراوەتەوە، لە قەسەبەی ناوهاتوو لە مەکتەبی روشدیە زانستی یاسای خوێندووە، دوای ئەوە کەمێك فێرە زمانی عەرەبی و فارسی بووە، بە زمانی تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت هەروەها ئاشنای زمانی کوردی و ئەرمەنییە، لە ساڵی ١٣٠٠ کۆچی واتە تشرینی یەکەم ١٣٠٣ لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا لە دادگای سانجەقی بایەزید و لە کۆتاییدا لە قەزای کلیسا کاری کردووە، لە ساڵی ١٣٠٩ مانگی رەمەزانی شەریف ١٦ نیسانی ١٣١٨ بە مووچەی ١٢٥ قوروش لە قەزای ناوهاتوو بۆتە نووسەری ناسنامە.
لەو تێبینیانەی کە لە ئەرکی فەرمانبەرێتی قەزای ناوهاتوو لە ناسنامە و قائیمقامیەت نووسراوە، لەم کارە وەرگێراوی وێنەکەی و لە وێلایەتی ئەرزروم لە نەزارەتی ناسنامە و والیەتدا لەگەڵ تێبینی باسکراوەکان و بەرێوەبەرایەتی ناسنامەی گشتی ئەرکەکەی پەسەند کراوە.
لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی وێنەکە پەسەند کراوە و دانە رەسەنەکەی پارێزراوە.
لە ٢٢ رەبیعی یەکەم ١٣١٤ و ٢١ ئۆغستۆس ١٣١٢



DH.ŞFR.00200.00019.001

17 سەفەر 1314	00200.00019	DH.ŞFR.

وەڵامی نووسراوی نەزارەتپەناهی لە مێژوی ١٧ ئەیلوول ١٣١٢ عەبدولرەحمان بەگ لە قائیمقامیەتی زێبار بۆ قائیمقامیەتی قەزای کۆی سانجەق گوازراوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی گواستنەوەی گونجاو نییە، بۆیە عەلی رزا ئەفەندی وەکیلی قائیمقامی پێشوو بەهۆی لێهاتوویی‌یەوە لە قەزای ناوهاتوو دابەزرێت، هەرچی عەبدولرەحمان بەگ لە قەزاکەی تر دەست بەکار بێت و عەلی رزا ئەفەندیش لە قائیمقامیەتی کۆی سانجەق دابەزرێت، بۆ جێبەجێ کردنیش ئەمر و فەرمان، لە ١٦ تشرینی یەکەم ١٣١٢.

عەبدوڵڵا قوماندان و والی موسڵ



I.DH.	01336.000024	7 سەفەر

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
٤٧٦
بۆ جەنابی بەرێزم
لە ناو ویلایەتی تەبلیس قەزای مەلازگرد، قائیمقام خەلیل سدقی ئەفەندی لەبەر لێنەهاتووی گونجاو نییە لە ئەرکەکەی بەردەوام بێت، ئەو ئاماژەیەش بە ناوەخۆ راگەیەندراوە، لە داهاتوودا لە کاتی راگەیاندنی دامەزراندنی پلەی قائیمقامیەت دووربخرێتەوە و لە شوێن ئەو قائیمقامی پێشووی زێبار، حاجی سەعید ئەفەندی کە لە زمانی شوێنەکە شارەزایە، بۆ دامەزراندنی لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران بریارنامە رێکخراوە، لەگەڵ کاغەزی زانیاری کەسێتی وەرگێردراو نێردراوە، نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە لەگەڵ بریارنامەکە لە قۆمیسیۆنی سەرپەرشتیاریکردن دراوەتە قەڵەم و راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، بە هەر شێوەیەك بێت ئەمر و فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی بفەرموویت، جێبەجێ دەکرێت، لە ٧ سەفەر ١٣١٤ و لە ٦ تەممووز ١٣١٢.

سەدری ئەعززەم



I.DH.	01338.000010	**7 سەفەر 1314**

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
٣٠٠

لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای کۆی سانجەق، سەعدی ئەفەندی بەهۆی مردنیەوە شوێنەکەی بەتاڵە، لەبەر ئەوەی قەزای ناوبراویش هۆزێکی زۆری کۆچەری تێدایە و شوێنەکە دەکەوێتە سەر سنووری ئێران، گرنگی شوێنەکە دیارە، بۆیە قائیمقامی زێبار کە لە زۆر شوێن قائیمقام بووە و لە عەقڵیەتی هۆزگەرایەتی شارەزایە بگوازرێتەوە، هەرچی قەزای زێباریشە، ئاسف ئەفەندی کە دیسان لە عەقڵیەتی هۆزگەرایەتی شارەزایە و دەتوانی بەسەریەوە زاڵ بێت، لە قائیمقامیەتی زێبار دامەزرێت، بەم بۆنەیەوە کاغەزی وەرگێردراوی نێردراوە، لە ویلایەتی ناوهاتوو لە ئەنجوومەنی کارگێری داواکاری بە مێژووی ١٥ مایس ١٣١٢ ژمارە ٣٤ حەواڵە کراوە، راگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە.

لە کاتی ووردبینی قەزاکانی کۆی سانجەق و زێبار لە چینی سێیەمن، ناوبراوان عەبدولرەحمان بەگ لەگەڵ ئاسف ئەفەندی بە تۆمار دەرکەوتووە هەڵبژێردراو نین، بە پەلە ئەوەی لێرە بۆ قائیمقامیەت هەڵبژێردراوە، لەلایەن لایەنێکەوە باسکراوە، بەڵام لەلایەن ویلایەتی ناوبراو لە بارەی هەڵبژاردنیەوە بە بریاری شورای دەوڵەت قەزاکانی ناوبراو بەهۆی دووری شوێنەکان و لە چینی سێیەمن، بۆیە حەز لەوە ناکەن هەڵبژێردرێن، بۆیە بە گوێرەی ئاماژە پێ کردنیەوە بریاری لەسەر درا قائیمقامی زێبار عەبدولرەحمان بەگ بۆ قائیمقامیەتی قەزای کۆی سانجەق بگوازرێتەوە، هەروەها بۆ قائیمقامیەتی زێباریش ئاسف ئەفەندی دامەزرێت، جگە لەمە ناوبراوان کاغەزی وەرگێردراوی زانیاری ئاسف ئەفەندی رێکخراوە و پێشکەش کراوە، بە مۆڵەت وەرگرتن ئەمر و فەرمانی هومایۆنە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ٧ سەفەر ١٣١٤ و لە ٦ تەممووز ١٣١٢
ئەندام و باش کاتیب/ ئەندام/ سەرۆکی قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران

هەواڵنامەی کتێب



DH.ŞFR.00224.00008.001

DH.ŞFR.	00224.00008	**22 زیلحیجە 1315**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لەبەر ئەوەی دووبارە کاری سەرپێچیکارانەیان سەری هەڵداوەتەوە، موریدەکانی بارزان لەگەڵ هەرکیەکان یەکیان گرتووە لەگەڵ شێخی بجیل چوونەتە سەر هۆزی سورجیەکان و هێرشیان کردۆتە سەریان، لە ئەنجانی رووبەرووبوونەوەکەدا کۆمەڵێك خەڵك کوژراون، هەروەها لەبەر سەرژمێری سەر مەڕ، سەربازی شاهانە چوونەتە گوندی گەڵاڵە، سێیان کوژراون و یەکێکیان برینداڕ کراوە، لەگەڵ جبەخانە شەش تفەنگ تاڵان کراوە، بۆ یارمەتی دانی سەربازی شاهانە کە لە ژێر ئابلۆقە ماونەتەوە هەواڵ دراوەتە قائیمقامیەتی زێبار و عەقرە، لەوێ سەربازی شاهانە هێنراون، بۆ ئەوەی تاوانباران تەمبێ بکرێن و دەستگیر بکرێن، بەپەلە یەك تابور بۆ ناوچەی رووداوەکە بنێردرێت، ئەمەش بۆ موشیرەتی جەلیلە نووسراوەتەوە، زانیاریەکان راگەیەندراوە، فەرمان، لە ٢ مایس ١٣١٤.

عەبدولوەهاب والی موسڵ



DH.ŞFR.00224.00011.001

DH.ŞFR.	00224.00011	**23 زیلحیجە 1315**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
تەلەگرافەکانی بە شیفرە لە مێژووی ٢ و ٣ مایس ١٣١٤ راگەیەندراوە، لێرە شێخی بارزان هۆزەکان هان دەدات و کاری گەندەڵیان پێ دەکات، شێخ محەمەدی شێخی بازران چۆتە سانجەقی هەکاری قەسەبەی نەهری لای شێخ سدیق ئەفەندی کوڕی شێخ عوبیدوڵڵا، لە ژێر باڵی ئەو شەر دەکات، لەگەڵ دەستگیرکردنی بە پارێزراوی بهێنرێتە ئێرە، ئەمەش بۆ ویلایەتی وان نووسراوەتەوە، بۆ ئەم کارەش لەلایەنی سەروو بە فەرمانێکی بەپەلە بۆ نەزارەتپەناهی نێردراوە، لە ٣ مایس ١٣١٤.
عەبدولوەهاب والی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب

BEO.	001033.077460	7 جەمادی کۆتایی 1315

٧ جەمادی کۆتایی ١٣١٥
٢٢ تشرینی یەکەم ١٣١٣
بۆ نەزارەتی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی جەلیلە
بەهۆی مردنی باوکی عەلی رزا ئەفەندی قائیمقامی قەزای زێبار، خانەوادەکە لە پێنج ئەندام پێك هاتوون، لەو ١٥٠ قوروشەی کە بۆیان دابین کراوە، پێشەکی بەهۆی هاوسەرگیری خوشکەکانی ٦٠ قوروش براوە، ئەوە ماوەتەوە ٩٠ قوروشە، بەم پارەیە بەرێوەدەچن. بارودۆخەکە ئەوەیە برادەرە بچووکەکەی لەگەڵ خۆی لە رێزی سەربازین، ٥٠ قوروش مووچەی مەکتەبیان براوە و هێزاوەتە خوارەوە، هەروەها خانەوادەکەیان بەم بەشە مووچەیە ناتوانن بەرێوەبچن، مووچەی ناوهاتوو ١٥٠ ئەگەر هیچ نەبێت، تکا دەکەم ٩٠ قوروشەکەی پێ بدرێت، ئەو داواکاریە لەلایەن عەلی رزا ئەفەندی بە رێگەی مەکتەبی دواناوەندی شاهانە دراوەتە دەوڵەت، بۆ جێبەجێ کردن هیممەت بکرێت.



7 جەمادی کۆتایی 1315	001033.077462	BEO.

٧ جەمادی کۆتایی ١٣١٥
٢٢ تشرینی یەکەم ١٣١٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای بازیان، ساڵح بەگ بۆ عەقرە، قائیمقامی عەقرەش، شەوقی ئەفەندی بۆ قەزای ملازگرد لە ویلایەتی مەعمورەتولعەزیزە بگوازرێنەوە، بۆ قائیمقامی بازیانیش قائیمقامی پێشووی مەرکە، عەبدولقادر پاشا و قائیمقامی زێبار، ئاسف ئەفەندی دوور بخرێتەوە و لە شوێن ئەو عەبدوڵڵا بەگ کە لە قائیمقامیەتی هەولێر ئەرکەکەی کۆتایی هاتووە دابمەزرێن، بۆ ئەمەش نووسراوی مێژووی ١٠ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٥ ژمارە ٢٣٤١ و بریاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەران بە مۆڵەت وەرگرتن لە مێژووی ٣ جەمادی کۆتایی ١٣١٥ بە فەرمانی پاشا جەنابی خەلافەتپەناهی ڕەزامەندی داوە، هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.

هەواڵنامەی کتێب



DH.MKT.02089.00048.001

DH.MKT.	02089.00048	**27 زیلحیجە 1315**

٧ مایس ١٣١٤
بۆ ویلایەتی وان
شیفرە
مەحمود لە شێخەکانی بارزان، بە مەبەستی گەندەڵی هۆزەکانی تر هان دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆکاری شۆرش و شەڕ، هەروەها لە سانجەقی هەکاری لە قەسەبەی نەهری چۆتە لای شێخ سدیق ئەفەندی کوڕی شێخ عوبیدوڵڵای مردوو، ئەم زانیاریانە نووسراوەتەوە و بە ویلایەتی موسڵ ووتراوە، کە بنێردرێتەوە.



Y.PRK.ASK.00140.00007.001

Y.PRK.ASK.	00140.00007	2 سەفەر 1316
له موشیرەتی باش کیتابەتی لەشکری چوارەمی هومایۆن شیفرە لـە ٩ حوزەیـران ١٣١٤ بەهـۆی ئـەو لێکۆڵینەوانـەی لـە بـارەی قائیمقامەکانـی عەقـرە و زێبـار دەسـتی پـێ کـردووە، بوێـری دەکـەم لـە ووتنـی ئـەو ئەنجامـەی دەسـت دەکەوێـت بـە پەلـە بدرێتـە سـەروو، فەرمـان، لـە ٢ سـەفەر ١٣١٦ و ١١ حوزەیـران ١٣١٤. موشیر محەمەد زەکی		



30 زیلقەعدە 1316	001294.097028	BEO.

٣٠ زیلقەعدە ١٣١٦
٣٠ مارت ١٣١٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە قائیمقامـی قـەزای هەولێـر روشـدی ئەفەنـدی بـۆ شـوێن ئەویـش قائیمقامـی قـەزای زێبـار عەبدوڵـلا بـەگ، لـە بـارەی دامەزراندنیانـەوە لەسـەر نـووسراوی دەوڵـەت لـە مێـژووی ٢٣ شـەوال ١٣١٦ ژمـارە ٤٩٣٦، بریـار لـە قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیە لە ٢٨ زیلقەعـدە ١٣١٦ رەزامەنـدی دراوە، فەرمانـی پاشـا لەلایـەن جەنابـی خەلافەتپەناهـی فەرمـان کـراوە، هیممـەت بکرێـت بـۆ جێبەجێکردنی.



DH.MKT.	02167.00027	7 شەوال 1316

٤ شوبات ١٣١٤
بۆ جەنابی سەر عەسکەر
لە نێوان شێخ و موریدەکانی بازیان و بجیل رووبەرووبوونەوە و پەلاماردانی یەکتر رووبداوە، بۆ کۆتایی هێنان بەم ناکۆکیە سەرەتا بۆ زێبار و عەقرە هەر یەکە یەك مەفرەزە نێردراوە، بە هۆی ئەو مەفرەزانەوە شەرەکانیان وەستاوە، لە کۆتاییدا موریدەکانی بارزان لەگەڵ تاقمێك خەڵکی ترەوە یەکیان گرتووە و کەلوپەل و مەروماڵاتی هەندێك گوندیان تاڵان کردووە، رێگەگرتن لەم هێرش و رووبەرووبوونەوەی ئەو کۆمەڵانە لە سەرووی هێز و توانای پۆلیسە، بۆیە ناردنەوەی مەفرەزەکانی ناوهاتوو راگیراوە، ناردنەوەی ئەوانە بۆ موشیری لەشکری شەشەمی هومایۆن نووسراوەتەوە، هێشتا ئاگاداری بەپەلەش نەدراوەتە لایەنی والای سوارە، ئەمجارە لە ویلایەت بە هاوپێچ تەلەگرافنامە پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردن.



DH.MKT.02174.00102.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.	02174.00102	**23 شەوال 1316**

٢٣ شەوال ١٣١٦
٢٢ شوبات ١٣١٤
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
مەجید بەگ قائیمقامی قەزای سەڵاحییە دەگوازرێتەوە بۆ قائیمقامیەتی قەزای رواندز، بۆ شوێنی بەتاڵیش قائیمقامی هەولێر روشدی ئەفەندی دابنرێت و بۆ شوێنی ناوبراویش عەبدوڵڵا بەگ بگوازرێتەوە کە سەرەتا قائیمقامی زێبار بووە، ئێستاش لە هەولێر بوونی هەیە و کاری باشی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە و ئاماژەی پێکراوە، قەزاکانی سەڵاحیە و هەولێر لە چینی دووەمن، ناوبراوان روشدی ئەفەندی هەڵبژێردراوە، عەبدوڵڵا بەگیش هەر چەند هەڵنەبژێردراوە، بەڵام دەتوانرێت بروانامەی مۆڵەتی بەکارهێنانی پێ بدرێت، چونکە تۆمارکراوە کە لە ئەرکی پێشووی چەند خزمەتی باشی کردووە، هەروەها گواستنەوەی ئەرکەکەیان چەند سەرکەوتوو دەبێت و لە بەرژەوەندی دەوڵەت دایە، ئەمەش لە نووسراو ئاماژەی پێکراوە، هەر بۆیە روشدی ئەفەندی بۆ سەڵاحییە و عەبدوڵڵا بەگیش بۆ هەولێر لە قائیمقامیەتی قەزاکان دابمەزرێن و بگوازرێنەوە، لیستی چاکسازی بە گوێرەی مادەی سێیەم رێکخراوە و بە تەلەگرافنامە پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردن.



DH.MKT.02194.00078.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.	02194.00078	**18 زیلحیجە 1316**

١٧ نیسان ١٣١٥
بۆ ویلایەتی موسڵی پایەبەرز
بـۆ قائیمقامیەتـی سـەڵاحیە، قائیمقامـی هەولێـر روشـدی ئەفەنـدی و لـە شـوێن ئەویـش قائیمقامـی زێبار، عەبدوڵـڵا بـەگ لـە مێـژووی ٢٨ زیلحیجـە ١٣١٦ فەرمـان دراوە بـە دامەزراندنـی، دوای سـوێند خـواردن دەتوانـن دەسـت بـەکار بـن.

نوسراوی سەدری ئەعززەم بۆ ژمێریاری



DH.TMIK.M.00083.00031.001

DH.TMIK.M.	00083.00031	4 زیلحیجە 1317

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

هەر لە کۆنەوە لە نێوانیان ناکۆکی هەیە و بۆتە هۆکاری تێکدانی ئاسایش و رووداوی یەك لە دوای یەك روو بدات، بۆ رێگری کردن لەم رووداوانە پێویست کراوە لە سەرەتای ساڵەوە یەك تابور سەربازی شاهانە بنێردرێت، بەڵام ئەمڕۆ لە سایەی جەنابی پاشاوە پەیوەندی نێوان شێخی بارزان و شێخی بجیل باش بۆتەوە و چاك بۆتەوە، هەروەها هەردوو لا بە هۆی ئەو دەسەڵاتە کاریگەرەی هەیانە لە مورید و هاوەڵانیان یەك تاقم لە هۆزەکان و دانیشتووان بەشدار بوون لەم ناکۆکیە، بەڵام لە سایەی جەنابی خەلافەتپەناهی ئەم ساڵ وەکو بەندە دەمێننەوە، راگەیەندراوە فەرمان.

لە ٢٢ مارت ١٣١٦

حازم والی موسڵ



DH.ŞFR.00239.00052.001

DH.ŞFR.	00239.00052	6 رەبیعی کۆتایی 1317

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
زێبار کە سەر بە موسڵە، شێخەکەی بە ناوی محەمەد ئەفەندی لە کاتی راکردنی بۆ ئێران، لەلایەن شێخ محەمەد سدیق ئەفەندی لە شەمدینان دەستگیرکراوە، موتەسەرفی هەکاریش ئاگادار کراوەتەوە، چۆنیەتیشی بۆ ویلایەتی موسڵ نووسراوەتەوە، فەرمان، لە ٢ ئۆغستۆس ١٣١٥.
تاهیر والی موسڵ



DH.ŞFR.00239.00125.001

21 رەبیعی کۆتایی 1317	00239.00125	DH.ŞFR.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە ١٦ ئۆغستۆس ١٣١٥، لەوە تێگەیشتووین کە شێخی زێبار تا لە شەمدینان بمێنێتەوە لە نێوان هۆزەکان جۆش و خرۆش دروست دەکات، بە گفتوگۆ لەگەڵ موشیری لەشکری چوارەم هێزراوەتە باش قەلعە، لەسەر قسەی سەروو ناوبراو لە ژێر پارێزگاریەکی تەواو سبەی بنێردرێتە وان، هەڵگرتنی لە باش قەلعە بە موتەسەرفی هەکاری بە وەکالەت نووسراوە و راگەیەندراوە، فەرمان، لە ١٧ ئۆغستۆس ١٣١٥.

تاهیر والی وان



DH.ŞFR.00240.00010.001

DH.ŞFR.	00240.00010	24 ڕەبیعی کۆتایی 1317

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لــە تەلەگرافنامــەی بەندەمــان لــە مێــژووی ١٧ ئۆغســتۆس ١٣١٥ شــێخی زێبــار ئەمــڕۆ گەیشــتە وان، ڕاگەیەنــدراوە بــۆ فەرمــان.

لە ٢٠ ئۆغستۆس ١٣١٥
تاهیر والی موسڵ



DH.ŞFR.00240.00034.001

DH.ŞFR.	00240.00034	**29 ڕەبیعی کۆتایی 1317**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
هاوپێچی تەلەگرافنامەی بەندەمان لە مێژووی ٢٠ ئۆغستۆس ١٣١٥ لە موشیریەتی لەشکری چوارەمی هومایۆنی جەلیلە بە گوێرەی ئەو ئاماژەیەی کە هاتووە شێخی زێبار لە ڕێگەی بەتلیس بەرەو موسڵ بەرێکەوتووە، ئەمڕۆ دەرچوو لە ڕێگایە، ڕاگەیەندراوە، فەرمان، لە ٢٥ ئۆغستۆس ١٣١٥.
تاهیر والی وان



DH.ŞFR.00240.00089.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.	00240.00089	**13 جەمادی یەکەم 1317**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە ٥ ئەیلـوول ١٣١٥ شـێخ محەمـەد ئەفەنـدی راسـتەوخۆ لەسـەر فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا بـۆ قەزای زێبـار دەروات، بەمـەش رەتکردنـەوەی رۆیشـتنی لـە ویلایەتـی بەتلیـس ئامـاژەی پێکـراوە، فەرمـان، لـە ٧ ئەیلـوول ١٣١٥.

حازم والی موسڵ



İ.DH.01370

15 ڕەجەب 1317	01370.000045	I.DH.

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
٢٠٧٥
بۆ جەنابی بەڕێزیان
لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامیەتی قەزای زێبار شوێنەکەی بەتاڵە، بە مەبەستی دامەزراندنی قائیمقامی قەزای زێبار، قائیمقامی قەزای دهۆك بگوازرێتەوە و دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە داواکاری پێشکەش کراوە، لەگەڵ ئەو داواکاریە و کاغەزی وەرگێردراوی زانیاری لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆ بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لە بارەی جێبەجێ کردنیشی بە فەرمانی پاشا جەنابی خەلافەتپەناهی چ بفەرموویت جێبەجێ دەکرێت، لە ١٥ ڕەجەب ١٣١٧ و ٧ تشرینی دووەم ١٣١٥.

سەدری ئەعزەم



DH.MKT.02203.00014.001

هەواڵنامەی کتێب

4 موحەررەم 1317	02203.00014	DH.MKT.

٤ موحەررەم ١٣١٧
٣ مایس ١٣١٥
بۆ ویلایەتی موسڵ
قائیمقامی قەزای زێبار عەلی رزا ئەفەندی خوالێخۆشبوو مووچەی کۆکراوەی دەدرێتە میراتگری، لەم بارەیەوە بۆ ناردنی سەنەدەکان، نووسراو لە نەزارەت بۆ ویلایەت نووسراوە، لە مێژووی ٨ کانوونی دووەم ١٣١٧ دووپاتکراوەتەوە کە بەهۆی خراپی حاڵی میراتگرەکەی لەسەر واژووی داواکاری وەکیلی کوڕی خوالێخۆشبوو عەلی رزا پێشکەشی سەدارەتپەناهی کراوە، ئەو داواکاریەی نێردراوە، لەسەر داواکاری و ئاماژەی پێشوو جێبەجێ بکرێت.



DH.MKT.02209.00138.001

DH.MKT.	02209.00138	2 سەفەر 1317

٤ موحەررەم ١٣١٧
٣ مایس ١٣١٥
بۆ ویلایەتی موسڵ
قائیمقامی قەزای زێبار عەلی رزا ئەفەندی خوالێخۆشبوو مووچەی کۆکراوەی لێرە دەدرێتە میراتگری، لەم بارەیەوە بۆ ناردنی سەنەدەکان نووسراو لە نەزارەت بۆ ویلایەت نووسراوە، لە مێژووی ٨ کانوونی دووەم ١٣١٧ دووپاتکراوەتەوە کە بەهۆی خراپی حالی میراتگرەکەی لەسەر واژووی داواکاری وەکیلی کوری خوالێخۆشبوو عەلی رزا پێشکەشی سەدارەتپەناهی کراوە، ئەو داواکاریەی نێردراوە، لەسەر داواکاری و ئاماژەی پێشوو جێبەجێ بکرێت.



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.	02244.00016	**2 جەمادی یەکەم 1317**

٢ جەمادی یەکەم ١٣١٧
٢٦ ئۆغستۆس ١٣١٥
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
بـۆ کۆتایـی هێنـان بە شـێخی بـارزان محەمـەد ئەفەنـدی، بـە بیرۆکەی دەسـتدرێژی کردنە سـەر شـەمدینان لـە زێبـار نزیکـەی ١٠٠٠ کـەس کۆبوونەتـەوە و چۆنەتـە وان، دواتـر پەرشـوبڵاوبوونەتەوە، ئەگـەر گەرانـەوە شـوێنی خۆیـان، ئـەوا دووبـارە بـە رێگـەی بەتلیـس و سـەعرد جولەیـان کـردووە تـا بگەرێنـەوە موسـڵ، بـە قوماندانیەتـی ویلایەتـی وان راگەیەنـدراوە، لـە موسـڵ برێکی تـەواو هێز چۆتـە جەزیرە، لەشـکری چوارەمی هوماپـۆن ئـاگادار کراوەتـەوە کـە ئـەو هێـزە بگەرێتـەوە موسـڵ، بـەو شـێوەیە پێویسـتە ناوبـراو نەگەرێتەوە موسـڵ، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە مێـژووی ٢٤ ئۆغسـتۆس ١٣١٥ لـە ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە پێشـکەش کـراوە، بـۆ وەرگرتنـی رەزامەنـدی.



هەواڵنامەی کتێب

23 جەمادی کۆتایی 1317	02262.00116	DH.MKT.

٢٣ جەمادی کۆتایی ١٣١٧
١٦ تشرینی یەکەم ١٣١٥
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
قائیمقامی دهۆك، عەلی بەگ دوای لێکۆڵینەوە لە مامەڵەکەی هیچ شتێك لەسەری نەدۆزرایەوە، بەم تێروانینە ئەگەر بکرێت دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، بەڵام وباشترە بگوازرێتەوە بۆ قائیمقامیەتی زێبار، هەروەها لە سەر رەزامەندی خۆی لە کاتی رۆیشتنی بۆ ئەوێ، بۆ قائیمقامیەتی دهۆکیش، ساڵح سەعدی ئەفەندی دابمەزرێت، بە گوێرەی نوسراو و تەلەگرافنامە کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، جێبەجێ بکرێت، هەروەها دەرکەوتووە لە قەزای زێبار لە چینی سێیەم و بۆ یەکەم جاریش ئەرکەکەی گواستۆتەوە بۆ قائیمقامی هەولێر، ناوبراو نووسراوی هاوپێچ لە چینی سێیەم بۆ قائیمقامیەتی زێبار هەڵبژێردراوە و پێشکەش کراوە، هەرچی ساڵح سەعدی ئەفەندییە ئەرکەکەی و هەڵبژاردنی پەسەند نەکراوە، لە دهۆك کەسێکی گونجاو دەست نیشان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە رابگەیەندرێت.



DH.MKT.02289.00081.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.	02289.00081	23 شەعبان 1317

٢٣ شەعبان ١٣١٧
١٤ کانوونی یەکەم ١٣١٥
بۆ ویلایەتی موسڵ
بە تەلەگراف ئاماژەی پێکراوە، کە عەلی بەگ بۆ قائیمقامی قەزای زێبار لە ویلایەت ئەرکەکەی پێ سپێردراوە، ئەگەرچی بۆ شوێنی کارەکەی رۆیشتووە، بە گوێرەی نیزامنامەی تایبەت ماددەی ٢١ سەبارەت بە دانانی فەرمانبەر و دوورخستنەوەیان بە باس کردنی هۆکارەکان لە قۆمیسیۆن ووردبینی بۆ نەکراوە، بۆیە کارەکەیان پەسەند ناکرێت، هەروەها گواستنەوەی ئەرکەکەی کۆتایی پێهاتووە، هەر خۆشی قەبوڵ کردنی ئەرکەکەیان بە وەڵامی نەزارەت بە شوێنەکانیان رانەگەیەندراوە، بۆیە جولەیان لە شوێنی خۆیان گونجاو نییە، ئەمەش نووسراوەتەوە، بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەم جۆرە مامەڵە و بارودۆخە سەرپێچیکەرانە، ئاگاداری لە ویلایەت هاتووە، هەروەها ناوبراو لەکاتی ئامادەبوونی لە قائیمقامیەتی قەزای سەماوە، سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە، بۆیە بەکار هێنانەوەی گونجاو نییە، ئەمجارە لە ئاگادارکردنەوەی پێشوو لە قۆمیسیۆنی فەرمانبەرایەتی مولکیە کۆمەڵێك نووسراو دۆزراوەتەوە، نووسراو لە مێژووی ٢ کانوونی یەکەم ١٣١٥ ژمارە ٢٨٩٧ نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردن.



DH.MKT.02307.00113.001

18 شەوال 1317	02307.00113	DH.MKT.

١٨ شەوال ١٣١٧
٦ شوبات ١٣١٥
بۆ ویلایەتی موسڵ
بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای زێبـار عەلـی بـەگ دامـەزراوە، هـەر لەگـەڵ دەسـت بـەکار بوونـی لـە کارەکـەی مانگانـە ١٢٢٥ بـۆ دەبردرێتـەوە، لەگـەڵ دەسـت بـەکار بوونـی بـە گوێـرەی بریـاری نیزامنامـە کارەکان جێبەجـێ دەکرێـت و لەگـەڵ دەسـت بەکاربوونیشـی لـە ئەرکـی پێشـووی لـە مێـژووی دەسـت لـە کار کێشـانەوەی بـە ووتـەی ژمێریـاری راگەیەنـدرا.



هەواڵنامەی کێبڵ

DH.MKT.	02313.00022	2 زیلحیجە 1317

٢ زیلحیجە ١٣١٧
١٩ شوبات ١٣١٥
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لە پریشتەنی گوندی زێبار لە سەر بابەتی کچێك رووبەرووبوونەوە رووەداوە، ٥ کەس کوژراوە، هەروەها ٦ کەسیش برینداربووە، لە شوێن خۆی راگەیەندراوە، موتەسەرفی پریشتەن ئاگادار کراوەتەوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و ئەوانەی هۆکار بوون دەستگیر بکرێن، لەسەر ئەو بابەتە لە نێوان گوندەکان گفتوگۆ کراوە، بۆ ئەوەی ئەو رووداوە خراپە بەلایەك چارەسەر بکرێت، لەسەر کارەکانی قۆمیسیۆن کە لە پریشتەپی جولەی کردووە، لە بەرامبەر ئەوەدا مەلا سولو لەگەڵ خەواجەی گوندی کەنشنە و ئەوانەی لەگەڵی بوونە ٨٠٠ کەس کۆبوونەتەوە و چەکیان هەڵگرتووە، بۆ هاوکاری قۆمیسیۆنیش لە پریشتنە و لایەکانی تر ٥٠٠ کەس خەریکی رۆیشتنن، لە وەڵامدا بە موتەسەرفی وەکالەت ووتراوە، بۆ ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوەی پێویست مەلا سولو ئەوانەی هۆکاری ئەو کارە بوونە بۆ تەمبێ کردنیان لەلایەن حکوومەتەوە، بە ماوەی ١٠ رۆژ ئەو کۆمەڵەیە پەرشوبڵاو کراونەتەوە و رێگە نەدراوە بە تێکچوونی بارودۆخەکە، هەروەها راگەیەندراوە لە ماوەی چەند رۆژێکدا کار دەکرێت بۆ چاك کردنی نێوانیان، کە لە زیان زیاتر هیچ شتێك بەدوای خۆیدا ناهێنێت، هەروەها سوودی قۆمیسیۆنەکانیش نەبینراوە، پێویستە هەڵبوەشێنەوە، لە مێژووی ١٤ شوبات ١٣١٥ تەلەگرافنامە لە ویلایەت پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردن.



DH.ŞFR.00248.00006.001

5 سەفەر 1318	00248.00006	**DH.ŞFR.**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە ٨ مایـس ١٣١٦ بـۆ ئاشـت کردنـەوەی نێوانـی شـێخ سـدیق ئەفەنـدی و شـێخی بـارزان محەمـەد ئەفەنـدی بـە هەواڵـدان و قسـە کـردن لـە ویلایـەت، لێـرە و لـەوێ فەرمانبـەر بـە رێککەوتـن دابمەزرێـت، بـە کۆکردنـەوەی ئـەو لایەنانـە قسـەیان لەگـەڵ بکرێـت، هەروەهـا ئەنجامەکەشـی رادەگەیەندرێـت، لـە ٢٢ مایـس ١٣١٦.
حازم والی موسڵ



DH.MKT.	02372.00033	**13 ڕەبیعی یەکەم 1318**

١٣ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٨
٢٧ حوزەیران ١٣١٦
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لە ویلایەتی ڕۆژئاوای تەرابلوس قەزای غاریان قائیمقام حەسەن عیلمی ئەفەندی بۆ قەزای مسرات گوازراوەتەوە، بەهۆی هەندێك هۆکاری بەربەست رایگەیاندووە کە ماوەیەك پێویستی بە پشوودانە، هەروەها ناکرێت قەزای باسکراو ماوەیەکی درێژ بە کراوەیی بەجێ بهێڵدرێت، بۆیە دوور بخرێتەوە و لە شوێن ئەو یەکێکی تر دابمەزرێت، ئەو نووسراوانەی لە ویلایەتی ناوهاتوو نووسراوەتەوە، لە کۆتاییدا ناوبراو شوێنی ئەرکەکەی بەجێ هێشتووە و هاتۆتە دەرسەعادەت بە لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە ناوبراو لە قائیمقامیەتی قەزای غاریان لەلایەن جەنابی خەلافەتپەناهی بە فەرمانی پاشا ئەرکی دراوەتی، بە نووسراو باش کیتابەتی جەنابی ملوکانەی هومایۆن ئاگاداری دراوە، هەروەها لە چینی یەکەم قائیمقامی پێشووی زێبار مستەفا نەجاتی ئەفەندی لەوێ دابمەزرێت، کاغەزی وەرگێراو لەگەڵ نووسراوی ناوهاتوو پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی ڕای سەروو وەکالەتپەناهیە.



DH.MKT.02381.00030.001

DH.MKT.	02381.00030	2 ڕەبیعی کۆتایی 1318

٢ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٨
١٦ تەممووز ١٣١٦
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
مـزوری بـاڵا کـە سـەر بە قـەزای زێبـارە کرێی ئـەو زەوییانـەی کە بـۆ کەسـانێك جیاکراوەتەوە، لـە کاتـی کۆکردنەوەی کرێیەکـەی لەلایـەن قائیمقامـی قـەزای ناوبـراو محەمـەد عەلـی بەشـێوەیەکی خـراپ پارەکـە بەکاردەهێنێـت و ئـەو لێکۆڵینـەوە سـەرەتاییەی لەسـەری کـراوە، کاغـەزەکان نێـردراوە، ئـەو نـووسراوەی لـە مێـژووی ١٠ حوزەیـران ١٣١٦ ژمـارە ٣٥ لـە ویلایەتـی موسـڵ وەرگیـراوە پێشـکەش کـراوە، بـە مەبەسـتی لێکۆڵینـەوە حەواڵـەی شـورای دەوڵـەت کـراوە، ڕاوبۆچوونیـش بۆ سـەدارەتپەناهیە.



DH.MKT.02399.00054.001

DH.MKT.	02399.00054	10 جەمادی یەکەم 1318

١٠ جەمادی یەکەم ١٣١٨
٢ ئۆغستۆس ١٣١٦
بۆ ویلایەتی موسڵ
بەهۆی ئەو خزمەتانەی لە پێشوودا کردوویەتی، داواکراوە لە بەرێوەبەرایەتی یەکێك لە ناحیەکانی ناو ویلایەت دامەزرێت، لەلایەن تەحسیلداری (تحصیلدار) سوارە لە قەزای زێبار حاجی عەبدولباقی ئەفەندی داواکاری پێشکەشی سەدارەتپەناهی کراوە، لەگەڵ ئەوە نووسراو بۆ پایەبەرز رۆیشتووە، هەروەها ئەگەرچی ناوبراو لە دەرچووانی مەکتەب نییە، بۆیە بە گوێرەی نیزام بۆ بەرێوەبەرایەتی ناحیە گونجاو نییە، بە تێروانین لە داواکردنەکە لەوێ لە خزمەتی جۆراوجۆر و بە وەکالەت لە بەرێوەبەرایەتی ناحیە کاری کردووە، بە گوێرەی ئەو تێگەیشتنە حاڵێك نییە لەوەی رێگری بکرێت لە دامەزراندنی، لە ئەنجامدا بۆ دامەزراندنی لە بەرێوەبەرایەتی ناحیەیەك، لە سەروو هیممەت بکرێت.



DH.MKT.02405.00103.001

هەواڵنامەی کێبڵ

DH.MKT.	02405.00103	27 جەمادی یەکەم 1318

٢٧ جەمادی یەکەم ١٣١٨
٩ ئەیلوول ١٣١٦
بۆ ویلایەتی موسڵ و وان

ماوەی دوو ساڵە لەلایەن چەتەکانەوە دووچاری پەلامار بوونەتەوە، ئەو فەرمانبەرانەی کە لە ویلایەتی موسڵ و وان بۆ ناوچەکە رۆیشتوون، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانیان کە کردوویانە، لەگەڵ ئەوەی کارەکانیان پەسەند کراوە، کەچی بەهۆی بوێریکردنیانەوە تەمبێ نەکراون، لە کۆتاییدا پیاوەکانی شێخی بارزان محەمەد ئەفەندی لەگەڵ بەگزادەکانی برادۆست، لەلایەکی تر بە هاندانی یەکێك لە میرەکانی ئێران ئاغا خان لەگەڵ هەردوو هۆز، لەلایەن هاوەڵانی سەرهەنگ مەحمود بەگ کە لە مەرکوارده نیشتەجێیە، کەلوپەل و مەرومالاتیان تاڵان کردووە، هەروەها پیاوەکانیان کوشتووە و بریندارییان کردووە، رێگاکان داخراون، زەخیرە بۆ ناو قەزا نایەت، لەبەر ئەوە بۆ سەر سنوور بڕێکی باش سەربازی شاهانە نیشتەجێ بکرێت، جگە لەوە رێگاکان بپارێزرێن و کەلوپەلە دزراوەکان بگەڕێندرێتەوە و بوێریکەران تەمبێ بکرێن، بۆ ئەم داواکاریانە لە شەمدینان واژووی جۆراوجۆر کۆکراوەتەوە و بە تەلەگرافنامە نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردنیشی لە نەزارەتی دەرەوە نووسراو لە ٢٤ ئۆغستۆس ١٣١٦ ئاماژەی پێکراوە، هەروەها تەلەگرافنامەی باسکراو هاوپێچ نێردراوە، چۆنیەتی جێبەجێ کردنیشی لە ویلایەتی ناوهاتوو نووسراو کراوە، لەوێش دوا لێکۆڵینەوە کاری پێویست بکرێت و دواتریش لە ئەنجامەکەی زانیاری بدرێت.



DH.MKT.02415.00133.001

DH.MKT.	02415.00133	23 جەمادی کۆتایی 1318

٢٣ جەمادی کۆتایی ١٣١٨
٥ تشرینی یەکەم ١٣١٦
بۆ ویلایەتی موسڵ
عساف بەگ قائیمقامی پێشووی زێبار بە تەلەگراف داوای کردووە لە شوێنێك بە قائیمقام دامەزرێت، لەبەر بارودۆخەکەی ناوبراو گونجاو نییە لە قەزای زێبار لەم ئەرکە بەردەوام بێت، ئەمەش بە پەیوەندیدارانی سەروو راگەیەندراوە، لە مێژووی ٤ ئۆغستۆس ١٣١٣ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، بە تۆمار دەرکەوتووە هەروەها لە نەزارەت زانیارییەکان رێکخستنی بۆ دەکرێت، دواتریش جێبەجێ دەکرێت، لە یەکەم فەرماندا بە پشت بەستن بە بەرائەتی شورای دەوڵەت پێویستە بریاری لەسەر بدرێت، بە ئاگادار کردنەوەی ناوبراویش دەست بە کارەکە دەکرێت.



DH.MKT.02456.00058.001

DH.MKT.	02456.00058	11 زیلحیجە 1318

١١ زیلحیجە ١٣١٨
١٧ شوبات ١٣١٦
بۆ ویلایەتی موسڵ
لە مێژووی ٣٠ تشرینی دووەم ١٣١٦ ژمارە ٨٢ وەڵامی نووسراوی سەرووە، قائیمقامی قەزای زێبار، کۆچکردوو عەلی رزا ئەفەندی ئەو مووچەی هەیەتی، نیوەی مووچەکەی و ٥٪ی، کە دەکاتە ١٨٥٤ قوروش و نیو رادەستی کوڕەکەی مولازی دووەم عەلی رزا ئەفەندی لەگەڵ سەنەدەکەی بەیەکەوە دراوەتە میراتگری.



İ.HUS.00092.00009.001

6 ڕەمەزان 1319	00092.00009	.I.HUS

کۆشکی یلدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
٦٧٨٥
پێش ١٧ ساڵ لە زیندانی موسڵ زیندانی کراوە و لە دادگای پێداچوونەوە تا ئێستا ووردبینی کاغەزەکانی تەواو نەبووە، خضر کوڕی سەمەد زێباری، لە ماوەی زیندانیەکەی بۆ یەك ڕۆژیش بێت کاری خراپی نەکردووە و کاری نەگونجاوی نەبینراوە، بەهۆی مافی گشتییەوە لەبارەی لێخۆشبوونی سەروو بە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی لێخۆشبوون بیگرێتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٦ ڕەمەزان ١٣١٩ و لە ٤ کانوونی یەکەم ١٣١٧.
جەنابی شەهریاری سەر کاتیب



هەواڵنامەی کتێب

26 رەجەب 1319	00113.00047	DH.TMIK.M.

٢٢ تشرینی یەکەم ١٣١٧
بۆ ویلایەتی وان
(شیفرە)
شێخ سدیق ئەفەندی شەمدینانی لەگەڵ ٢٠٠ لە هاوەڵانی هێرشیان کردۆتە گوندەکانی هەنکە و پەتەر سەر بە برادۆست، ١٩٠٠ سەر مەڕ و ٢٠ سەر بارگیریان تاڵان کردووە، دوو پیاو و یەك ئافرەتیان کوشتووە و تاڵانکراوەکانیان بۆ قەزای نەهری بردووە، هەروەها نزیکەی ١٨٠ کەس لە گوندی پەتەر ماونەتەوە نازانرێت چ بیرۆکەیەکیان هەیە، هەروەها ناوبراوان یەکەم جار و ئەمجارە ئەو شتانەی تاڵانیان کردووە، بۆ وەرگرتنەوەیان و تۆڵەسەندنەوە، برادۆستیەکانی ناچار کردووە یارمەتی شێخی بارزان وەربگرن، بۆ ئەم مەبەستە لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە هاتووە، نووسراوەتەوە بەپەلە تاڵانکراوەکان بگەڕێندرێتەوە و رێگە نەدرێت جارێکی تر کاری ئاوا رووبداتەوە.



25 زیلقەعدە 1319	00119.00048	DH.TMIK.M.

مامەڵەی بەپەلە
٢٥ زیلقەعدە ١٣١٩
٢١ شوبات ١٣١٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
بەهۆی لێخۆشبوونیان بە مەبەستی سوپاس کردن لە نەوەکانی شێخ نوری ئەفەندی، لەوانە محەمەد نوری ئەفەندی لەگەڵ نور محەمەد ئەفەندی هاتوونەتە مەکەزی ویلایەت دوای وەرگرتنی ئامۆژگاری پێویست لەلایەن عەلی پاشاوە، هەروەها دوای ئەوەی رایانگەیاندوە کە هیچ کارێکی سەرپێچی و جولەیەکی سەرپێچیکار ناکەن، بەڵێننامەیان پێ دراوە و بەڵێننامەیان پر کردۆتەوە کە سەرپێچی ناکەن، لە ویلایەتی موسل نووسراو لە مێژووی ١٤ کانوونی یەکەم ١٣١٧ ژمارە ٤٥ بە هاوپێچ و مامەڵەی بەپەلەی قۆمیسیۆن بۆ ماوەی یەك مانگ زانیاری دەدرێتە جەنابی سەدارەتپەناهی، راگەیەندراوە، ئەمر و فەرمان.

هەوالنامەی کتێب



7 موحەررەم 1319	001652.123877	BEO.

٧ موحەررەم ١٣١٩
١٤ نیسان ١٣١٧
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ناو ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای زێبار محەمەد عەلی بەگ بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵی کراوە، بە بەمەبەستی دادگاییکردنی نێردراوەتە دادگا، لەسەر نووسراوی مێژووی ٢ رەبیعی کۆتایی ١٣١٨ ژمارە ٢٠٧١ و بە بریاری شورای دەوڵەت بە رەزامەندی فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی فەرموویەتی بریاری باسکراو هاوپێچ لەگەڵ وێنەی پەسەندکراوی داواکاری نێردراوە، هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.



BEO.	001764.132253	7 ڕەمەزان 1319

٧ ڕەمەزان ١٣١٩
٥ کانوونی یەکەم ١٣١٧
لە نەزارەتی دادوەری جەلیلە بۆ لایەنی سەروو
١٧ ساڵە لە زیندانی موسڵ زیندانی کراوە و لە دادگای پێداچوونەوە هێشتا کاغەزەکانی لە ووردبینی تەواو نەبووە، خضر کوڕی حەمەی زێباری لە ماوەی زیندانیەکەی بۆ یەك ڕۆژیش بێت کاری خراپی نەبینراوە، هەروەها پشت بەستن بە درێژنەکردنەوەی ماوەکەی و ئازادکردنی بە پەیرەوکردنی مافی گشتی بە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی فەرموویەتی، لەگەڵ ملوکانەی هومایۆنی باش کیتابەتی جەلیلە بە نوسراو باسکراوە و لە ویلایەتی ناوهاتوو بە تەلەگراف جێبەجێ کراوە، لە نەزارەتی جەلیلەش لە جێبەجێ کردن دایە.



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.	02477.00006	5 موحەررەم 1319

بۆ جەنابی دەوڵەت
٥ موحەررەم ١٣١٩
١٢ نیسان ١٣١٧
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
مێژووی ٨ مارت ١٣١٧ ژمارە ٢٠ وەڵامی نووسراوی دەستوری سەرووە
عەلی رزا ئەفەندی قائیمقامی قەزای زێبار بووە، دوای مردنی مووچەی قائیمقامیەتی کە ١١٦٨ قوروش بووە، لە شوێن خۆی پۆستە هاتووە، لە سانجەقی پۆلۆ دادگای شەرعی راگەیەندراوی شەرعی دراوە، بە گوێرەی ئەوە رادەستی میراتگری کوڕەکەی کراوە، لە بەرامبەر ئەوەشدا سەنەدێك لەگەڵ راگەیەندراوی شەرعی وەرگیراوە، لە ١٧ شوبات ١٣١٦ بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە، بە ووتەی ژمێریاری نووسراوەتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.



DH.MKT.02487.00085.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.	02487.00085	3 سەفەر 1319

٣ سەفەر ١٣١٩
٨ نیسان ١٣٠٧
بۆ ویلایەتی موسڵ

لە مێژووی ١٠ حوزەیران ١٣١٦ ژمارە ٣٥ وەڵامی نووسراوی پایەدار، قائیمقامی قەزای زێبار محەمەد عەلی بەگ بەهۆی خراپەکاریەکانیەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە و بۆ دادگا بانگ کراوە، لەم بارەیەوە بە بریاری شورای دەوڵەت بە رەزامەندی فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی راگەیەندراوە، لە مێژووی ١٧ نیسان ١٣١٧ ژمارە ٥٩ لە نووسراوی سەدری ئەعززەم باسکراوە هەروەها بریاری باس کراویش بە داواکاری لەگەڵ وێنەی پەسەندکراوی بۆ پایەداری سەروو نێردراوە.



DH.MKT.02510.00096.001

28 ڕەجەب 1319	02510.00096	DH.MKT.

٢٨ ڕەجەب ١٣١٩
٢ تەممووز ١٣١٧
بۆ ویلایەتی موسڵ
لە بارەی قائیمقامی زێبار محەمەد عەلی بەگ بە تەلەگرافنامەی ویلایەت لە مێژووی ٣٠ مایس ١٣١٧ داوا کراوە کاغەزەکانی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بەمەش لە شورای دەوڵەت بردراوە و هاوپێچ دراوەتە سەروو.



DH.TMIK.M.00129.00035.001

11 جەمادی یەکەم 1320	00129.00035	DH.TMIK.M.

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
قائیمقامی عەقرە لەگەڵ بریکاری بەرێوەبەری زێبار بۆ بەدەست هێنانی پارەوپول لە بنکە ئامادەیی هاوکاری کردنیان نیشان داوە، بە سەرقاڵ بوون بەم دەست کەوتنە و لە خاڵی گونجاودا شوێن خۆیان بگرن، هەروەها لە تەلەگرافنامەکەی تری بە شیفرە لەلایەن بەندەمەوە راگەیەندراوە، شێخ سدیقی شەمدینانی بەهۆی سنوور بەزاندنیەوە بە هۆکاری قەدەغەکردن و رێگری کردن ئاغای تابور حەسەن ئاغا لەگەڵ هاوەڵانی بە ٨٠ کەس یەك مەفرەزە سوارەی ئێستر نێردراوە، یەك مانگ زانیاری رادەگەیەندرێت، فەرمان.

لە ٢ ئۆغستۆس ١٣١٨
والی نوری



DH.TMIK.M.00130.00002.001

18 جەمادی یەکەم 1320	00130.00002	DH.TMIK.M.

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
ئەو تەلەگرافنامەیە بە شیفرەیە کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
لە ٢ ئۆغستۆس ١٣١٨ ئەو تەلەگرافنامە بە شیفرەیەی کە راگەیەندراوە، لە ژێر کاریگەری مەفرەزەی پۆلیس پیاوەکانی شێخ سدیق و شێخەکانی بارزان و بیجێل کۆمەڵەکەیان پەرشوبڵاوبوونەتەوە، هەر کەسە کشاونەتەوە شوێنی خۆیان هەروەها لەلایەن جەنابی خەلافەتپەناهی بۆ سەروو باسی رووداوەکان نەکراوە، مەفرەزەی پیادە بە کارە گرنگەکەیان سەرقاڵن، فەرمان راگەیەندراوە.

والی موسڵ
٨ ئۆغستۆس ١٣١٨



DH.ŞFR.00287.00004.001

7 ڕەبیعی یەکەم 1320	00287.00004	DH.ŞFR.

گەیشتنی بۆ ناوچەکەی کردۆتەوە بەهانە، بۆیە نێردراوەتە لای شێخ ڕەشید ئەفەندی کوڕی شێخ سدیق ئەفەندی، هەروەها ئەنجامەکەشی ڕاگەیەندراوە، فەرمان.

١ حوزەیران ١٣١٨
تاهیر والی وان



DH.ŞFR.00289.00135.001

10 جەمادی یەکەم 1320	00289.00135	DH.ŞFR.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

قائیمقامی عەقرە لەگەڵ بریکاری بەرێوەبەری زێبار بۆ وەرگرتنی پارەوپول لە بنکە هاوکاری خۆیان نیشان داوە، هەروەها تەلەگرافی بە شیفرەکەی تری بەندەمان راگەیەندراوە، بۆ رێگری کردن لە سنور بەزاندنەکانی شێخ سدیقی شەمدینانی، ئاغای تابور حەسەن ئاغا بە هاوەڵی ٨٠ کەس مەفرەزەیەك سوارەی ئێستر نێردراوە، زانیاریەکان رادەگەیەندرێت، فەرمان.

لە ٢ ئۆغستۆس ١٣١٨
نوری والی موسڵ



DH.ŞFR.00290.00048.001

DH.ŞFR.	00290.00048	16 جەمادی یەکەم 1320

١٨ ئۆغستۆس ١٣١٨

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لـە ٢ ئۆغسـتۆس ١٣١٨ تەلەگرافنامـەی بـە شـیفرە راگەیەنـدراوە، لـە ژێـر کاریگـەری مەفـرەزەی پۆلیـس کۆمەڵـەی پیاوەکانـی شـێخ سـدیق و شـێخی بـارزان و بیجیـل پەرشـوبڵاوبوونەتەوە، هـەر یەکـە کشـاونەتەوە بـۆ شـوێن و ماڵـی خـۆی، لـە سـایەی جەنابـی خەلافەتپەناهـی لایەنـی سـەروو لـە رووداوەکـە ئـاگادار نەکراوەتـەوە، داهاتـی مەفـرەزەی پیـادەش بـە کاری گرنگـەوە خەریـك بـووە، راگەیەنـدراوە، فەرمـان.

نوری والی موسڵ



8 ڕەجەب 1320	00294.00107	DH.ŞFR.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لە ٢٢ ئۆغستۆس ١٣١٨ دوای مامەڵەی باشی نێوان کوردە نەستوریەکانی جۆلەمێرگ، بە پێی شوێنەکانیان ئاشت بوونەوەیان پێویست بوو و ئامادەکاریشی بۆ کراوە، هەرچی ئەنجامەکەیەتی رادەگەیەندرێت، هەروەها لە بارەی ویلایەتی بەتلیس و قەزاکانی بەرواری و زێبار لە مێژووی ١٨ مایس ١٣١٨ بە تەلەگرافنامە فەرمان دراوە ئاژۆڵەکان وەرگیراونەتەوە و دەدرێنەوە خاوەنەکانیان، ئەمەش لە شوێن خۆی رادەگەیەندرێت، لە ٢٨ ئەیلوول ١٣١٨.

تاهیر والی وان



DH.ŞFR.00335.00032.001

18 جەمادی یەکەم 1322	00335.00032	DH.ŞFR.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لـە ١٢ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٠، ٣٠ ئۆغسـتۆس ١٣٢٠ بـە تەلەگـراف راگەیەنـدراوە، بەرێوەبەرایەتیەکـە بەتاڵە، غەریب ئەفەنـدی لـە زێبـار لـەم بەرێوەبەرایەتیـە دامـەزراوە و بـۆ ئـەو شـوێنە رۆیشـتووە، بـەڵام بەهـۆی بوونـی گلەیـی لەلایـەن ئینگلیزەکانـەوە لێـی وەرگیراوەتـەوە، لەبـەر ئەوەیـە ئەمـرۆ کـەس لـەم بەرێوەبەرایەتیـە نییـە، بـۆ فەرمـان راگەیەنـدراوە، لـە ١٨ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٠.

فەخری بریکاری والی بەسرا



هەواڵنامەی کتێب

BEO.	001913.143424	20 جەمادی یەکەم 1320

شورای دەوڵەت
دیوانی دارایی
ژمارە ١٨٦٣
لە نەزارەتی ناوەخۆ بۆ شورای دەوڵەت حەواڵە بووە، نووسراو لە مێژووی ١٦ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٠ ژمارە ٢٥١٣ لە فەرمانگەی دارایی خوێندرایەوە
بە تێروانین لە بارزانی شێخ محەمەد ئەفەندی و شێخ سدیق ئەفەندی شەمدینانی، بۆ چاککردنەوەی پەیوەندی نێوانیان فەرمانبەر نێردراوەتە شەمدینان، قائیمقامی عەقرە سالح پاشا لەگەڵ ٨ کەسی پۆلیس بە هاوەڵی کردنی رۆیشتوون، لە ناو ویلایەتی وان تا ماوەی دوو مانگ پۆلیسەکان لەوێ بوون، لەگەڵ ئەوەی خەرجیان رێکخراوە، بە گشتی خەرجیەکە بە یەکلاییکەرەوە ٥٠٠٠ قوروش لە ویلایەتی موسڵ رێکخراوە، هەروەها ئاماژە کردن بە مەبەستی لێکۆڵینەوە یاخود بە هۆکارێکی تر بۆ شوێنێکی تر دەروات بە گشتی بە بریارنامەی خەرجی رێگای فەرمانبەران پێویستە ئەو خەرجی رێگایە خەرج بکرێت، ئەگەر بەشی نەکرد بۆ وەرگرتنی خەرجی رێگاکە ئەوا لێکۆڵینەوە دەکرێت و برەکەی لە شوێنی خۆی دەکرێت بە بریار، ئینجا بۆ مۆڵەت وەرگرتنەکەش بە بریار دەدرێت، بۆ جێبەجێ کردنی لە نەزارەتی ناوبراو نووسراو حەواڵە کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٠ جەمادی یەکەم ١٣٢٠ و لە ١٢ ئۆغستۆس ١٣١٨.



هەواڵنامەی کتێب

ŞD.	02719.00047	**20 جەمادی یەکەم 1320**

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
مامەڵەی بەپەلەی قۆمیسیۆن
ژمارە ٢٥١٣
جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندە
شێخ محەمەد ئەفەندی بارزانی و شێخ سدیق ئەفەندی شەمدینانی بۆ چاککردنەوەی بارودۆخی نێوانیان قائیمقامی عەقرە سالح پاشا لەگەڵ هەشت کەس لە هاوەڵانی ئەو ئەرکەیان پێ سپێردراوە و بۆ شەمدینان رۆیشتوون، لە ناو ویلایەتی وان دوو مانگی خەرجی پۆلیسەکانی رێکخستووە، هەرچی خەرجی گشتییە پاشای ناوبراو بە شێوەیەکی یەکلایی کەرەوە ٥٠٠٠ قوروش لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت پەسەند کراوە، لە ویلایەتی موسلیش بە نووسراو راگەیەندراوە، بە حەواڵە کردنی بۆ ژمێریاری لە پەراوێزی نووسراوەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە یاخود بە هۆکارێکی تر بۆ شوێنێکی تر دەروات، بە گشتی بە گوێرەی بریارنامەی خەرجی رێگای فەرمانبەران، ئەو خەرجی رێگایەی کە پێویست بووە بدرێت بە لێکۆڵینەوە دیاری بکرێت کە پێویستە چەند خەرج بکرێت، هەر کە پێویستی کرد خەرجی رێگا دابین بکرێت، ئەوا برەکەی لە شوێنی خۆیدا دەکرێتە بریار و بۆ مۆڵەتەکەشی بە بریاری شورای دەوڵەت نووسراوی سەدری ئەعزەمی سەدارەتپەناهی لە ٨ ئۆغستۆس ١٣١٢ نووسراو کراوە، بە مۆڵەتی ژمێریاری و لە مامەڵەی بەپەلەی قۆمیسیۆن باس کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٦ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٠ و لە ٩ تەممووز ١٣١٨.
نازری کاروباری ناوەخۆ



DH.TMIK.M.00163.00014.001

هەواڵنامەی کیب

DH.TMIK.M.	00163.00014	1 زیلقەعدە1321

ویلایەتی وان
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٣٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بۆ جەنابی دەوڵەت
ناحیەی هەرکی کوردی سەر بە قەزای شەمدینان لە گوندی شانی شان لەلایەن پیاوەکانی شێخی بارزان محەمەد ئەفەندی سەر بە ویلایەتی موسڵ تووشی پەلامار بۆتەوە، ئەمجارە لە پەلامار و تێکدانەکە لەوێ ئامادە بوونە، لەسەر ووتەی ئەوانەوە ئەو نووسراوانەی لەلایەن موتەسەرفی هەکاری بۆ قائیمقامیەتی شەمدینان نێردراوە، پێشکەشی نەزارەتپەناهی کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

تاهیر والی وان
لە ١ زیلقەعدە ١٣٢١ و لە ٥ کانوونی دووەم ١٣١٩



هەواڵنامەی کتێب

15 زیلحیجە 1321	00164.00019	DH.TMIK.M.

١٥ زیلحیجە ١٣٢١
١٩ شوبات ١٣١٩
بۆ ویلایەتی موسڵ
مانگی رابردوو لە کۆتایی مایس ئەو سەربازی شاهانەیەی کە لە لایەنی موسڵ بوونیان هەبوو، ئەنیس بەگ میری ئاڵای لەگەڵ هەندێك لە پیاوەکانی شێخ محەمەد بارزانی کە ناویان نووسراوەتەوە بە هاوکاری ئەوانەوە یەك مەفرەزە سەرباز پێك هیناوە و تێکەڵی کردوون، پەلاماری گوندەکانی داوە، ئەو کەلوپەلانەی کە دیاری کراون تاڵانیان کردووە و پەلاماریان داون، جگە لەوە خانەکانی گوندیان تێك داوە و سووتاندویانە لەگەڵ ئەوەش دەستدرێژیان کردۆتە سەر ئافرەت و پیاوێکیان کوشتووە و کچێکیشیان بریندار کردووە، لەگەڵ بەرز کردنەوەی ئەو بارودۆخە پێداچونەوە هیچ سوودێکی نەبووە، سکاڵا و داواکردن بە ناوی دانیشتوانەوە لە قەزای رواندز ناحیەی شێروان لە گوندی گەلکە بە مۆری مەلا موسای گوندنشین داواکاری نێردراوە، بۆ پەلەکردن لەم مامەڵەیە بە ووتەی قۆمیسیۆن هاوپێچ بۆ سەروو نێردراوە، بە تێروانینی وورده‌وە ئەوەی نووسراوەتەوە بەپەلە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.



DH.TMIK.M.	00165.00046	**29 زیلحیجە 1321**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

بە تێروانین لە تەلەگرافنامەی قائیمقامیەتی شەمدینان ئاگاداری کاریگەر دراوە بۆ جێبەجێ کردن و ئامادەکاری، رای سەرووش بۆ نەزارەتپەناهیە، فەرمان، لە ٩ نیسان ١٣٣٠.

تاهیر والی وان

وێنەیەکیتی

ماوەی ساڵێکە بەهۆی رووداوەکانی سەر سنووری قەزاکەمان لەلایەن بەندەمانەوە راگەیەندراوی تێروتەسەل راگەیەندراوە، بۆ شێخی بارزان محەمەد ئەفەندی کوڕەکەی عەبدولسەلام و لە پیاوەکانی لە ناحیەی زێبار فەقی عەبدولرەحمان و ئەحمەد شێخ مستەفا شێروانی و براەری محەمەد ئاغا و خان ئەبدال لە سەرکردەی چەتەکان، ئەمجارەش زیاتر لە ٤٠٠ جانەوەر چوونەتە سەر سنووری قەزای شەمدینان هێرشیان کردۆتە سەر گوندی شانشا و ناحیەی گەردی و مەرومالات و کەلوپەلی دانیشتووانیان تالان کردووە و خانەکانیان سووتاندووە، هەروەها ٩ پیاویان بریندار کردووە و ٤ پیاویان بە دیل گرتووە و ٥ پیاویشیان کوشتووە، بەم بوێرەی کە کردوویانە کاغەزی لێکۆڵینەوەی بەرێوەبەرایەتی ناحیەی گەردی نێردراوە و لەگەڵ پشت راست کردنەوەی لەبەر ئەو خیانەتەیان پێویستە یاسا جێبەجێ بکرێت، شتە تالانکراوەکان بگەڕێندرێتەوە، هەروەها سنووری قەزاکەمان شێروان و مزوری و برادۆست و عەقرە لە لکێنراوەکانی رواندزە، لەگەڵ ناحیەکانی زێبار ببەسترێنەوە بە یەکتری و بە رێکخستنی کارگێری بخرێنە ژێر پارێزگاری کردنەوە، هەرچی زووە هۆکارەکانی چارەسەر بکرێن و تاوانباران بگیرێن، بە پێچەوانەوە ئەو هێرش و پەلامارانە زیان بە دانیشتووان دەگەیەنێت و کۆتاییان نایەت، گرنگی ئەو بابەتە ئاماژەی پێکراوە.



DH.ŞFR.00303.00115.001

2 موحەررەم 1321	00303.00115	DH.ŞFR.

نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ١٣ مارت ١٣١٩ پەلاماردانی زێبار لەلایەن شەمدینانەوە هیچ راستییەکی تێدا نییە، شێخ سدیق لەگەڵ ئەو شوێنەی کە ئاژەڵەکانی خەڵکی شەمدینانی لێیە، نێوانی لەگەڵ زێبار رووبارێکی گەورەی وەکو زاب هەیە، ناتوانن هاتووچۆ بکەن، بۆیە ناتوانرێت پەلاماری یەکتر بدەن، بە گوێرەی ئامازەپێکردنیەوە، فەرمان.
لە ١٨ مارت ١٣١٩
تاهیر والی وان



DH.ŞFR.00341.00022.001

DH.ŞFR.	00341.00022	**27 زیلحیجە 1321**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ٢٨ شوبات ١٣٢٠ بۆ شوێنی خۆی ئاگاداری پێویست نێردراوە، بە گوێرەی بارودۆخەکە ئەوانەی لەوێ هاتووچۆ دەکەن لەگەڵ شێخ ئەفەندی رێککەوتنیان نەبووە، دوای ئەوەی بارزانیەکان لە هەر سنووربەزاندنێك خۆیان بە شێخ ئەفەندی دەبەستنەوە، ئەگەر هاتوو سنووربەزێنن لەم حاڵەتە لە بارەی رێگە نەدانیان ئاگاداری ویلایەتی موسڵ کراوەتەوە.

٢ مارت ١٣٢٠
تاهیر والی



هەواڵنامەی کتێب

14 موحەررەم 1321	00684.00053	DH.MKT.

١٤ موحەررەم ١٣٢١
٣٠ مارت ١٣١٩
بۆ ویلایەتی موسڵ
وەڵامی تەلەگرافنامەی مێژووی ١١ شوبات ١٣١٨ سەرووە، ئەو فەرمانبەرانەی لە کاتی ئەرکی فەرمانبەرایەتی خراونەتە ژێر دادگایی کردنەوە، لەو مێژووەی کە لە کارەکانیان قەدەغەکراون، مووچەکانیشیان براوە و دەستگیر کراون، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنیاندا بە تەواوەتی بێتاوانیان دەرخراوە و دووبارە گەڕاونەتەوە سەر کارەکانی خۆیان، هەروەها تا ئەو کاتەی بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێنەوە یاخود دادەمەزرێن، یاخود بە گوێرەی پێویست دەگۆردرێنەوە، لەو مێژووەی کە مووچەکانیان براوە تا مێژووی ئەو ڕۆژەی دەگوازرێنەوە و دەگۆردرێنەوە نیوەی مووچەکانیان پێ دەدرێت هەروەها بە بریارنامەی خەرجی ڕێگا، ماددەی شەشەم لەسەریان جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش بە فەرمانی پاشای جەنابی فەرمانی پاشا بە پشت بەستن بە ماددەکانی نیزامیە قائیمقامی قەزای زێبار، محەمەد عەلی بەکر بێتاوانی بۆ دەرچووە و بە گوێرەی ماددەی ناوهاتوو لەو مێژووەی کە دەستی لە کارەکەی کێشاوەتەوە، تا ئەو کاتەی دەست بە کارەکەی دەکاتەوە نیوە مووچەی بۆ هەژمار بکرێت و پێی بدرێت، بە ووتەی ژمێریاری ڕاگەیەندراوە.



هەواڵنامەی کتێب

23 موحەررەم 1321	00689.00071	DH.MKT.

٢٣ موحەررەم ١٣٢١
٨ نیسان ١٣١٩
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
لە ناو ویلایەتی موسڵ لە بەرێوەبەرایەتی ناحیەی زێبار، عەبدولفەتاح ئەفەندی دامەزراوە، بۆ خەرجی رێگا ١٣٦٤ قوروش و ١٠ پارە لە ساڵی ١٣١٩ لە داهاتی ناوەخۆ خەرج دەکرێت و نێردراوە، بە ووتەی ژمێریاری راگەیەندراوە.

٢١ سەفەر ١٣٢١
٦ مایس ١٣١٩
بۆ ویلایەتی موسڵ
لە بەرێوەبەرایەتی ناحیەی زێبار عەبدولفەتاح ئەفەندی دامەزراوە، بە گوێرەی نووسراوی مێژووی ١٣ شوبات ١٣١٨ ژمارە ١٦٣ پەسەند کراوە، ناوبراو لە مێژووی دەست پێکردنی ئەرکەکەی مانگانە ٤٠٠ قوروش مووچەی بۆ براوەتەوە، لەوێ کارەکە جێبەجێ دەکرێت، هەروەها لەگەڵ مێژووی دەست پێکردنی خزمەتەکەی لێرە خەرجی رێگای بۆ رێك دەخرێت، بە ووتەی ژمێریاری راگەیەندراوە.



18 سەفەر 1321	002071.155263	BEO.

١٨ سەفەر ١٣٢١
٣ مایس ١٣١٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
هاوپێچی نووسراوی مێژووی ١١ سەفەر ١٣٢١، بابەتی زێبار بە تەواوەتی رێکنەخراوە هەروەها هەندێك لە رێگا لادراوەکان چاوەرێی دەرفەتێك دەکەن، هەندێکیشیان بۆ رێککەوتن ئامادە نین، لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی جەلیلە راگەیەندراوە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم راگەیەندراوەش و دەستکەوتنی ئەنجامەکەی موشیرەتی ناوهاتوو بە مەبەستی راگەیاندن نووسراوی مێژووی ١٥ سەفەر ١٣٢١ ژمارە ٧٩٩ ی سەر عەسکەر بۆ دەوڵەت نێردراوە، هەروەها بە تێروانین لە ئاماژەی پێشوو هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردن و کۆتایی هێنان.



DH.TMIK.S.00053.00047.001

18 ڕەبیعی یەکەم 1322	00053.00047	DH.TMIK.S.

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە
گوایە دانیشتووانی ناحیەی شێروان بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی مۆڵگەی زێبار داوایان بەرزکردۆتەوە و چوونەتە زێبار، ئەگەرچی دانیشتووانی مزوریش بۆ لاسایی کردنەوەی ئەوان و چاودێریکردن لە ڕەواندز ئاگادار کردنەوە نێردراوە، ئەمڕۆ لە لایەنی سەربازی نووسراوی بینباشی ڕەدیفی زێبار دەرکەوتووە شێروانیەکان بۆ زێبار ڕۆیشتوون، هەروەها روون بۆتەوە پەلامار و سنووربەزاندنی شێخ سدیقی جانەوەر بەرەوپێشچووە، لەگەڵ ئەوە موتەسەرفیەتی کەرکووك و قائیمقامیەتی عەقرە ئامۆژگاری پێویست نێردراوە، بۆ ڕێگەگرتن لە شێخی ناوبراو ئاگاداری پێویست بۆ ویلایەتی وان نێردراوە تا کارەکان جێبەجێ بکرێت، فەرمان، لە ١٧ مایس ١٣٢٠.
والی



هەواڵنامەی کتێب

DH.TMIK.M.	00171.00026	**1 جەمادی کۆتایی 1322**

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ٦٧
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت
قەزای شەمدینان لە ناحیەی گەردی دانیشتوانی گوندەکانی هرکشك و ئاینەدار لەلایەن بارزانیەکانەوە مەروماڵاتیان و بزنیان تاڵان کراوە، لە ویلایەتی وان سێ پارچە داواکاری پێشکەش کراوە، بە لێکۆڵینەوە فەرماننامەی جەنابی نەزارەتپەناهی لە مێژووی ٤ مایس ١٣٢٠ ژمارە ٤٢ ئاماژەی پێکراوە، هەروەها چۆنیەتی ئاماژە پێکردنەکە بە قائیمقامیەتی عەقرە راگەیەندراوە، ئەمجارە بە گوێرەی ئەو وەڵامەی وەرگیراوە، هاوپێچ نووسراوی بەرێوەبەرایەتی زێبار و لە داواکاریەکانی ناوهاتوو لەو مێژووەی کە ئاماژەی پێکراوە، لە زێباریەکان یەك تاکە کەس نەچۆتە ناحیەی گەردی بە پێچەوانەوە ئەگەرچی شێخ سدیقی شەمدینانی وەکو جموجۆڵی هەمیشەی لەگەڵ خەڵکی ناحیەی ناوهاتوو لەگەڵ هەندێك هۆز بە یەکگرتوویی هێرشیان کردۆتە سەر زێبار، مەفرەزەی نیزامیە بە ترسەوە کشاونەتەوە، بابەتی کاری تاڵانکاری زێباریەکان هیچ مانای نییە و لە راستییەوە دوورە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەی کە فەرمان دەردەکات.
١ جەمادی کۆتایی ١٣٢٢ و ٣١ تەممووز ١٣٢٠
نوری والی موسڵ



DH.TMIK.M.00175.00044.001

14 ڕەبیعی کۆتایی 1322	00175.00044	DH.TMIK.M.

نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ناو موسڵ فەقی عەبدولڕەحمان بارزانی لەگەڵ ١٠٠ کەس لە هاوەڵانی چۆتە شەمدینان لە گوندی پەسکان نیشتەجێ بووە، لە ناحیە و گوندەکان بە کۆمەڵ دەستی بە تاڵان و پەلاماردان کردووە، هەروەها سووتاندوویەتی، لەگەڵ موتەسەرفی هەکاری لە شەمدینان لەگەڵ شێخی پاشا ئاماژەی پێکراوە، لە بارودۆخێکی ئاوا نابێت ڕێگە بدرێت ئاسایش تێك بدرێت، هەروەها بە پەلە دەست بە کار بکرێت، فەرمان.
لە ٥ حوزەیران ١٣٢٠
تاهیر والی وان



DH.TMIK.M.00181.00071.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.TMIK.M.	00181.00071	**27 جەمادی کۆتایی 1322**

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
شیفرەی ئەو تەلەگرافنامەیە کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
هاوپێچی وەڵامی تەلەگرافنامەی ٥ تەممووز ١٣٢٠..... بریکاری قوماندانی ژاندارمە بۆ زێبار نێردراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئەرکەکەی سەرکەوتوو نەبووە، لەگەڵ موشیری جەلیلە بە گفتوگۆکردن میری ئاڵای سوارە ئەنیس بەگ نێردراوە، بە گوێرەی ئەو ئاگاداری و ئامۆژگاریانەی کە پێشکەشی کراوە، دەرکەوتووە لەبەر زوڵمەکانی قوماندانی ژاندارمە پشتی لێکراوە، ئەو گەردیانەی بەشداری رووداوەکانیان کردووە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە نێوانیان ئەوەی پەیوەستە بە سەربازی شاهانە دوو تفەنگ و چوار قاتور و بریك فیشەك بۆ جەنابی پاشا بە بێ رووداو کۆکراوەتەوە، بە گەیشتنی بۆ مەکەزی ویلایەت رادەستی لایەنی سەربازی کراوەتەوە، لە بارەی هۆکار و بەشەکانی رووداوەکە لەلایەن ناوبراوەوە لەگەڵ ژورنالی پۆستە پێشکەش کراوە، فەرمان.

نوری والی
لە ٢٥ ئۆغستۆس ١٣٢٠



هەواڵنامەی کتێب

DH.TMIK.M.	00182.00009	1 رەجەب 1322

ویلایەتی وان
قەڵەمی نووسین ٧٢
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت
یەك مانگ پێش ئێستا فەقێ عەبدولرەحمان بارزانی لەگەڵ هاوکارەکەی دەستدرێژیان کردۆتە سەر ناحیەی گەردی، لە قەزای شەمدینانیش ئەو موسەوییانەی لەوێ نیشتەجێن، بایی ٢٠٠ لیرە کەلوپەلیان لەگەڵ ٣٠٠ لیرە پارەیان تاڵان کراوە، هەروەها ٢ پیاویان کوژراوە، لە بارەی لێکۆڵینەوە لەم کارە دراوەتە حکوومەتی خۆچێی، لە موتەسەرفی هەکاریش داواکاریەکانیان نێردراوە، هاوپێچ پێشکەشی نەزارەتپەناهی کراوە، بە گوێرەی نووسراوەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارە داوای هاوکاری کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ٢٦ جەمادی یەکەم ١٣٢٢ و لە ٢٦ تەممووز ١٣٢٠
تاهیر والی وان



DH.TMIK.M.00182.00027.001

DH.TMIK.M.	00182.00027	3 رەجەب 1322

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
شێخ سدیقی شەمدینانی لەگەڵ شێخی محەمەد بارزانی بۆ تۆڵە سەندنەوە لە یەکتر هەردوو لا جانەوەر کۆدەکەنەوە، ئەمە بە قۆماندانیەتی رواندز راگەیەندراوە، بۆ رێگەگرتن لە سنووربەزاندن و سەرپێچیەکانی شێخ محەمەد، ئاگاداری دراوەتە قائیمقامیەتی عەقرە و قۆماندانیەتی ناوهاتوو، جگە لەوە بۆ یەك رۆژیش بێت رێگە نەدراوە شێخ سدیق سەرپێچی بکات، بۆ پەرشوبڵاوکردنەوەی کۆمەڵەکەی لە ویلایەتی وان فەرمان دراوە، راگەیەندراوە.

لە ٢٨ ئۆغستۆس ١٣٢٠
نوری والی موسڵ



DH.TMIK.M.00183.00053.004

DH.TMIK.M.	00183.00053	**29 ڕەجەب 1322**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لـە ٢٧ ئەیلـوول ١٣٢٠ دانەیـەك تەلەگـراف لەلایـەن سـوڵتان و هاوەڵانـی لـە شـەمدینان هاتـووە، وەرگیـراوە و خوێندراوەتـەوە، شـێخ محەمـەدی بارزانـی لەگـەڵ هەندێـك لـە هـۆزەکان بـە مەبەسـتی تۆڵەسـەندنەوە خـودی خـۆی دەیەوێـت بـۆ شـەمدینان و ناحیەکانـی نیـروە و دەریکنـاری سـەر بـە عەمادیـە بـروات، بـە گوێـرەی ئـەو هەواڵـەی وەرگیـراوە، ئـەو کۆمەڵەیـەی پێکـی هێنـاوە، بـە ڕێگەی مەفرەزەیـەك پێکهێنراوە بـۆ ئەوەی ئـەو کۆمەڵەیە پەرشـوبڵاو بکاتـەوە، لەلایەنـی عەمادیـەش بـە ڕاگەیەنـدراوی ژاندارمـە بینباشـی تۆفیق بـەگ دەرکەوتـووە، فەرمان، لـە ١٣ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٠.

نوری والی موسڵ



12 شەعبان 1322	00184.00048	**DH.TMIK.M.**

بۆ ویلایەتی موسڵ

ئەو مەفرەزەیەی لە شەمدینانە بووە لەلایەن هۆزی بارزانەوە تفەنگیان لێ سەندراوە و بردوویانە، بۆ گەرانەوە و تەمبێ کردنی ئەوانەی بوێری ئەو کارەیان کردووە، ئەو هێزە سەربازیەی بۆ ویلایەت نێردراوە، تەنیا چەکەکانیان گەراندۆتەوە، لە بارەی تەمبێ کردنی تاوانباران نەدۆزراونەتەوە، بەم شێوەیە هەندێکیان بوێریان زیادی کردووە، دیسان هاتوونەتە شەمدینان لە سنووری ناحیەی گەردی هەرەشەیان لە خەڵك کردووە، بە ئاگادار کردنەوەی ویلایەتی وان بۆ جێبەجێ کردن و ئەنجامەکەشی لە قومیسیۆن قسەی لەسەر کرا.



17 شەوال 1322	00188.00041	DH.TMIK.M.

٢ رەجەب ١٣٠٩
٢٠ کانوونی دووەم ١٣٠٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
قائیمقامی قەزای شەهربازار عەبدولقادر بەگ بەهۆی ئەوەی لە کاتی جموجۆڵی ناپەسەندی پشدەرەکان هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە، هەروەها قائیمقامی قەزای زێبار عەبدوڵڵا ئەفەندی بەهۆی خواردنەوەی، مانەوەیان گونجاو نییە، بۆ ئەم مەبەستە بۆ قائیمقامی شەهربازار قائیمقامی رانیە، عەبدولرەحمان بەگ کە لە کارەکەی دوور کەوتۆتەوە، دامەزرێت، بۆ قائیمقامیەتی زێباریش کەسێکی گونجاو هەڵبژێردرێت و مۆڵەتی پێ بدرێت، ئەگەر چی لە ویلایەتی موسڵ ئاماژە بە ئەوە کراوە، بەڵام عەبدولرەحمان بەگ هەڵنەبژێردراوە و ئەوەی تریش خودی خۆی دانەمەزراوە، بۆیە بۆ قائیمقامیەتی شەهربازار لە چینی سێیەم عارف هەڵبژێردراوە و بۆ قائیمقامیەتی زێباریش لە هەمان چیندا حاجی سەعید ئەفەندی هەڵبژێردراوە کە لە قائیمقامیەتی سیلوان دوور کەوتۆتەوە، بۆ دەست کردن بە ئەرکەکانیان نووسراو کراوە، لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەر داواکاری لەگەڵ دوو پارچە نووسراوی وەرگێردراو نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردن.



DH.ŞFR.00326.00011.001

هەوڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.	00326.00011	**2 سەفەر 1322**

نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە ٢٠ مـارت ١٣٢٠، لـە شـەمدینان کۆنەبوونەتـەوە، کاتێـك بارزانیـەکان هێرشـیان کردۆتە سـەر گوندی شاناشـان، ئەو کەسـانەی بـۆ چاودێـری رۆیشـتوون، دواتـر گەراونەتـەوە، تەلەگرافنامەی پاشـا راگەیەنـدراوە، لە ٥ نیسـان ١٣٢٠.
تاهیر والی وان



DH.ŞFR.00328.00121.001

DH.ŞFR.	00328.00121	15 رەبیعی یەکەم 1322

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

گوایە دانیشتووانی ناحیەی شێروان بۆ دووبارە رێکخستنەوە کارگێری مۆڵگەی زێبار چوونەتە زێبار، خەڵکی مزوریش لاسایی و چاودێری ئەوانیان کردووە، ئەگەرچی ئەمە لە رواندز راگەیەندراوە، ئەمرۆ لەلایەنی سەربازیەوە نووسراوی بینباشی رەدیفی زێبار رۆیشتووە، بە گوێرەی ئەو نووسراوانە هۆکاری نەرۆیشتنی شێروانیەکان بۆ زێبار دەگەڕێتەوە بۆ سنوور بەزاندن و پەلامارەکانی جانەوارەکانی شێخ سدیق، لە موتەسەرفیەتی کەرکووك و قائیمقامیەتی عەقرە ئاگاداری پێویست راگەیەندراوە، جگە لەوەش بۆ راگرتنی دەستدرێژیەکانی شێخی ناوبراو راگەیەندراوی پێویست بە ویلایەتی وان راگەیەندراوە، بۆ جێبەجێکردنی فەرمان.

لە ١٧ مایس ١٣٢٠

نوری والی موسڵ



DH.ŞFR.00329.00089.001

DH.ŞFR.	00329.00089	**8 ڕەبیعی کۆتایی 1322**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

٧ حوزەیران ١٣٢٠ دوا بەدوای تەلەگرافنامەی بەندەمانە، لە ناحیەی گەردی قازی عەبدولرەحمان ئاغا زێباری لەگەڵ ئەحمەد سوار ئاغا بەیەکەوە سەرقاڵی کوشتنی خەڵك و تاڵان و پەلامار و سوتاندنن، هەروەها هەردووکیان بوێری تاڵان و پەلامار و کوشتنن، میری لیوا شەوقی شێخ پاشا دەرکەوتووە لە دوو لایەوە مەفرەزەکانی ڕۆیشتووە، لە ئەنجام یەکیان گرتووە، گرنگی کارەکەیان دەستگیرکردنی ئەوانەیە، ڕاگەیەندراوە بۆ پاراستنی ئاسایش ئەوە چارەسەرە، ئەمەش بە فەرمان ڕاگەیەندراوە، لە ٩ حوزەیران ١٣٢٠.

تاهیر والی



DH.ŞFR.00330.00044.001

DH.ŞFR.	00330.00044	5 جەمادی یەکەم 1322

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

ئـەم رووداوەی دواییـە کـە لـە نێـوان شـەمدینانیەکان و زێباریـەکان روویـداوە، هەنـگاو بـە هەنـگاو راگەیەنـدراوە و ئامـاژەی پێکـراوە، هەروەهـا لـە ویلایەتـی وان ئـەو هەواڵـەی لـە بـارەی شـێخ سـدیق ئامـاژەی پێکـراوە، وەکیلـی بەگـی ئـاڵای بـۆ لێکۆڵینـەوە چۆتـە ناوچەکـە، شـێخ سـدیق و سـەرکردەی ..... لەگـەڵ هاوەڵەکانـی دراونەتـە دادگای نیزامیـە، فەرمان.

نوری والی موسڵ
لە ٥ تەممووز ١٣٢٠



DH.ŞFR.	00341.00077	**6 موحەررەم 1322**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لـە ٧ مـارت ١٣٢١ بارزانیـەکان و شـێروانیەکان لەگـەڵ شـێخ سـدیق بەهـۆی ناکۆکـی نێوانیانـەوە، بـۆ رێگـری کـردن لـەم ناکۆکـی و رووداوانـە، ئەگەرچـی موتەسـەرفیەتی کەرکـووك و قائیمقامیەتـی عەقـرە ئـاگادار کراوەتـەوە، جموجۆڵـی شـێخ سـدیق و گەندەڵیەکانـی یـەك لـە دوای یەکـە، لـە راگەیەنـدراوی یەکـەم و دووەم فەرمانـی دووبـارە رێکخسـتنەوەی مۆڵگـەی قـەزای زێبـار پێشـکەش کـراوە، لـەم دەورووبـەرەش ناتوانرێـت پۆلیـس دابنرێـت، راگەیەنـدراوە، فەرمـان، لـە ١٠ مـارت ١٣٢٠.

نوری والی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب

BEO.	002324.174263	15 سەفەر 1322

١٥ سەفەر ١٣٢٢
١٨ نیسان ١٣٢٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە بـارەی شـێخ سـدیق ئەفەندی شـەمدینانی و شـێخ محەمەد نـور ئەفەنـدی لەگەڵ برادۆسـتیەکان، لەلایـەن ئـاڵای سـوارەی ٣٤، تۆفیـق بـەگ میـری ئـاڵا، ئەرکـی پـێ سـپێردراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە کاغـەزەکان لەلایـەن موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن بـۆ لایەنـی سـەر عەسـکەری واڵا نێـردراوە، لەگـەڵ نـووسراوی سـەر عەسـکەری ناوهاتـوو لـە مێـژووی ١٠ سـەفەر ١٣٢٢ ژمـارە ٣٧٣ لـە ئەنجوومەنـی تایبەتـی بریـکارەکان دوای خوێندنـەوە بـۆ سـەروو نێـردراوە، بـۆ جێبەجـێ کـردن دەخوێندرێتـەوە و دواتـر بـۆ ناردنـەوەی هیممـەت بکرێـت.



هەواڵنامەی کۆن

6 رەبیعی کۆتایی 1322	002354.176513	BEO.

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٧٥٩
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەتانە
بەهۆی پێویستی و تەنگانەییەوە بۆ ئەوەی بڕێکی گونجاوی ئاقچە بدرێتە بریکاری قائیمقامی پێشووی زێبار ئەدیب گەوهەر ئەفەندی، لەلایەن ناوبراوەوە داواکاری تکا نێردراوە، هەروەها ناوبراو لەبەر هەژاری و تەنگانەییەوە جێگای بەزەییە، ئەوەی رێکخراوە ١٠٠ قوروشی بدرێتێ، رای جەنابی سەدارەتپەناهیە، ئەمرو فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٦ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٢ و لە ٧ حوزەیران ١٣٢٠.
نازری کاروباری ناوەخۆ



DH.TMIK.S.00057.00040.001

DH.TMIK.S.	00057.00040	7 سەفەر 1323

نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لەبەر رەتکردنەوەی قەزای زێبار ماوەی سێ ساڵە بە هیچ شوێنێکەوە پەیوەست نییە، دانیشتوانی دەوروبەری هەموو رۆژ داوا دەکەن بە قەزایەك بلکێنرێن، هەروەها بە هۆی دووری ناوچەکە بە هیچ قەزایەك پەیوەندیان نییە، بۆیە نەتوانراوە لە رووی کارگێریەوە رێك بخرێت و جێگیر بکرێت، خەڵکەکەی تووشی پەرشوبڵاوی و پەرێشانی بوونەتەوە، لەبەر ئەوە لە خەزینەی داهاتی جەلیلە پێشەکی پشت بەستن بە نووسراوی مێژووی ٢٧ مایس ١٣٢٠ ژمارە ٣٨ فەرمانی دووبارە رێکخستنەوەی وەکو قەزا بە تەلەگراف نێردراوە، بە ووتەی ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت بە هاوکاری نەزارەتپەناهی تکا کراوە، فەرمان، لە ١٧ مارت ١٣٢١.

نوری والی موسڵ



DH.TMIK.M.00193.00028.001

6 موحەررەم 1323	00193.00028	DH.TMIK.M.

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
لە ویلایەتی موسڵ شیفرەی تەلەگرافنامە وەرگیراوە
شێخ سدیقی شەمدینانی لەگەڵ ئەوانەی بەم ناوچەیە هاتووچۆ دەکەن کەسانێك بە ناوی سیتۆ و تیتۆ، واتە ئەو چەتانەی هان داوە، تا لە وەرزی بەهاردا ناوچەکانی زێبار و شێروان ئابڵوقە بدات و هێرشیان دەکاتە سەر، ئەم هەواڵەش لە شوێنێکی باوەر پێکراوەوە هاتووە و بۆ ویلایەتی وانیش نووسراوەتەوە، لەبەر کەمی هێزی پۆلیس ئەگەر شتێکی ئاوا روو بدات ئەوا ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، بۆ ڕێگەگرتن لە رووداوی ئەو رووداوە، لە ویلایەتی ناوهاتوو فەرمانی کاریگەر دراوە، لەگەڵ ڕێزی منداا، فەرمان.
لە ٢٦ شوبات ١٣٢٠



DH.ŞFR.00340.00121.001

DH.ŞFR.	00340.00121	4 موحەررەم 1323

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

شێخ سدیقی شەمدینانی ئەوانەی لەوێ هاتووچۆ دەکەن بە نهێنی لەگەڵ چەتە بە ناوی سیتۆ و تیتۆ ڕێککەوتووە، لە یەکەم بەهاردا پەلاماری لایەنی زێبار و شێروان دەدەن، بە وێنەیەکی پەسەند کراو هەواڵ نێردراوە، ئەگەر لە ویلایەتی وانیش نووسرابێتەوە، بە گوێرەی کەمی پۆلیس لە ناوچەکە ئەگەر سنووربەزاندنێکی لەم شێوەیە روو بدات ئەنجامی ناخۆشی لێ دەکەوێتەوە، بۆ ڕێگری کردن لەمانە لە ویلایەتی ناوهاتوو تکا دەکرێت فەرمانی کاریگەر بدرێت، فەرمان.

لە ٢٦ شوبات ١٣٢٠



28 شەوال 1323	00358.00072	**DH.ŞFR.**

نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لە ١٠ کانوونی یەکەم ١٣٢١ لە نێوان هەرکی و سورچی و زێبار لەبارەی نەهێشتنی ئەو ناکۆکییەی هەیە، ئاگاداری دراوەتە قائیمقامیەتی عەقرە، بەیەکەوە لە بنکە ئەو مەفرەزەیەی رەوانەی قەزا کراوە، بە باشی بەکار نەهاتووە، هۆکاری داوەتە دەست کە ئەو ناکۆکیە گەیشتۆتە پلەی شەڕ و بەرەوپێش چووە، قائیمقامی قەزای ناوهاتوو رەفعەت ئەفەندی لە رووی کارگێریەوە بەرێوەبردنەکەی باش نییە، بە بریاری ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت لە بنکەی ویلایەت بە وەکالەت ئەندامی پێشووی دادگای دووبارە پێداچوونەوە (محکمە استناف) و لێهاتوو ساڵح سوعادی ئەفەندی رێنمایی تەواوی دراوەتێ و بۆ قائیمقامیەت نێردراوە، لە کۆتایی ئەو نووسراوانەی لە قەزای ناوهاتوو وەرگیراوە، دەرکەوتووە ئەو کۆمەڵەی کۆبوونەتەوە پەرشوبڵاو بۆنەتەوە، راگەیەندراوە فەرمان.

مستەفا والی موسڵ
لە ١٣ کانوونی یەکەم ١٣٢١



11 موحەررەم 1323	00939.00009	DH.MKT.

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
١١ موحەررەم ١٣٢٣
٥ مایس ١٣٢١
لە بارەی قائیمقامی قەزای زێبار، محەمەد عەلی بەگ لەگەڵ نائیبەکەی خولوسی ئەفەندی ئەو دادگاییەی کە کراوە لە ئەنجامی دادگاییەکەدا بەهۆی نەبوونی دڵنیایی تەواو، سکاڵانامە لەلایەن محەمەد عەلی بەگ و بریکاری داواکار و داواکراوی ئەنجوومەنی کارگێری گشتی ویلایەت لەبارەی پێداچوونەوە، بۆ ووردبینی کردن ڕێکخراوە، لەگەڵ کاغەزەکانی تر نێردراوە، ئەوەی لەم بارەیەوە لە ویلایەتی موسڵ لە مێژووی ٢٩ کانوونی دووەم ١٣٢٠ بە ژمارە ١٢٧ نووسراو هاتووە، بە مەبەستی ووردبینی، بە هاوپێچەوە پێشکەشی جەنابی سەدارەتپەناهی کراوە تا بنێردرێتە شورای دەوڵەت.



29 ڕەبیعی کۆتایی 1312	000486.036377	BEO.

١٨ ئەیلوول ١٣١٠
بۆ ویلایەتی موسڵ
عەبدولڕەحمان بەگ لە قائیمقامیەتی قەزای بازیان ٢٠ هەزار قوروش چۆتە سەر ناوی، لە قەزای زێباریش بە بریکار دامەزرا، بۆ ئەمە هەواڵ دراوە بە ئاماژەی جەنابتان.



26 شەوال 1323	002727.204508	BEO.

فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی چوارەم
وێنەی تەلەگرافنامەی بە شیفرەی قوماندانی لەشکری شەشەمی هومایۆنی بەغداد فەریقی یەکەم جەنابی سلێمان پاشا لە ٥ کانوونی یەکەم ١٣٢١ هاتووە
هاوپێچی تەلەگرافی ٢٩ تشرینی دووەمی ١٣٢١ ئەو تەلەگرافنامەیەی لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، لە نێوان هۆزەکانی هەرکی و سورجی رووبەرووبوونەوە رووی‌داوە، لە زێباریەکان ٦ کەس کوژراوە، هەروەها بۆ ڕێگەگرتن لە روونەدانی رووبەرووبوونەوە ئەو ٤٥ کەسەی لە مەفرەزەی نیزامیە لە عەقرە بوونی هەیە لەگەڵ ٣٠ سوارەی ئێستر و ١١ ژاندارمەی ناوەخۆ بەس نییە ، هەروەها ناردنیشی باش نییە، جگە لەمە لەبەر ئەوەی هێزی تر لەبەر دەست نییە، تا دەروات مەسەلەکە فراوان دەبێت، بۆیە داواکراوە لە کوێ گونجاوە لەوێ سەرباز بنێردرێت، بۆ جێبەجێکردنیشی بە گفتوگۆکردن لەگەڵ قوماندانیەتی فرقەی ١٢ هومایۆنی ویلایەت و بە وەڵامیش بۆ ویلایەت نووسراوە، هەروەك زانیاری سەروو ئەگەر بێتو ئەو هێزەی دەنێردرێت ئامادە نەبێت، ئەوا لە ویلایەت ئامادەکاری پێویست دەکرێت بۆ ئەوەی هۆکاری رووبەرووبوونەوەکە نەهێڵدرێت، راگەیەندراوە فەرمان.



DH.TMIK.M.00235.00019.001

DH.TMIK.M.	00235.00019	15 زیلقەعدە 1324

بۆ پایەبەرزەکانی سەدارەت

بەهـۆی جۆرەهـا کاری چەتەیـی لەلایـەن دەوڵەتـەوە داواکـراوە، ئەمـرۆ چۆتـە لای شـێخی بـارزان لـە زێبـار، عەبدولعەزیـز عەبدوڵـڵا ئیسـماعیل تاهیـر لەگـەڵ هاوکارەکانـی لـە قـەزای عەمادیـە پێچەوانە هەڵسـوکەوت دەکەن و لـە ئەنجامـی رووبەرووبوونـەوە و تێکچوونیـان لـە چـوار مانـگ لەمەوپێـش قەزاکـە لـە ژێـر ئابڵوقـەدا بـووە، یـەك لـە دوای یـەك لـە ژێـر هێـرش کردنـدا بـووە، هەمـوو پارەوپـول و کەلوپەلمـان تـاڵان کـرا و هێرشـی کراوەتـە سـەر، لـە ئیشـوکار بێبـەش بووین و ژیانمـان لـە ژێـر هەڕەشـە دایـە، قەزاکەمـان بـە تەواوەتـی گەیشـتۆتە حاڵەتـی نەمـان، هـەر بۆیـە تـا ئێسـتا لەگـەڵ ئـەو هەمـوو سـەردانیەمان کەچـی هیـچ شـتێك نەکـراوە، بـە گشـتی تووشـی نائومێدی بووین و کۆچکردنمـان بۆتـە کارێکـی پێویسـت، تـکا دەکەیـن بـۆ ئـەو حاڵەتـە ئاسـایش بەرقـەرار بکـەن و کۆتایـی بـەم حاڵەتـە بهێنـن، یاخـود بـۆ کۆچکردنمـان شـوێنێك بدۆزنـەوە تـا تێیـدا نیشـتەجێ بیـن، دادپـەروەری بۆ پاشـایە و تـکا دەکەیـن، فەرمـان، لـە ٤ کانوونـی یەکـەم ١٣٢٢.

مەحمود مودەرسی مەدرەسەی نوێ



ŞD.01050.00052.002

8 رەجەب 1324	01050.00052	ŞD.

نەزارەتی سندوقی فەرمانبەرانی خانەنشین و دوورخراوان
قەڵەمی نووسین
ژمارە ٦٠٨٦
تەحسیلداری سوارە (سواری تحصیلداری) عەبدوڵڵا ئەفەندی مردووە، کوڕەکەی محەمەد شوکری ئەفەندی و خوشکەکەی خەیریە لەگەڵ خێزانەکەی سەلمە خان بۆ برینەوەی مووچە داواکاریان پێشکەش کردووە، نووسراو لە نەزارەتی دارایی ڕۆیشتووە، لەگەڵ داواکاری، خشتەی ماوەی ئەرك و کاغەزی پەیوەست بە ئەوەوە لە ژمێریاری ڕێکخراوە، بە پەراوێز هەژمارەکەی لە دەستەی گشتی ووردبینی بۆ کراوە.
لە نووسراوی باسکراو ناوبراوی مردوو مێژووی ئەرکەکانی و ئەو برە مووچەی وەریگرتووە لە مێژووی ١٥ مارت ١٣٢٢ مردنی، بە پشت بەستن بە بریارنامەی خانەنشینی فەرمانبەرانی مولکیە ئەوانە مانگانە ٩٠ قوروش مووچە وەردەگرن، بە گوێرەی بریارنامەی ناوهاتوو مامەڵەیان جێبەجێ دەکرێت، نووسراو لە سندوق کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٨ رەجەب ١٣٢٤ و لە ١٥ ئۆغستۆس ١٣٢٢.



19 ره‌جه‌ب 1324	01115.00055	DH.MKT.

١٩ ره‌جه‌ب ١٣٢٤
٢٦ ئۆغستۆس ١٣٢٢
بۆ ویلایه‌تی موسڵ
قائیمقامی مۆڵگه‌ی قه‌زای زێبار محه‌مه‌د عه‌لی به‌گ و هاوه‌ڵانی ئه‌و دادگاییه‌ی له شورای ده‌وڵه‌ت بۆیان ئه‌نجام درا، ئه‌نجامی دادگاییه‌که براوه‌ته‌و، هه‌روه‌ها له سه‌رۆکایه‌تی جه‌لیله داوای هیممه‌ت له سه‌داره‌تپه‌ناهی کراوه، وێنه‌یه‌کی راگه‌یه‌ندراوه‌که بۆ سه‌روو به‌رز کراوه‌ته‌وه.



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.	01128.00027	**27 شەعبان 1324**

- ٢٧ شەعبان ١٣٢٤
٢ تشرینی یەکەم ١٣٢٢
بۆ نەزارەتی سندوقی فەرمانبەرانی خانەنشین
داوای کردووە مووچەی دوورخستنەوەی بۆ بریتەوە، قائیمقامی پێشووی زێبار محەمەد لەسەر کاغەزی وەرگێری پەسەند کراوی، خشتەی ماوەی خزمەتی رێکخراوە لەگەڵ ئەوەش کاغەزی جۆراوجۆری پێشکەش کراوە، هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
٥٧٦
داوای کردوە مووچەی دوورخستنەوەی بۆ بریتەوە قائیمقامی پێشووی زێبار، محەمەد لەسەر کاغەزی وەرگێری پەسەند کراوی، خشتەی ماوەی خزمەتی رێکخراوە لەگەڵ ئەوە کاغەزی جۆراوجۆری پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی نووسراو بۆ نەزارەتی سندوقی فەرمانبەرانی خانەنشین کراوە و جەنابی نەزارەتپەناهیش فەرموویەتی، بۆیە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٦ شەعبان ١٣٢٤ و لە ٢١ ئەیلوول ١٣٢٢.



OSMANLI ARŞİVİ
DH.MKT
1128 | 27 | 1

DH.MKT.01128.00027.001

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کۆیە

16 شەوال 1313	00942.00079	**ŞD.**

فەرمانگەی خانەنشینی مولکیە
ژمارە ٣٩٠٢
لەلایەن بریکاری قائیمقامی قەزای زێبار، محەمەد بەهجەت ئەفەندی داوای جێبەجێکردنی خانەنشینی کردووە، لە ویلایەتی مەعمورەتولعەزیزە داواکاری پێشکەش کراوە، لەگەڵ داواکاریەکەی خشتەی ماوەی خزمەتی لەسەر کاغەزی ژمێریاری رێکخراوە، بە پەراوێز لە دەستەی گشتی ووردبینی بۆ کراوە.
بە گوێرەی ئەو خزمەتانەی کە ناوبراو کردوویەتی لەگەڵ مێژووی بری ئەو مووچانەی کە وەریگرتووە و لە مێژووی ٤ مایس ١٣١٠ دەستی کێشاوەتەوە، هەروەها ماوەی خزمەتی ٣٢ ساڵ دەبێت، بە پشت بەستن بە بریاری فەرمانبەرانی مولکیە، ماددەکانی ٢٦ و ٤٢ دوای زیادکردن و کەم کردنەوە، ٧٧٨ قوروش مووچەکەی جێگیرکراوە، بە نیشان دانی ئەو برە مووچەیەی لە سندوق رێکخراوە، نووسراو بۆ خانەنشین کردنی جێبەجێ کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ١٦ شەوال ١٣١٣ و لە ١٩ مارت ١٣١٢



هەواڵنامەی کتێب

BEO.	002972.222900	**18 زیلقەعدە 1324**

٢١ کانوونی یەکەم ١٣٢٢
بۆ ویلایەتی موسڵ
هاوپێچ ٢٦ تشرینی یەکەم ١٣٢٢ لە سەرۆکەکانی هۆزی زێبار لەلایەن سلێمان و عومەر کوڕی کرکری، لە دانیشتووانی گوندەکانی ئیحساد و تەل کەبیر لە ئەیلوولی رابردوودا ئاژەڵیان تاڵان کردووە، بۆ گەرانەوەی ئەو ئاژەڵانە و بە پەلە دەستگیرکردن و تەمبێ کردنی ئەوانە، لە ویلایەت ئامادەکاری باش کراوە، ئەمجارە لە باڵیۆزخانەی ئینگلتەرا سکاڵا پێشکەش کراوە، بە تێروانین لە راگەیەندراوەکە و ئاگاداری پێشوو، بە پەلە بارودۆخەکە روون بکرێتەوە و هەواڵ بنێردرێت کە تا ئێستا چی کراوە.



I.TKS.	00019.00038	**1 ڕەجەب 1325**

شورای دەوڵەت
١٥٥٣
لە مۆڵگەی قەزای زێبار بۆ ڕێکخستنی مووچەی دەست لە کارکێشانەوەی قائیمقامی پێشوو محەمەد عەلی بەگ لە دەستەی گشتی فەرمانگەی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەران لە ٨ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٢٥ ژمارە ١٠٢٠ داواکاری نێردراوە، لەگەڵ خشتەی فەرمانگەی ڕێکخستن خوێندراوەتەوە
خزمەتی ٢١ ساڵی ناوبراو سێ یەکی مووچەکەی کە دەکاتە ٣٧٥ قوروش وەکو مووچەی دەست لە کارکێشانەوە بۆی دەبردرێتەوە، هەروەها بە گوێرەی بریارنامەی بریارەکانی مووچەی دەست لە کارکێشانەوەی فەرمانبەرانی مولکیە گونجاوە، بە فەرمانی پاشای جەنابی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە، مامەڵەی جێبەجێ کردنەکەشی بە نووسراو زانیاری دراوەتە نەزارەتی سندوق و نەزارەتی ناوەخۆ، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ١ ڕەجەب ١٣٢٥ و لە ٢٨ تەممووز ١٣٢٣



ŞD.	01114.00063	8 رەبیعی کۆتایی 1325

نەزارەتی فەرمانبەرانی خانەنشین و دوورخراوان
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٠٢٠
لەلایەن قائیمقامی پێشووی مۆڵگەی قەزای زێبار محەمەد عەلی بەگ بۆ برینەوەی مووچەی دابراوان ئەو داواکاریەی دراوەتە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە لەگەڵ خشتەی ماوەی خزمەتی کاغەزی وەرگێردراوی زانیاری کەسێتی لە ژمێریاری رێکخراوە، هەژماری لە پەراوێزی دەستەی گشتی ووردبینی بۆ کراوە.
لەسەر ئەو کاغەزە پەسەند کراوانە دەرکەوتووە و ئەو خشتەیەی کە هاوپێچە بە تێروتەسەلی نیشان دراوە، ناوبراو خزمەتەکانی پێشووی گەیشتۆتە ٢١ ساڵ، هەروەها لە ژێر دادگاییکردندا جەنابی خەلافەتپەناهی بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، لە کۆتاییدا لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ بێتاوانی سەلمێنراوە، لە کاغەزی زانیاری کەسێتی نووسراوەتەوە، بە راگەیاندن لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە مێژووی ١٤ نیسان ١٣٢٣ ژمارە ٤٠ بە وەڵامی نووسراو بێتاوانی ناوبراو پەسەند کراوە، هەروەها لە هیچ شتێك قەدەغە نەکراوە، ئەمجارە لە شورای دەوڵەت فەرمانگەی مولکیە نووسراو لە ٨ نیسان ١٣٢٣ نێردراوە، هەروەها ئەو بریارنامەیەی زیادکردن و کەمکردنەوەی تێدا نیشان داوە، مووچەی دابراوانی ناوبراو بە گوێرەی مامەڵەی دابین کردن لە بریارنامەی ئەنجوومەنی کارگێری ١ مایس ١٣٢٣ بریاری جێبەجێ کردنی دراوە، بە مادەی ٨ی بریارنامەی فەرمانبەرانی مولکیەی دابراوان سێ یەکی مووچەکەی ٣٧٥ قوروش بە پشت بەستن بە بریارنامەی ناوهاتوو لە مادەی شەشەم مامەڵەکە جێبەجێ دەکرێت، لە مێژووی فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی مووچەکەی لە مووچەی دابراون بۆی دەبردرێتەوە و پێی دەدرێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٨ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٥ و لە ٨ مایس ١٣٢٣.

هەواڵنامەی کێبڕ



هەواڵنامەی کتێب

5 رەبیعی یەکەم 1325	003038.227790	BEO.

لە ٥ رەبیعی یەکەم ١٣٢٥
لە ٥ نیسان ١٣٢٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
فەرمانگەی فەرمانبەرانی شورای دەوڵەت داواکاری نووسراو لە قۆمیسیۆنی فەرمانبەران بەردەست کراوە، بۆ جێبەجێکردنی نێردراوەتە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە.

قائیمقامی پێشووی زێبار محەمەد عەلی بەگ مۆڵەتی وەرگرتن و راست کردنەوەی وەرگێردراوی کاغەزەکەیەتی.



13 ڕەجەب 1325	003130.234693	BEO.

لە ١٢ ڕەجەب ١٣٢٥
لە ٨ ئۆغستۆس ١٣٢٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
قائیمقامی پێشووی قەزای زێبار محەمەد عەلی بەگ بە پشت بەستن بە بریارێکی بریارنامەی تایبەتی مانگانە ٣٧٥ قوروش مووچەی دوورخستنەوەی بۆ دەبردرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بە بریاری شورای دەوڵەت بە ڕەزامەندی فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی فەرموویەتی، نووسراویش کراوە تا جێبەجێ بکرێت.

بۆ نەزارەتی سندوقی فەرمانبەرانی خانەنشین و دوورخراوان
وێنەکانیان بە نووسراوەوە و بە فەرمانی جەنابی خەلافەتپەناهی فەرمان دراوەتەوە نەزارەتی سندوقی خانەنشین و دوورخراوان بۆ جێبەجێ کردنی.



26 جەمادی یەکەم 1326	01264.00003	DH.MKT.

٢٦ جەمادی یەکەم ١٣٢٦
١٢ حوزەیران ١٣٢٤
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لە زاناکانی قەسەبەی زێبار و لە شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی لەگەڵ خانەوادەکەی لە شامی شەریفە نیشتەجێ بووە، هەروەها دووچاری هەژاری و تەنگانە بۆتەوە، ئەو تێگەیشتنەی لە لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە شێخ حوسێن ئەفەندی وەکو سەدەقەی جەنابی تاجدار مانگانە ٢٠٠ قوروش مووچەی بۆ بڕێتەوە، بۆ ئەمەش لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی سوریا داواکاری لە مێژووی ٢٧ نیسان ١٣٢٤ ژمارە ٤١ هاوپێچ پێشکەش کراوە.



DH.MKT.01300.00010.002

هەواڵنامەی جیب

DH.MKT.	01300.00010	21 شەعبان 1326

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ٤٦٢
قائیمقامی قەزای خەیرە بۆلۆ، نەجیب بەگ بەهۆی دەست لە کار کێشانەوەی، لە شوێن ئەو کەسێکی گونجاو دابمەزرێت بۆ ئەم مەبەستە لە ویلایەتی ئەدرنە نووسراو لە مێژووی ١٢ ئۆغستۆس ١٣٢٤ ژمارە ٤٩٧ هاتووە و حەواڵە کراوە، لەم نووسراوەی کە نووسراوەتەوە ناوبراو لە قەزای ناوهاتوو لە چینی سێیەمە و لە تۆمارەکان دەرکەوتووە، بە ئاماژە پێکردنیەوە دەبێ بۆ قائیمقامیەتی قەزای ناوهاتوو لە هەمان چین هەڵبژێردرێت، قائیمقامی پێشووی زێباریش محەمەد عەلی بەگ دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە داوای یارمەتی جەنابی نەزارەتپەناهی کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢١ شەعبان ١٣٢٦ و لە ٤ ئەیلوول ١٣٢٤.



هەواڵنامەی کتێبی

11 زیلقەعدە 1326	02674.00062	DH.MKT.

١١ زیلقەعدە ١٣٢٦
٢٢ تشرینی دووەم ١٣٢٤
جەنابی سەدارەتپەناهی
شـوکری و بـرادەری لەگـەڵ چەتـەی نـاودار سـلێمان بارزانـی بوێـری ئـەوە دەکـەن ئاسـایش تێـك بـدەن و کەلوپـەل و پارەوپـول تـاڵان بکـەن، جگـە لـەوە تـاوان ئەنجـام دەدەن، بۆیـە گوندنشـینی سەرسـەخت شـوکری و بـرادەری لەگـەڵ چەتـەی نـاودار سـلێمان بارزانـی دەسـتگیر کـراون، لـەم کارە ئـەوەی خزمەتـی باشـی بیـنراوە بەرێوەبـەری ناحیـەی خاڵیـاز، سـلێمان ئاغایـە، بۆیـە بـە یـەك پارچـە مەدالیـا رێـزی لێگـراوە، ئـەو نووسراوانـەی لـە ویلایەتـی ئـەرزروم وەرگیـراوە، پێشـکەش کـراوە، جێبەجـێ کردنیشـی لەسـەر هـاوکاری سـەدارەتپەناهی وەسـتاوە.



28 جەمادی یەکەم 1326	003345.250872	**BEO.**

٢٨ جەمادی یەکەم ١٣٢٦
١٤ حوزەیران ١٣٢٤
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
شێخ حوسێن ئەفەندی لە زاناکانی قەسەبەی زێبار و لە شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی لە شامی شەریفە نیشتەجێیە، بۆ جەنابی پایەبەرز کەسێکی دڵسۆزە، بۆ برینەوەی مووچەی ٢٠٠ قوروشی مانگانە داواکاری لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی سوریە هاتووە و بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە نێردراوە، نووسراوی مێژووی ٢٦ جەمادی یەکەم ١٣٢٦ ژمارە ١٤٥٣ بە هاوپێچ بۆ سەروو نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردن هیممەت بکرێت.



14 ڕەمەزان 1326	003412.255860	BEO.

١٤ ڕەمەزان ١٣٢٦
٢٧ ئەیلوول ١٣٢٤
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای خەیـرە بۆلـۆ، قائیمقامـی پێشـووی زێبـار محەمـەد عەلـی دابمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە پشـت بەسـتن بـە نـووسراو لـە مێـژووی ٢٦ شـەعبان ١٣٢٦ ژمـارە ٢٥٤١ بـە مۆڵـەت دانـی مێـژووی ١١ ڕەمـەزان ١٣٢٦ فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا دەرچـووە.



DH.MUİ..00001.2.00029.005

22 شەعبان 1327	00001.2.00029	DH.MUI.

هێنانی ئەو شیفرەیە کە لە قوماندانیەتی والی موسڵ و دەوروبەری وەرگیراوە
لە ١١ ئۆغستۆس ١٣٢٥ فەرمانی پێویست دەرچووە بۆ کۆکردنەوە و هێنانی هاوکاری هۆزەکان، لە هەموو لایەك دەست بە جموجۆڵ کراوە، هەروەها بە گەیشتنی هەژماری راستەقینە دەردەکەوێت، ناوچەی چەتەکان و دەوروبەری لە بەرزایی و چیای سەخت پێك دێت، بۆیە ٤٠٠ سوارە و ١٦٠٠ پیادەی تفەنگچی پێك دێن، کە هەر هەمووی دەکاتە ٢٠٠٠ ئەوانە لە هێنان و کۆکردنەوەیان هەم هاوکاری سەربازی شاهانە دەکەن کە لە یاخیبووەکان دەدەن و دووریاندەخەنەوە، هەم لەگەڵ ئەوان رێکدەکەون هەم بیرۆکەیان دەبێت و رێگەیان لێ دەگرن، بە تێروانین لە بارودۆخی ئێستا لە ماوەی ٢٠ رۆژ بۆ ئەم کارە ئەنجامێك دەدرێت بە دەستەوە، هەروەها بۆ ئەم هاوکاریانەیان رۆژانە بۆ هەر سوارەیەک ٣ قوروش و پیادەکانیش هەر یەکە ٦٠ پارە رۆژانە بۆیان هەژمار دەکرێت، هەر هەمووی دەکاتە ٧٢٠٠٠ قوروش، بۆ رێکخستن و خەرج کردنی داوای هاوکاری کراوە، هەروەها بۆ بەندەکان ٢ تابور پیادە و ١ بلۆك سوارەی ئێستر لەگەڵ ٤ پارچە تۆپی چیا ئەمرۆ بۆ عەقرە کە دوو قۆناق ماوەکەیەتی گەیشتۆتە ناوچەیەك بە ناوی گردمامك، لە ٢١ ئۆغستۆس ١٣٢٥.
لە گردمامك والی موسڵ و دەوروبەری قۆماندانی فەریقی یەکەم فازڵ



هەواڵنامەی کێبڕ

DH.MUI.	00001.3.00010	3 رەمەزان 1327

نەزارەتی کاروباری ناوەخۆ
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پوختە: بۆ تەمبێ کردنی چەتەکانی بارزان خەرجی ئەو تابورەی کە چەکدار کراوە

بۆ جەنابی نازر
لە مێژووی ٣٠ ئۆغستۆس ١٣٢٥ هاوپێچی نووسراوی بەندەتانە، لە لایەنی عەقرە بۆ تەمبێ کردنی چەتەکانی بارزان بۆ ناردنی ئەو هێزە، تابوری ردیفی بەعشیقە چەکدار کراوە، بۆ مسۆگەر کردنی کارگێری بری خەرجی ئەوانەش لەسەر ئاماژەی نەزارەتی جەنگی لە سەر داهاتی لەشکری شەشەم رێك دەخرێت، بە تەلەگراف دەفتەرداری موسڵ ئاگادار کراوەتەوە، بەرێزم بە پەلە دەست بەکارەکان دەکرێت، لە ٣ رەمەزان ١٣٢٧ و لە ٥ ئەیلوول ١٣٢٥.

بە ناوی نازری دارایی راوێژکار



DH.MUİ..00001.3.00027.002

18 ڕەمەزان 1327	00001.3.00027	DH.MUI.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لە یاخی بووەکانی بارزان لە بەرامبەر سەربازی شاهانە چەکی بەکار هێناوە، عەبدولسەلام شێخی بارزان بە زیندوویی لەگەڵ ٣٥ کەس لە دێوانەکانی دەستگیر کراوە کە یاخی بوونی ڕاگەیاندووە، جگە لەوە ١٧ کەس لە خانەوادەکەی لەگەڵ ١٣٧٥ سەر مەڕ لەگەڵ ٨ سەر ئێستر و ١٨٢ سەر مانگا دەست بەسەر کراوە، مانگاکان بۆ موسڵ بۆ بینباشی ئیبراهیم ئەفەندی نێردراوە، لەوێش شێخی ناوبراو و چەتە هاوبەشەکانی هەڵاتوون و خۆیان بزر کردووە، بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوە و پشکنین ئەنجام دەدرێت، بە پەنا و میهرەبانی خوا بەم زووانە مەسەلەی بارزان بە خێر کۆتایی دێت، ڕاگەیەندراوە.

١٥ ئەیلوول ١٣٢٥

لە مزوری باڵاوە بۆ والی و قۆماندانی فەریقی یەکەم محەمەد فازڵ



هەواڵنامەی کتێب

DH.MUI.	00001.3.00060	29 ڕەمەزان 1327

٢٩ ڕەمەزان ١٣٢٧
١ تشرینی یەکەم
١٣٢٥
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی و نەزارەتی جەنگی پایەبەرز
٢٠ ئەیلوول ١٣٢٥ هاوپێچ مێژووی نووسراوی بەندەمانە شێخی بارزان لەگەڵ هاوبەشەکەی فەقی عەبدولڕەحمان و منداڵەکانی هەروەها سەرۆکی چەتەکان قادر و خالد لە ناو ویلایەتی وان لەلایەن کریستانیەکانی تەیاری ئەو هۆزانەی سەر بە ئەوانن خۆیان حەشار داوە، هەروەها لەوێ جموجۆڵی سەربازی سەرکەوتوو نابێت و لە بەرژەوەندی دەوڵەت نابێت، لەو سونگەوە لەگەڵ ویلایەتی ناو هاتوو خەریکی گفتوگۆ کردنن، هەروەها شێخی ناوبراو بە دووبارە گەرانەوەی بۆ ناوچەکەی ئەگەرچی هیچ ئەگەرێکی دروست بوونی ئاژاوەگێری پێ نەدراوە، بەڵام لەبەرامبەر هەر ئەگەرێکدا لە بارزان دوو تۆپ لەگەڵ یەك تابور جێگیر بکرێت، هەروەها لە شێروان پێویستە یەك مەفرەزە لەگەڵ بەرێوەبەرێکی لێهاتوو بدۆزرێتەوە، جگە لەوە بە وەرگرتنی ڕەزامەندی لە هۆزە هاوکارەکاندا تا چەند ڕۆژی تر بۆ چەند ڕۆژی تر دەگەرێتەوە مەرکەزی ویلایەت، ئەمجارە وێنەی ئەو تەلەگرافنامەیەی لە والی موسڵ جەنابی فازڵ پاشا وەرگیراوە، هاوپێچ بۆ لایەنی سەروو بەرز کراوەتەوە هەروەها نەزارەتی جەنگی ڕوون کردنەوەی داوەتە ویلایەتی وان و ئاگادار کراوەتەوە، بەپەلە هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.

DH.MUI.	00001.4.00075	8 رەمەزان 1327

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی هەواڵگری گشتی
هۆبەی دووەم
وێنەی شیفرەی ئەو تەلەگرافنامەیەیە کە لەلایەن قوماندانیەتی والی موسڵ و دەوروبەری وەرگیراوە
لەگەڵ چوونە ناو گوندی بارزان لە یەکەم تەلەگراف رامگەیاندووە، لە کاتی لێکۆڵینەوە، دەرکەوتووە یاخیبووەکان بەیەکەوە رێککەوتوون، رواندز لەگەڵ شێخەکانی ناحیەی شێروان لە گوندی بیە بەیەکەوە هەڵاتوون، لەگەڵ تابوری سێیەمی رەدیفی موسڵ دوو تۆپی چیای لەشکری شەشەمی هومایۆن لە موسڵەوە هاتوون، بە قوماندانیەتی بینباشی ئەمین ئەفەندی لە گوندی بارزان و ئەسپ سوار و پیادە لە ئاڵای سوارەی موسڵ سەرەتا چۆتە عەقرە، نێنجا چۆتە ناحیەی زێبار و لەگەڵ ئەو ٥٠ کەسەی کە لە رواندزەوە هاتوون بۆ پاراستنی ناوچەکە لە سەر زاب پەریونەتەوە و گوندی بەرکیان بەجێ هێشتووە، لەگەڵ سێ تابور و چوار تۆپی لەشکری چوارەم پەنا بە خوا راستەوخۆ بۆ گوندی بیە جولەیان کردووە، گوندی ناوبراو لەسەر چیایەکی بەرزە بۆیە چیایەکەی بەرامبەری کراوەتە شوێنی مانەوە، هەروەها شەش تۆپیش بەهۆی ئەوەی کاریگەریەکانی بیناوە، لە نێوان دوو چیایەکە دانراون، ..... هەروەها لە دوو کاتژمێر زیاتر ماوە هەیە، بە شەو لەو نێوەندە بە گوندی ریلەیی تێپەرپوین بۆ بەیانیش لە گوندی بیە تێپەرێن، دواوەمان گرتووە، بۆ گوندی کانی لینم جولە کراوە، لەگەڵ کۆمەڵەی عەبدوڵلا پاشای رواندزی یەکیان گرتووە، پاشای ناوبراو لەگەڵ یاخیبووەکانی شێروان لە سێ ناوچە شەری کردووە، کە زانیویەتی سەرکەوتوو دەبن، دوو هێز بەیەکگرتنیان بۆ رۆژی دواتر شێخی ناوهاتوو بۆ چیاکانی مزوری کە شەری تێدا کراوە جولە دەکات، تا ئەو ناوچەیەی کە لە بازران بینیومانە گوندەکانیان بەجێ دەهێڵن هەروەها گوندەکانیان سووتاندووە، بۆ سەر چیاکان رادەکەن، ئەوانەی بوونەتە لایەنگری شێخ بە کۆمەڵ خەڵکی گوند و دەوروبەرەکانی پەرێشان بوونە و یەك لە دوای یەك بۆ سەر چیاکان دەرۆن و بۆ شوێنێکی نادیار خۆیان دەشارنەوە، لە ئەنجام ئەو ناوچانە بۆ رۆیشتن شوێنی ئەستەمن و بە ناچاری پێویست دەکات بەم ناوچانە تێپەرین. لە ٤ ئەیلوول ١٣٢٥.
لە گوندی کالینج والی موسڵ و دەوروبەری قوماندانی فەریقی یەکەم فازڵ

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی هەواڵگری گشتی
هۆبەی دووەم
٢٦٠٤
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەتانە
یاخیبووەکانی بارزان و ئەوانەی لەگەڵ رێککەوتوون بۆ چاودێریکردنیان و دوورخستنەوەیان کاری سەربازی ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەمەش ئەوەی هاوکاری دەکات و دڵسۆزی نیشان داوە، عەبدوڵلا پاشای رواندزی بە یارمەتی ئەو بە یەکگرتووی بە کۆمەڵ و رێککەوتن، چاودێری کردن بەردەوام دەبێت، ئەوان رێککەوتوون خۆیان گوندەکانی بارزان دەسوتێنن و بەجێی دەهێڵن، لەگەڵ خێزانەکانیان بۆ لووتکەی چیاکان رادەکەن، هەروەها ئەو شوێنانەی خۆیان تێدا حەشار داوە، لەلایەن والی موسڵ جەنابی فازڵ پاشا تەلەگرافنامە هاتووە وێنەیەکی بۆ سەروو بەرز کراوەتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٨ رەمەزان ١٣٢٧ و لە ١٠ ئەیلوول ١٣٢٥.

نازری ناوەخۆ

DH.MUİ..00001.4.00075.006



DH.MUİ..00001.4.00075.005

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

DH.MUI.	00001.6.00030	14 زیلحیجە 1327

- ١٤ کانوونی یەکەم ١٣٢٥
بۆ جەنابی فازڵ پاشا والی موسڵ
شیفرە
لە ٩ کانوونی یەکەم ١٣٢٥ هێزی پێویست ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی چالاکی بارزان و چەتەگەریەکانیان دووبارە دەست بە خیانەت نەکەنەوە و توانای ئەوەیان نەبێت، جگە لەوە هیممەت بکرێت بۆ دوورخستنەوەیان و تەمبێ کردنیان.

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی هەواڵگری گشتی
یەکەی سێیەم
ئەو شیفرەیەیە کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
بە گوێرەی ئەو فەرمانە دواییەی کە لە نەزارەتی جەنگی هاتووە، ئاماژە لە ویلایەتی وان دەرچووە، لە لەشکری چوارەم ئەو هێزەی ئامادە کراوە و نێردراوە، بە هاوکاری خوا لە دوای جەژن جولە دەکەم بۆ بارزان، لە نەزارەتپەناهیش رەزامەندی دراوە، لە ٩ کانوونی یەکەم ١٣٢٥.
والی و قوماندان فازڵ



DH.MUİ..00001.6.00030.002

OSMANLI ARŞİVİ
DH.MUİ
1-6 | 30 | 2

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

DH.MUI.	00001.6.00038	13 شەوال 1327

١٣ شەوال ١٣٢٧
١٥ تشرینی یەکەم ١٣٢٥
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
١٥ ئەیلوول ١٣٢٥ مێژووی نووسراوی هاوپێچە، بۆ تەمبێ کردنی چەتەکانی هەمەوەند و دوورخستنەوەیان لەگەڵ سەربازی شاهانە بەیەکەوە ئەو هۆزانەی کە بەکاردەهێنرێن، بۆ خەرجیەکانیان لە ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان تا بریارێك دەدەن لە داهاتی سەربازی دابین بکرێت، پشت بەستن بە راگەیەندراوی نەزارەتی جەنگی بە میهرەبانیەوە بە قوماندانیەتی لەشکری شەشەم راگەیەندراوە، بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەروەها بۆ خەرجی یەك مانگی دوورخستنەوەی یاخی بووەکانی بارزان و ئەو هۆزانە کە هاوکاربوون بری ٧٧٨٥ قوروش راگەیەندراوە، بۆ وەرگرتنی مۆڵەتیش تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، ئەو هۆزانەی باسیان کراوە کە هاوکاری دەوڵەتیان کردووە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەوا لە بودجەی گشتی رێك دەخرێت، نووسراوی سەدری ئەعزەم لە مێژووی ٢٥ تەممووز ١٣٢٥ نووسراوەتەوە، لەبەر ئەوەی خەرجی ناوەخۆیە بۆیە هەر لەوێ رێك دەخرێت، ئەگەر چی لە نەزارەتی جەنگی نووسراو کراوە، ئەو نووسراوەی کە ئاماژەی پێکراوە، لەبەر ئەوەی خەرجی دیاری کراو لە بودجەی نەزارەت مۆڵەتی نییە، ئەوا لە داهاتی ناوەخۆ پارەکە دابین دەکرێت، بۆیە لەبەر ئەوەی لە بودجەی دەرەکی خەرج دەکرێت، لەم جۆرە خەرجیانە پێویستە بریارێك بدرێت یاخود دەبێ لە بودجەی نەزارەتی جەنگی خەرج بکرێت.



هەواڵنامەی کتێب

DH.MUI.	00001.6.00069	**29 زیلحیجه1327**

٢٩ زیلحیجه ١٣٢٧
٢٩ کانوونی یەکەم ١٣٢٥
بۆ نەزارەتی جەنگی پایەبەرز
محیەددین پاشا ئەو کەسەی ئەرکی چاودێریکردن و دوورخستنەوەی پێ سپێردراوە، دەرکەوتووە خراپەکاری ئەنجام داوە، لەم بارەیەوە تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، پێشکەشی سەروو کراوە، بۆ جێبەجێ کردن.



هەواڵنامەی کتێب

3 ڕەمەزان 1327	00011.1.00034	DH.MUI.

٣ ڕەمەزان ١٣٢٧
٥ ئەیلوول ١٣٢٥
بۆ نەزارەتی جەنگی پایەبەرز
هۆزەکانی شەمدینان و گەوار لەگەڵ بارزانیەکان بەیەك گەیشتوون، بۆ تەمبێ کردنی ئەوانە ئەو هێزە سەربازییەی داوا کراوە، هەرچی زووە ڕەوان بکرێت، هەروەها ئەو هێزە سەربازیە کە لە ژێر قوماندانیەتی دایە ڕەت بکرێتەوە، بەڵکو پێویستە کەسێکی بە توانا و لێهاتووی فرقەی قوماندانیەتی دابمەزرێت، تەلەگرافنامەی ویلایەتی موسڵ بۆ لایەنی سەروو نێردراوە، بە تێروانین لە بابەتەکە پێویستە بە پەلە کارەکە ئەنجام بدرێت، فەرمانی هیممەت کردن دراوە.



هەواڵنامەی کتێب

4 ڕەمەزان 1327	00012.1.00034	DH.MUI.

٤ ڕەمەزان ١٣٢٧
٦ ئەیلوول ١٣٢٥
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی پایە بەرز
بارزان کە مەرکەزەکەی زێبارە، بۆ تەمبێ کردنی بارزانیە یاخیبووەکان ئەو هێزە سەربازیەی کە ڕۆیشتوون لە زابی گەورە پەریونەتەوە، لە بارەی پەرێنەوەشیان ناچار بوونە بپەرنەوە، هەروەها باس کراوە لە کاتی پەرینەوەیان لەگەڵ یاخیبووەکان تووشی ڕووبەڕوو بوونەوە بوونەتەوە، پوختەی ڕووداوەکە و گواستنەوەی سەربازەکان بەتەواوەتی چاودێری کراوە و دەکرێت، ئەمەش لەلایەن جەنابی محەمەد فازڵ پاشا بە تەلەگرافنامە لە مێژووی ٣٠ ئۆغستۆس ١٣٢٥ پێشکەش کراوە.



هەواڵنامەی جێبەجێ

DH.MUI.	00042.00057	22 زیلقەعدە 1327

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی نووسین
٢٧٩٩
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی سەروو
باڵیۆزی دەوڵەتی ئینگلتەرا لە موسڵ لە ناو ویلایەت دوای ئەوەی لە زۆر ناوچەدا سوراوەتەوە ویستوویەتی چاوی بە شێخی بارزان بکەوێت، لەگەڵ ناوبراو لە قسە کردن دایە، لە رۆژانی رابردوو لە نەزارەتی جەنگی ئاماژەی پێکراوە، بۆ ئەم مەبەستە راگەیاندن دراوەتە نەزارەتی دەرەوە، ئەمجارە لەو وەڵامەی کە وەرگیراوە، ناوبراو لە باڵیۆزخانە ئامۆژگاری پێویست جێبەجێ کراوە، لەگەڵ ئەوەش بریار دراوە بۆ دوا شوێن بگوازرێتەوە، ئەمەش بە لایەنی بەرژەوەندی ئینگلتەرا قسە کراوە، زانیاریش دراوەتە نەزارەتی جەنگی لە ویلایەتیش راگەیەندراوە کە هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.

سەدری ئەعزەم
لە ٢٣ زیلقەعدە ١٣٢٧ و ٢٣ تشرینی دووەم ١٣٢٥



15 زیلحیجه 1327	003682.276123	BEO.

١٥ زیلحیجه ١٣٢٧
١٥ کانوونی یەکەم ١٣٢٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
هاوپێچ نووسراوی مێژووی ٢٤ تشرینی دووەم ١٣٢٥ لە دوای یەکەم دۆراندا ئاسانکاریان بۆ کراوە تا بچنە ناو کریستانیەکانی ..... و تەیاری لە سانجەقی هەکاری، لە دوا رووداوی بارزانیەکان ئەوەی هۆکاری داوەتە دەست تا رووداوەکە رووبدات، لە ناحیەی چاڵ سەر بە قەزای چۆڵەمێرگ، سەرۆکی هۆزی سەعدی ئاغایە کە لەم ناوچەیە نیشتەجێیە، بە هەر شێوەیەك بێت بۆ ئەوەی لە رەگ و ریشەوە لێی رزگار بن، نووسراو بە هاوپێچەوە لە مێژووی ٨ کانوونی یەکەم ١٣٢٥ بۆ نەزارەتی جەنگی هاتووە، دواتر بەیەکەوە بۆ لایەنی سەروو نێردراوە، بە تێروانین هەرچی زووە بە پەلە کارەکە جێبەجێ بکرێت، هیممەت بکرێت بۆ ناردنەوەی هاوپێچەکە.



هەواڵنامەی کتێب

DH.MUI.	00001.8.00013	**20 سەفەر 1328**

٩ شوبات ١٣٢٥
بۆ ویلایەتی موسڵ
شیفرە
لە بارەی چاودێری کردنی چەتەکانی هەمەوەند و بارزان، ئەمڕۆ لە چ ئاستێکە، تا ئێستا چەند کەس لە ئەوانە دەستگیر کراوە، هەروەها لە بارەیانەوە چ مامەڵەیەك کراوە، ئەوانەی ماونەتەوە بۆ دەستگیرکردنیان ئامادەکاریەکان بە کوێ گەیشتوون، بە نووسراو بە پەلە و خێرا بنێردرێت.



DH.MUİ..00001.10.00029.002

20 جەمادی یەکەم 1328	00001.10.00029	DH.MUI.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
ژمارە ٨٢
لە موسڵ لە ناحیەی مزوری لەلایەن مەلا سەعید ئەفەندی نامەیەك بۆ سەید تەها ئەفەندی نووسراوەتەوە، دێوانەکانی بارزان هەموو شەو پەلاماری گوندێك دەدەن، لەبەر ئەوە خەڵکەکەی لە ناو ترس دەژین هەروەها لە دانیشتوانی مزوری، ئیسماعیل ئاغا و سێ کوڕ و خێزانەکەی لەگەڵ خزمەتکارەکانی کوژراون، جگە لەوە هێرشیان کردۆتە سەر سەربازەکانی بارزان، دوای تێکچوونی سەربازەکان هێرشیان کردۆتە سەر گوندی ئەرگوش، دەیانەوێت بچنە لای ئێران، هەروەها بیرۆکەی ئەوەیان هەیە دووبارە بێنەوە سەر دەوڵەت و دەست بە خراپەکاری بکەنەوە، لەم بارەیەوە حکوومەتی خۆچێی هیچ جموجۆڵێکی نەبووە، راگەیەندراوە.
والی موسڵ
لە ١٧ مایس ١٣٢٦



DH.MUI_00001.11.00021.002

هەواڵنامەی کێڵ

DH.MUI.	00001.11.00021	11 شەعبان 1328

- ٥ ئۆغستۆس ١٣٢٦
بە وەکالەتی ویلایەتی بەغداد و موسڵ تەلەگراف
هاوپێچ ١٤ تەممـوز ١٣٢٦ لـە دانیشـتوانی بـارزان ئەوانەی پێویسـتیان بـە یارمەتیـە، لـەو ١٠٠ هەزار قوروشـەی کە پێیان دەدرێـت، حەواڵەنامـە بـۆ دەفتـەرداری ویلایەتی موسـڵ نێـردراوە، ئەمجارە لـە نەزارەتی دارایـی راگەیەنـدراوە بەرێزم.

- نەزارەتی دارایی
١٦٨٥ گشتی
٧٩ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بـە وتـەی فەرمانگـەی هەواڵگـری گشـتی هۆبـەی دووەم نـووسراوی سـەرووی نەزارەتپەناهـی لـە مێـژووی ٨ تەممـوز ١٣٢٦ ژمـارە ١١٤٤ دانیشـتووانی بـارزان بـۆ دابـەش کردنـی خەرجـی ئەوانـەی پێویسـتیان بـە هاوکارییە، بـۆ ئامادەکردنی ئـەو خەرجیـە بـە بریـاری ئەنجوومەنـی تایبەتـی بریـکارەکان جێبەجـێ کـراوە، بـە گوێـرەی ئامـاژە ١٠٠ هـەزار قـوروش پێشـەکی بـە گوێـرەی نـووسراوی سـەدری ئەعـززەم حەواڵەنامـەی ژمـارە ١٦/٤٦٤ رێکخـراوە، بـۆ دەفتـەرداری ویلایەتـی موسـڵ نێـردراوە، بـەم راگەیاندنـەوە روون دەکرێتـەوە، لەگـەڵ رێـزم، لـە ٩ شـەعبان ١٣٢٨ و لـە ٢ ئۆغسـتۆس ١٣٢٦.
سەرپەرشتیاری نازرنامەی دارایی

- ٥ شەعبان ١٣٢٨
٢٨ تەممـوز ١٣٢٦
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
هاوپێچـی نـووسراوی ٨ تەممـوزی ١٣٢٦ ژمـارە ١١٤٤ ئـەو خەڵکانـەی لە بارزان پێویسـتیان بە هاوکاریـە لە خەزینەی دارایـی بـۆ ئامـادە کـردن و رێکخسـتنی خەرجـی پێویسـت بـە بریـاری ئەنجوومەنـی تایبەتـی بریـکارەکان خـەرج کردنـی ١٠٠٠ لیـرە لـە شـوێنی دەفتـەردار هێشـتا رەزامەنـدی نـەدراوە، لـە کاتـی ئاگادارکردنـەوەی ویلایەتی موسـڵ، بـرە پـارەی ناوبـراو هەرچـی زووە هـۆکاری ئامـادە کردنەکـەی ئەنجـام بدرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ئەمجـارە لـە ویلایەتـی بەغـداد بـە تەلەگرافنامـە نـووسراو نێـردراوە هەروەهـا تێروانیـن بـە ئامـاژەی پێشـووتر بەپەلـە جێبەجـێ بکرێـت و ئەنجامەکـەی بنێردرێـت، هیممەت.



DH.MUİ.00001.11.00021.001



DH.MUİ.00001.11.00021.003

هەواڵنامەی کتێب



DH.MUİ..00001.11.00029.002

18 شەعبان 1328	00001.11.00029	DH.MUI.

١ تەممووز ١٣٢٦

لە دەرسەعادەتەوە بۆ جەنابی ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیان شێخ عەبدولقادر ئەفەندی

شێخی بارزان لەلایەن حکوومەتەوە لێکۆڵینەوە و چاودێری کراوە، لە کاتی خۆیدا هاوکاری حکوومەتمان کردووە و فیداکار بووین، لە هەموو لایەنێك جێگای لێخۆش بوونە، بۆ ئێمە رکابەرایەتیان هەر وەکو خۆیەتی، دەورووبەری بارزان لە هۆزەکەی ئێمە خاڵی بووە، بە نهێنی و بە روون و ئاشکراوە هەڕەشەن و بوونەتە ئامانجی هەڕەشە بۆ ئێمە، بۆ مسۆگەر کردنی داهاتوومان و پاراستنمان ئاسانکاریمان بۆ بکرێت، هەروەها داوای میهرەبانیتان دەکەین، فەرمان.

حاجی عەبدوڵڵا

حەسەن بە ناوی هۆزەکانی هەرکی



DH.MUI.	00001.11.00037	25 شەعبان 1328

- ١٤ ئۆغستۆس ١٣٢٦
بۆ وەکالەتی ویلایەتی موسڵ
شیفرە
لە بارەی دەستگیرکراوەکانی بارزان ٩ ئۆغستۆس ١٣٢٦ وەڵامی تەلەگرافنامەیە، بەپەلە جێبەجێ بکرێت.

- بۆ جەنابی نازری ناوەخۆ
لە مەسەلەی بارزان ئەو بارزانیانەی لە موسڵ دەستبەسەرن، لە بارەی لێبووردنی گشتی ئەو کەسانەی کە لە زیندان، فەرمانی دەوڵەت نێردراوە و وەڵام دراوەتەوە، لە کۆتاییدا ئەو تەلەگرافنامەی هاتووە، راگەیەندراوە هەر ئێستا دەستبەسەر دەکرێن و دادگایی کردنیان بەردەوام دەبێت، تەلەگرافی ناوهاتوو هاوپێچ پێشکەش کراوە، لە ١٢ ئۆغستۆس ١٣٢٦.

داعی سەید عەبدولقادر



واقعه نامه‌ی عطوفتلو بك اوقف حضرتری

بارزان مسئله‌سنده طولایی موصلده موقوف بولنان بارزانیده عضو تمولی مخصوصده‌کی
امر و دولتلری اوزرینه مذکوره‌یه اویولده جواب ویرلسه‌ایدی اخیراً مورود تلغرافده‌کی
حالا موقوف اولوب محاکمه‌یه دوام اولنمقده اولدیغی بیانیله مذکور تلغراف لفاً تقدیم قلنمسه اولنیغنه
براه اول تمیدلری منوط مساعده عطوفتلری اولوب تلغرافنامه‌نك تحریری اولمس مناسب‌دهر بولنده
جواب ویرلمك مقتضی اولدیغنه اشعار قلنمق اولنمشدر ۱۷ اصول ۹۶

واعظی
سید عبدالقادر

OSMANLI ARŞİVİ
DH.MUİ
1-11 | 37 | 3

DH.MUİ..00001.11.00037.003

هەوڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

DH.MUI.	00137.00011	23 جەمادی یەکەم 1328

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسن
ژمارە ٢٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
ئەو تەلەگرافنامەیەی لەلایەن ئەحمەدەوە هاتووە، رایگەیاندووە کە میرزا ئاغا یارمەتی شێخی بارزانی نەداوە
بۆجەنابی دەوڵەت
بە واژووی ئەحمەد لە موسڵ بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئەعیان لە مێژووی ٦ کانوونی یەکەم ١٣٢٥ تەلەگرافنامە هاتووە، دانەیەك لەم تەلەگرافنامەیە بردراوە و خوێندنەوەی بۆ کراوە، بۆ جێبەجێکردن لە مێژووی ٢٤ کانوونی یەکەم ١٣٢٥ لە نەزارەتپەناهی بە تەلەگرافنامە ئاماژەی پێکراوە، بە بردنی دانەی ناوهاتوو یارمەتی شێخی بارزانی داوە، لە تەلەگرافنامەی ناوهاتوو لە بارەی میرزا ئاغا ئاماژەی پێکراوە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی پێویست نووسراو بۆ قائیمقامیەتی دهۆك کراوە، لە وەرگرتنەوەی وەڵامدا دەرکەوتووە یارمەتیدانی شێخی بارزان لەلایەن میرزا ئاغا هیچ بنەمایەکی نییە، بە ناردنی ئەم راگەیەندراوە، ئەمرو و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٣ جەمادی یەکەم ١٣٢٨ و لە ٢٠ مایس ١٣٢٦.
قوماندانی والی موسڵ و دەورووبەری
محەمەد فازڵ



11 جەمادی کۆتایی 1328	00141.00055	MV.

پوختەی دارایی
نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆ لە مێژووی ٦ حوزەیران ١٣٢٦ ژمارە ٨٨٢ خوێنرایەوە.

بریارەکە
لە نووسراوی باسکراودا راگەیەندرا لە ویلایەتی موسڵ دانیشتوانی بارزان لە سنوور دووچاری پەرێشانی و تەنگانەیی بوونەتەوە، پێویستیان بە هاوکاریە، ئەمەش بە ئاماژەکانی ناوەخۆ دەرکەوتووە، لە خەزینەی دارایی لە خەرجی دیارینەکراو ١٠٠٠ لیرە رێکخراوە و بۆ ناردنی پەسەند کراوە تا دابەش بکرێت، بۆ جێبەجێ کردنیشی نەزارەتی دارایی ئاگادار کراوەتەوە هەروەها نووسراو کراوە تا زانیاری بدرێتە نەزارەتی ناوەخۆ.



14 ره‌جه‌ب 1328	00142.00031	MV.

١٤ ره‌جه‌ب ١٣٢٨
٨ ته‌مموز ١٣٢٦
پوخته‌ی دارایی
بـۆ کۆتایـی هێنـان بـه مه‌سـه‌له‌ی بارزان، شـێخی بـارزان ملکه‌چـی خـۆی راگه‌یانـدووه، له‌گـه‌ڵ به‌ڵێنه‌کانـی ئاغاکانی تـر، بـۆ قه‌بـوڵ کردنـی ملکه‌چبوونـی ئه‌وانـه هه‌ندێـك ووتـه له‌لایـه‌ن والـی به‌غـداد و قومانـدان جه‌نابـی نـازم پاشـا هاتۆتـه نه‌زاره‌تـی ناوه‌خـۆ، ته‌له‌گرافـی نێردراویـش لـه ٦ ته‌ممـوز ١٣٢٦ خوێندراوه‌ته‌وه.

بریار
لـه‌م باره‌یـه‌وه لـه نـازم پاشـاوه نـووسراو لـه ٣ حوزه‌یـران ١٣٢٦ هاوپێـچ له‌گـه‌ڵ ته‌له‌گرافنامـه بـه تێروانیـن له‌مانـه، ملکه‌چـی بازرانیـه‌کان و هاتنیـان قه‌بـوڵ نه‌کردنـی ملکه‌چبوونیـان بـۆ جێبه‌جـێ کردنـی چاودێری کردنیان له‌شـکری شه‌شـه‌م له‌گـه‌ڵ ئـه‌و سـه‌ربازانه‌ی کـه لـه موسـڵ هه‌یـه، ده‌رکه‌وتـووه کـه هیـچ سـوود و ده‌سـتکه‌وتێکیان نابێـت، هه‌روه‌هـا ئه‌وانـه‌ی کـه ملکه‌چـی خۆیـان بـۆ حکوومـه‌ت راگه‌یاندووه، ئێسـتا بـه هێزێکـی ناتـه‌واو چاودێریکردنیان و دوورخسـتنه‌وه‌یان لـه به‌رامبـه‌ر حکوومـه‌ت ده‌رکه‌وتـووه‌م، بـه تێروانیـن لـه چاوپۆشـی کردنیـان بـه گوێـره‌ی به‌رژه‌وه‌نـدی و بارودۆخـی ئـه‌و کاتـه ده‌بێـت، بـه گوێـره‌ی بـارودۆخ و مامه‌ڵه‌کانیـان ناوبـراوان چاودێـری نه‌کرێـن و بێـزار نه‌کرێـن، له‌گـه‌ڵ ئه‌وه‌شـدا جموجـۆڵ و ره‌فتاریـان بـه‌رده‌وام له‌لایـه‌ن حکوومه‌تی خۆچێیـه‌وه له ژێـر چاوه‌کان و چاودێریـه‌وه ده‌بێـت، بـۆ ئـه‌م مه‌به‌سـته ئـاگاداری بـۆ نـازم پاشـا هاتـووه، لـه وه‌ڵام دا بـۆ جێبه‌جـێ کردنیشـی نـووسراو حه‌واڵـه‌ی نه‌زاره‌تـی ناوه‌خـۆ کـراوه.



DH.ŞFR.00662.00143.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.	00662.00143	27 رەبیعی کۆتایی 1328

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

شیفرە

لـە ٢٤ نیسـان ١٣٢٦ لـە سـەر مەسـەلەی بـارزان ئەوانەی دەسـتیان تێـدا هەبـووە دەسـتگیرکراون، بۆ دادگایـی کردنیان بـە تێروانیـن لـە دیوانـی جەنگـی عورفیـە کـە دامـەزراوە، میهرەبانـی نوانـدن و پاراسـتنی شـێخی بـارزان و هاوەڵانـی گونجـاو نابێـت، لـە ئەنجامـدا بـۆ ئەوانـی تریـش کاریگـەری خراپـی دەبێت، لـە ٢٥ نیسـان ١٣٢٦.



DH.ŞFR.	00662.00172	15 جەمادی یەکەم 1328

به پەلەیە ١١٤
شیفرەی نەزارەتی ناوەخۆ ١٢ مایس ١٣٢٦
پروپاگەندەی ئەوە هەیە لە رووداوەکانی بارزان دەستی هەبووە، بۆیە لە دیوانی جەنگی موسڵ داواکراوە، ئەگەرچی ئاغای چاڵ سەعدی ئاغا یەك مانگ چۆتە موسڵ مەرکەزی ویلایەت، ناوبراو لایەنگری لەگەڵ شێخی بارزان دووپات نەبۆتەوە، بەخۆی تووشی بوهتان بووە، دووبارە لەلایەن سەرۆکی هۆزەکان داواکراوە، ناوبراو لە کاتی رۆیشتنی بۆ موسڵ، دیسان لە دیوانی جەنگی باسکراو، داواکراوەتەوە، لە گرتنی کورەکان کێشە دروست دەکات، لەگەڵ ئەوەش هۆزە عوسمانیەکان بە لایەنگربوونیان کێشە دروست ناکەن، ئەگەرچی بەم راگەیەندراوە گومانی ناوبراوان لە دیوانی جەنگی لە کاتی راگەیاندنی نەسەپێنراوە، بۆیە ناردن و چاودێرکردنیان لە ئێستادا چاوپۆشی لێ بکرێت و بە گوێرەی بەرژەوەندی باشتر دەبێت، بە راگەیاندراوی ویلایەتی وان بە پەلە خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

لە ١٤ مایس ١٣٢٦ وێنەی شیفرەیە کە بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نووسراوە
لە ١٢ مایس ١٣٢٦ شیفرەی ئەنجامی سەرکەوتنە، بەڵام شێخ عەبدولسەلام دەستگیر نەکراوە، بۆیە چاودێریکردنی مەسەلەی بارزان بە ناتەواوی ماوەتەوە، پاراستنی شێخی ناوبراو لە کاتی هەڵاتن و ئاسانکاری کردن بۆ هەڵاتنی، ئەوا رێگە خۆش دەکات هەر کاتێك چاودێری تەواو بێت دووبارە بێتەوە مەیدان، ئەوەی هۆکاری دووبارە سەرهەڵدانی ئەو رووداوە و درێژبوونەوەی داوەتە دەست، سەعدی ئاغا، ئاغای چاڵە، لەم مەسەلەیەی کێشەی خستۆتە ناو مەملەکەت و لەسەر داواکاری دیوانی جەنگی عورفی ئەوەی دەستی هەیە لەم کارە لەوانە ئاغای ناوبراو ئەگەر بێتە موسڵ لە هەموو حاڵەتێکدا و بە هەموو شێوەیەك بریار دەگەرێتەوە بۆ بریاری سەروو.

هەواڵنامەی کتێب



DH.ŞFR.00663.00013.001

27 جەمادی یەکەم 1328	00663.00013	DH.ŞFR.

١١ زیلحیجە ١٣١٨
شیفرەی ٢٤ مایس ١٣٢٦ بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
١٧٨
لە چەتەکانی بارزان، دانیشتووی مزوری بە ناوی ئیسماعیل ئاغا و خێزانەکەی لەگەڵ خزمەتکارەکانی بەیەکەوە کوژراون، ئەوانە هەموو شەو بەهۆی نەناسینەوەیان دانیشتووان لە ناو ترس دەژین و تۆقیون، ئەو چەتە ناوهاتووانە خانەی پۆلیسی ئەرگوشیشیان تاڵان کردووە، دواتر دەچنە ئێران، ئەو زانیاریانە کە لە گوێچکەی دانیشتووان دەزرینگێتەوە و هەواڵی کارە بەدەکانیان هاتووە، بە ویلایەتی وانیش راگەیەندراوە، پشت بەستن بەم زانیاریانە بە دوا خستنی چەند مانگێك لە مامەڵەی خانەنشین کردنیان ئەوا تکا کراوە دووبارە راپۆرتی ئاسایشی ناوچەکە لە جێبەجێ کردنی هیممەت بکرێت، لە ماوەی ئەو ماوەیەدا بابەتی دوورخستنەوەی بارزانیەکان بە تایبەتی بایەخی پێ بدرێت، لە بەرامبەر ئەوان دا بە باسکردنی ووتیان و دەڵێن لە رووی ئاسایشەوە کاریگەری ئەو کارە دیار و ئاشکرایە، هەرچی زووە ئەنجامی باش بەدەست بهێنرێت.



29 جەمادی یەکەم 1328	00663.00025	DH.ŞFR.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
٢٦ مایس ١٣٢٦
لەسەر ئاماژەی بەندەمان کە بۆ قوماندانیەتی لەشکر نێردراوە، بۆ هێزی چاودێریکردنی بارزان، قائیمقام سەفوەت بەگ دامەزراوە و نێردراوە، ئەمڕۆ دوو پارچە تەلەگرافنامە وەرگیراوە، لە یەکیان هاتووە نزیکەی ٩٠٠ چەکدار و دانیشتووان لەگەڵ شێخی بارزان و ئاغاکانی شێروان ملکەچیان راگەیاندووە، هەروەها بەشێك لەو بارزانیانەی کە تا ئێستا پروپاگەندەیان کردووە، یەکەم زەرەروزیانەکان نیشان دراوە، دووەمیش بارزان لەگەڵ بوونی بە مەرکەزی قەزا قۆناغێکی حکوومەت و بە یەك بلۆك قشلە و تەلەگرافخانە دروست دەکرێت، شێخی ناوبراو بە میهرەبانیەوە بەڵێنی داوە، داوای هاوکاری کردووە، بە سەرسورمان و داخەوە ئەمە روون بۆتەوە تا ئێستا لە نێوان پایەبەرزی نەزارەتپەناهی و ویلایەت ئەو هەواڵانەی گۆڕدراونەتەوە لە ئەنجامە گشتیەکەی ملکەچی شێخی ناوهاتوو بە هیچ شێوەیەك گونجاو نییە، بە تێروانین لەو قسانەی کە کراوە، نە لە پلەوپایەی سەروو نە بۆ لەشکر لەم بارەیەوە یەك رۆژ ئاماژە و هێمایەکی نەبووە، لەلایەن سەفوەت بەگ بابەتی ملکەچ بوونی شێخی ناوبراو باسکراوە و گرنگی پلەکەشی تووشی سەرسورمانی کردوون، قوماندانیەتی لەشکریش بە جیا بە بریاری ئەنجوومەنی کارگێری و گرنگی پەلەکردن تێدا داوای روون کردنەوەی کردووە، ئێستا زانیاری یەك مانگ ئاماژەی پێکراوە.

بۆ جەنابی والی موسڵ فازڵ پاشا
١٥١
لە ٢٦ و ٢٧ مایس ١٣٢٦ روو دەکەنە بەغداد لە بارەی بارزانیەکان لەگەڵ پایەدار باس و گفتوگۆ کراوە و بیرورا گۆڕدراوەتەوە، بۆ جەنابی نازم نووسراوەتەوە، هەروەها هەر لەمێژە ئەوەی ئاسایشی تێکداوە و حکوومەتی سەرقاڵ کردووە، ئەنجامەکەی باش دەبێت بە چاوپێکەوتن لەگەڵ پاشای ناوهاتوو مەبەستەکە دەپێکێت و بریارێکی گونجاو دەدرێت، لە ٣٠ مایس ١٣٢٦.

بە ناوی نازری ناوەخۆ راوێژکار فوئاد



2 شەعبان 1328	00663.00141	DH.ŞFR.

وێنەی شیفرەی تەلەگرافی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلەیە لە ٢٧ تەمموزی ١٣٢٦ هاتووە
لە ٢٢ تەمموز ١٣٢٦ شێخی بارزان و ئاغاکانی تر داوای پاراستن و میهرەبانیان لە حکوومەت کردووە، هەرچی هێزی چاودێری و دوورخستنەوەیە، ئێستا بەرامبەر بە حکوومەت خۆیان دەرخستووە بە گوێرەی بەرژەوەندی و جێبەجێ کردنی کاروباری دەوڵەت، ئەو بارودۆخ و خوەی نیشانی دەدەن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ناوبراوان چاودێری ناکرێن و تووشی تەنگانە ناکرێن..... بۆیە جموجۆڵیان لەلایەن حکوومەتی خۆچێیەوە هەمیشە لە ژێر چاودێری و چاوەوە نەبێت، ئەمەش بە بریاری ئەنجوومەنی بریکارەکان بە پێویست زانراوە هەروەها لەم حاڵەتە پێویست ناکات سەعدی ئاغاش بێتە دیوانی جەنگی.

لە وەڵام بۆ ویلایەت نووسراوە، ٣١ تەمموز ١٣٢٦ مێژووی وێنەی شیفرەی تەلەگرافە
لە ٢٧ تەمموز ١٣٢٦ لەگەڵ شێخی بارزان و ئاغاکانی تر بەهۆی ملکەچیان بۆ حکوومەت چاودێریکردنیان و هێنانیان بۆ دیوانی جەنگی بە پێویست نازانرێت، لەگەڵ ئەوەی میهرەبانیەکیان لەگەڵ کراوە، دیسان لە هەمان مەسەلە لێرە ئەوانەی دەستبەسەرن زۆربەیان زوڵملێکراو بێتاوانن، ئەوانەی تاوانەکانیان لەسەر دەسەپێنرێت لە دیوانی عورفیەی دامەزراوە بە گوێرەی یاسای چاودێریکردن، چاودێریکردنیان بە گونجاو نابینرێت، بوێری کراوە رابگەیەندرێت، فەرمان.



DH.ŞFR.00664.00023.001

15 شەعبان 1328	00664.00023	DH.ŞFR.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە لە ١٧ ئۆغستۆس ١٣٢٦
لـە ٩ و ١٤ ئۆغسـتۆس ١٣٢٦ وا هەسـت دەکرێـت لـە مەسـەلەی بـارزان ١١٥ دەسـتگیرکراو هەیـە، دووانیـان لـە ژاندارمـەن لەگـەڵ یـەك یوزباشـی، ئـەوی تریـش مولازمـە، ئەوانـە بـە تاوانـی خـراپ بەکارهێنانـی ئەرکەکەیـان گومانیـان لـێ دەکرێـت، ئەوانـی تـر دانیشـتووانی گونـدەکان و دەوروبـەرن، دووانیـان لـە زینـدان مـردوون، ٥ یـان ئاسایشـیان تێـك داوە، ٣٤یـان بەرامبـەر بـە سـەرباز چەکیـان بەکارهێنـاوە، ٢٦ی بـە تێکدانـی ئاسـایش و وێرانکردنـی گونـدەکان و تاڵانکردنـی کاروانچیـەکان و رفاندنـی کـچ و هانـدان بـە تاوانـی جۆراوجـۆر گومانیـان لـێ دەکرێـت، هەروەهـا لەوانـە یەکیـان هـەر لـە زیندانـە، ٤٥ یشـی لـە کاتـی تـاوان ئەنجـام دان دەستبەسـەرکراون، ئەوانـە لـە ٩ مایـس ١٣٢٥ ٧ و مـارت ١٣٢٦ لـە زیندانـن، بـە تێروانیـن لـە مێـژووی چوونـە ژوورەوەیـان لـە ١٣ مانـگ تـا ١١ مانگیان تێدایـە، لەگـەڵ ئـەوەش لـەم ماوەیـەدا لـە کاتـی رێکخسـتن و ئامـادە کردنـی لەشـکر لـە دیوانـی جەنگـی عورفیـدا سـەرۆك و ئەندامەکانـی زۆربەیـان گوازراونەتـەوە و یاخـود خانەنشـین کـراون، بۆیـە تـا ئێسـتا کارێـك تـەواو نەبـووە، هیـچ یەکێکیـان لـە دەسـتەی لێکۆڵینـەوە تاوانەکەیـان پشـت راسـت نەکراوەتـەوە، لـە وەڵامـی ئـەو نـووسراوەی لـە سـەرۆکایەتی دیوانـی عورفـی هاتـووە، راگەیەنـدراوە، فەرمـان.



DH.ŞFR.00665.00023.001

هەواڵنامەی کتێب

6 زیلحیجە 1328	00665.00023	DH.ŞFR.

شیفرەی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە لە ٢٠ تشرینی دووەم ١٣٢٦
ژمارە ٣٦٧
لە ١٧ ئۆغستۆس ١٣٢٦ ئەوانەی لەسەر مەسەلەی بارزان دەستگیرکراون، لە ١١٧ کەس ١٠٥ ئازاد کراون و بێتاوانیان دەرچوون، ئەوەی ماوەتەوە ١٢ کەسیان بە تاوانەکانی شێخی بارزان تێوەگڵاون و تاوانبارکراون، دەبێ دادگایی بکرێن، ئەگەرچی لە دیوانی جەنگی عورفیدا بریار دراوە، لە بارەی ئەوانەوە لە دیوانی جەنگی ئەگەر پێویست بکات لە لە لایەنی دادوەری چاودێری کردنیان گونجاو نییە، ئێستا ئەگەر چاودێری هەیە پێویستە واز بهێنرێت، ئەمجارە بە ویلایەتی وان راگەیەندراوە، هەروەها بریارەکان و ئاگادارکردنەوەکانی پێشوو هەر خۆی لەو مەرکەزەیە لە ویلایەتی ناوهاتوو، ئاوا وەڵام نووسراوەتەوە، لە ویلایەت بەم شێوەیە جێبەجێ بکرێت.



BEO.003767.282469.002

BEO.	003767.282469	12 جەمادی کۆتایی 1328

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی هەواڵگری گشتی
هۆبەی دووەم ٨٨٢
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لە بارەی دابەش کردنی ١٠٠٠ لیرە بۆ هەژار و لێقەوماوانی دانیشتووانی بارزان

راگەیەندراوی بەندە
لەسەر ئەو چاودێری کردنەی کە کراوە شێخی بارزان عەبدولسەلام لەگەڵ ئاغاکانی تر داوای ملکەچ بوونیان کردووە، بۆ قەبوڵ کردنی ئەو ملکەچ بوونەیان هەروەها لە کۆنەوەش لەگەڵ ئەو جموجۆڵە سەربازیەی کە ئەنجام دراوە، وێرانیەکی زۆر و خەڵکی هەژار تووشی بێ ماڵ و حاڵ ماونەتەوە، بۆ ئەوەی بە پارە یارمەتی ئەو هەژارانە بدرێت، لە ویلایەتی بەغداد تەلەگرافنامە لە مێژووی ٣ حوزەیران ١٣٢٦ ژمارە ٨٥٥ لەگەڵ نووسراو نووسراوەتەوە و نێردراوە، هەروەها بۆ جێبەجێ کردنی ئاماژەی ویلایەتی ناوهاتوو لە ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان بە گفتوگۆ بریاری رەزامەندی دراوە، کە لە بارزان یەك مەکتەبی سەرەتایی و قۆناغی حکوومەت و بەگێک لە قشلەی سەربازی و تەلەگرافنامە بونیاد بنرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی خێزانێکی زۆر هەیە برسین و بێ چارەن هەروەها زۆریش پێویستیان بە هاوکاریە، ئەوانە پەرێشانی و نەبوونیان رۆژ لە دوای رۆژ لە زیاد بون دایە، هەرچی زووە بۆ نەهێشتنی ئەو حاڵەتە ئەمجارە لە ویلایەتی ناوهاتوو تەلەگرافنامە هاتووە و پێشکەش کراوە، ئەوانەی زۆر پێویستیان بە هاوکاریە و بۆ نەهێشتنی دەستکورتی و هەژاری لە خەزینەی جەلیلە، خەرجی چاوەروان نەکراو رێکخراوە و ١٠٠٠ لیرە دابین کراوە و بۆ خەرج کردنی گفتوگۆ کراوە، بە تێروانین لە ئاماژەکانی ویلایەت بۆ جێبەجێ کردنی لە ئەنجوومەنی ناوهاتوو، بە بریارێك ئاگاداری دراوەتە نەزارەتی دارایی جەلیلە هەروەها زانیاری دراوەتە نەزارەتی عاجیزانە لەسەر فەرمانی سەروو ماوەتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ١٢ جەمادی کۆتایی ١٣٢٨ و لە ٦ حوزەیران ١٣٢٦
نازری ناوەخۆ

هەواڵنامەی کتێب



18 رەبیعی کۆتایی 1329	00151.000047	MV.

١٨ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٩
٥ نیسان ١٣٢٧
پوختەی دارایی
بارزانیەکان و هەمەوەندەکان ملکەچی خۆیان راگەیاندووە، هەرچی چاودێری کردن و دوورخستنەوەیانە بە گوێرەی ئەو کاردانەوەی نیشانیان داوە، پێویستە چاوپۆشیان لێ بکرێت و بەم شێوەیە لە بەرژەوەندی هەموو لایەکە، بەو بارودۆخ و رەفتارەی مامەڵەی لەسەر دەکرێت، نابێت چاودێری بکرێن و بخرێنە تەنگانەوە، لەگەڵ ئەوەش لەبارەی بارودۆخ و جموجۆڵیان لەسەر بریاری پێشوو کە هەمیشە لەلایەن حکوومەتی خۆچێیەوە لە ژێر چاودێری دەبن، جگە لەوە ناوبراوان بۆ ئەوەی دووچاری شتی تر نەبنەوە و لە شوێن خۆیان بمێننەوە لێخۆشبوونیان بە مادەی یاسایی مامەڵەی رێکخستن و پەسەند کردنی یاساکە و لە جێبەجێ کردنیدا لە مەسەلەی بەغداد و بارزان ئەو کەسانەی کە دەستگیرکراون، ئەگەرچی ئێستا بەڵگە هەیە بۆ ئازادکردنیان، بەڵام دەبێ ئەو لایەنە لە دیوانی جەنگی روون کردنەوە بدات، لە ویلایەتی موسڵ راگەیەندراوە، بۆ روون کردنەوەش لە نەزارەتی ناوەخۆ سێ پارچە نووسراو هاتووە و خوێندراوەتەوە.

بریار
هەمەوەندەکان لە کۆنەوە بە ئاسوودەیی دانانیشن، هەروەها رسوماتی رێگا لە بازرگانەکان وەردەگرن، ئەمەش بە ئاماژەی ناوەخۆ دەرکەوتووە، لە ناویان بەشێك دەستگیرکراوە، هەروەها بارزانیەکان ئەمرۆ لە چ بارودۆخێکن و لە بارەیانەوە چاودێری دادوەری جێبەجێ کراوە نەکراوە، لە شوێن خۆی زانیاری هاتووە، لەگەڵ خوێندنەوەی راگەیەندراوە، لە وەڵام بە نووسراو نەزارەتی ناوهاتوو ئاگادار کراوەتەوە.



DH.ŞFR.00665.00076.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.	00665.00076	23 موحەررەم 1329

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ٢٠ تشرینی دووەم ١٣٢٦ ژمارە ٣٤٧ لەسەر مەسەلەی بارزان چەند کەسێك دەستگیرکراوە، لە هەر جۆرە چاودێریەکی یاسایی لەبارەی دەستگیرکراوەکان، ئەوا بە گوێرەی فەرمانی نەزارەتپەناهی ئەگەرچی ئێستا بە بەڵگەوە ئەنجامەکەی دەرکەوتووە، لە دیوانی جەنگی بۆ جێبەجێ کردنی داوای مۆڵەت کراوە، فەرمان، لە ١١ کانوونی دووەم ١٣٢٦.



DH.SYS.00026.00001.001



DH.SYS.00026.00001.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.SYS.	00026.00001	1 زیلقەعدە 1330
لـە مێـژووی ٣٠ ئۆغسـتۆس ١٣٢٨ لەسـەر نـووسراوی سـەدارەتی تایبەتـی جەنگـی دراوەتـە بەرێوەبەرایەتـی، لـە ٣٠ ئەیلـوول ١٣٢٨. پەیوەستە بە چەتەکانی هەمەوەند و بارزان.		



DH.ŞFR.00426.00023.001



DH.ŞFR.00426.00023.001

هەولێرنامەی کتێب

DH.ŞFR.	00426.00023	25 نیسان 1330

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لە ٩ نیسان ١٣٣٠ ئەو کاغەزانە پەیوەستن بە شێخی بارزان نێردراوە، ئەو بەشەی کە پێویستن بۆ جێبەجێ کردن ئەگەر بکرێت لێرە ئەوەی گرنگە وەربگیرێت، سبەی نوێنەری موسڵ ئیبراهیم قورنی بەگ لێرەوە جولە دەکات و پێشکەشی دەکات، لە ٢٥ نیسان ١٣٣٠.

نەزیف والی موسڵ



DH.EUM.MH.	00067.00010	3 زیلقەعدە 1331

نەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێریاری گشتی
ژمارە/ گشتی ٧٨٥٥ - تایبەتی ٣٠٠
بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
دەرسەعادەت لە ٩ ئەیلوول ١٣٢٩
پوختە
لە ویلایەتی موسڵ لە چینی سێیەم قەزایەك بە ناوی زێبار دادەمەزرێت
لـە ویلایەتـی موسـڵ مەرکەزەکـەی گونـدی بارزانـە لە چینی سـێیەم قەزایەك بە نـاوی زێبـار دادەمەزرێـت، بۆ ئەمەش نـووسراو لـە نەزارەتـی ناوەخـۆ پێشکەشـی سـەدارەتپەناهی کـراوە، راگەیەندراوەکـە خوێندنـەوەی بـۆ دەکرێـت، بـە نامـە پێشـکەش کـراوە، ئەمـەش لـە نـووسراوی مێـژووی ٢٩ ئۆغسـتۆس ١٣٢٩ ژمـارە ١١١٦/٨٣٣٠١ راگەیەنـدراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە جێبەجـێ کردنـی لێکۆڵینەوەکـە بـە گوێـرەی بـەش و ماددەکانـی ئـەو بـرە پارەیـەی دابینکـراوە، لەگـەڵ ئـەو برەیـەی بـە بـێ بەرامبـەر ماوەتەوە بـە خێرایی رێکخـراوە و بە هیـوای ناردنـی داوای پشـتگیری دەکرێت.
نازری دارایی

بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران لە ١٠ ئەیلوول ١٣٢٩
بـۆ ئـەو قەزایـەی کـە بە نـاوی زێبـار دادەمەزرێـت، حـەوت پۆلیس لەگـەڵ یـەك ئەفسـەری یاریـدەدەر دادەمەزرێت، بـە مووچـەی ئەوانـەوە لەگـەڵ کرێـی بنکـەی پۆلیـس هەروەهـا روونـاك کردنـەوە و گـەرم کردنـەوە، بـۆ خەرجـی ئەم جـۆرە پێداویسـتیانە خشـتە رێکخـراوە و پێشکەشـی نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە کـراوە، لەوێشـەوە حەواڵـەی ژمێریاری دەکرێـت، لـە ١٢ ئەیلـوول ١٣٢٩.

بۆ نەزارەتی دارایی
٢٢ ئەیلوول ١٣٢٩
بـە گوێـرەی ووتـەی ژمێریـاری گشـتی بەڕێوەبەرایەتی گشـتی نـووسراو بە ژمـارە ٣٠٠/١٧٥٥ مێـژووی ٩ ئەیلـوول ١٣٢٩ وەڵامـی نەزارەتپەناهـی لـە ویلایەتـی موسـڵ بـە نـاوی زێبـار لـە چینـی سـێیەم قەزایـەك دادەمەزرێـت، بـە گوێـرەی ئـەو بودجەیـەی بـۆی تەرخـان کـراوە لـە ٢٧ هـەزار و ٢٠٠ قـوروش پێـك هاتـووە، بـۆ ئەمـەش رێکخـراوە و پێشـکەش دەکرێت.





هەواڵنامەی کتێب



MV.	00175.00053	11 رەبیعی کۆتایی 1331

١١ رەبیعی کۆتایی ١٣٣١
٧ مارت ١٣٢٩
پوختەی دارایی
نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆ بە مێژووی ٦ مارت ١٣٢٩ خوێندرایەوە

بریار
لە نووسراوی ناوهاتوو ئاماژەی پێکراوە، لە دیوانی جەنگی عورفی سلێمانیە مامەڵەکەی بە ناتەواوی ماوەتەوە، بۆ لایەنی دادوەری نێردراوە، لەبەر بابەتی تاوان هەندێك لە ئەندامەکانی هەمەوەند لەگەڵ هەندێك هۆزی تر هەروەها هەندێك خەڵکیش کە بەشدارن لە تاوانەکە، ئەو مامەڵەی لە بەرامبەریان دەکرێت، لە نەزارەتی دادوەری قسەی لەسەر کراوە، هەروەها هەمەوەندەکان لەگەڵ بارزانیەکان لە بارەی ئەو چاودێری کردنەی کە لەسەریان دەکرێت، چاوپۆشی کردنیان بە گوێرەی مامەڵە و رەفتاریان دەبێت، پێشەکی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بریارەی کە دراوە، لە بارەی کەسەکانەوە بە گوێرەی رووداوەکان و پشت بەستن بە بریاری باسکراو لە بارەی ئەوەی یاسای چاودێری جێبەجێ نەکرێت، نەزارەتی دادوەری ئاگادار دەکرێتەوە، هەروەها بە نووسراو زانیاری دراوەتە نەزارەتی ناوەخۆ.



I.TAL.00484.00045.001

هەواڵنامەی کتێب

10 ڕەمەزان 1331	00484.00045	I.TAL.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی هەواڵگری گشتی
هۆبەی دووەم
٨٢٢٦١ گشتی
٩٤٠ تایبەتی
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
ڕاگەیەندراوی بەندەتانە
شێخی بارزان عەبدولسەلام بەهۆی ئەو پەیوەست بوون و دڵسۆزیەی بەرامبەر بە نیشتیمان هەیەتی، هەروەها لەبەر ئەوەی ملکەچی فەرمانی حکوومەتە، بە نیشان ڕێزی لێ بگیرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە وەکالەتی ویلایەتی موسڵ و بە ئاماژەی قوماندانیەت بە میهرەبانیەوە لە نەزارەتی جەنگی کۆتایی پێ هاتووە، هەروەها ڕاگەیەندراوەکە قەبوڵ کراوە، ناوبراو لە پلەی چوارەم بە نیشانی عوسمانی ڕێزی لێ گیراوە، لیستی فەرمانی پاشا پێشکەش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٠ ڕەمەزان ١٣٣١ و لە ٣١ تەممووز ١٣٢٩.

نازری ناوەخۆ



21 جەمادی کۆتایی 1331	004177.313239	BEO.

٢١ جەمادی کۆتایی ١٣٣١
١٥ مایس ١٣٢٩
بۆ لایەنی سەرووی نەزارەتی جەنگی جەلیلە
هاوپێچی نووسراوی مێژووی ٩ مایس ١٣٢٩یە، پەیوەستە بە گۆرینی فرقەی تەیاریەکان، ئەو پارەوپول و مەرومالاتەی کە لەلایەن شێخی بارزان کۆکراوەتەوە، بەشێکی بە ئامادەبوونی وەکیلی پاتریکی نەستوری رادەستی خاوەنەکانیان کراوەتەوە هەروەها لە گەرانەوەیان بۆ وان پارێزگاریان لێ کراوە، جگە لەوەش رووداوەکەی عەمادیە لەگەڵ گەرانەوەی کەلوپەلی ئاشوریەکان کە تالان کراوە، کار دەکرێت بۆ تەواوکردنی هۆکارەکانی دەستگیرکردنی ئەنجامدەرانی کارەکە، هەروەها لە گۆرینەوەکەران ١٠ کەس و لە ئاشوریەکانیش یەك کەس کوژراوە، ئەگەر باسیش کرابێت راستییەکەی دەرنەکەوتووە، لە بارەی مەسەلەی گرتنەکەش راست و دروستی بوونی هەیە، لە ویلایەتی موسڵ دوو پارچە تەلەگرافنامە وەرگیراوە، وێنەیەکی نێردراوە، ئەو وەڵامەی بۆ ویلایەت نووسراوەتەوە، ئەمجارە لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە نووسراو لە مێژووی ١٤ مایس ١٣٢٩ ژمارە ٤١٦ بۆ سەروو نووسراو کراوە، بۆ جێبەجێ کردن.



هەواڵنامەی کتێب

BEO.	004189.314115	**26 رەجەب 1331**

- ٢٦ رەجەب ١٣٣١
١٨ حوزەیران ١٣٢٩
بۆ نەزارەتی جەنگی جەلیلە
هاوپێچ نووسراوی مێژووی ١٦ مایس ١٣٢٩ یە، لەو مەروماڵاتەی کە لە ئاشوریەکان تاڵان کرابوو، ئەمجارە ٦٠٠ سەر مەڕ بە هاوکاری شێخی بارزان وەرگیراوەتەوە و بە ئاماژەی ویلایەتی موسڵ بە نووسراو بە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە راگەیەندراوە بەرێزم.

- لەلایەن شێخی بارزانەوە ئەو کەلوپەل و مەڕوماڵاتەی تەیاریەکان کە تاڵان کراوە بەشێکی رادەستی خاوەنەکانیان کراوەتەوە، لە گرانەوەیان بۆ وان پارێزراو بوونە، هەروەها ئەو کەلوپەلانەی پەیوەست بوون بە ئاشوورەیەکان کار بۆ تەواوکردنی هۆکارەکانی رادەستکردنەوەیان دەکرێت، ئەمەش هاوپێچ لەگەڵ تەلەگرافنامەی موسڵ، بە پشت بەستن بە نووسراوی ژمارە ٤١٦، لە مێژووی ١٤ مایس ١٣٢٩، ژمارە ٣٩٤ لە مێژووی ١٦ مایس ١٣٢٩ نووسراوی سەدری ئەعزەم بۆ نەزارەتی جەنگی نووسراوەتەوە.



BEO.004189.314115.003

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

BEO.	004197.314739	15 شەعبان 1331

١٥ شەعبان ١٣٣١
٦ تەممووز ١٣٢٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

هاوپێچی نووسراوی مێژووی ٢٤ حوزەیران ١٣٢٩، لە بارەی شێخی بارزان ئەو لێکۆڵینەوەی کە کراوە، بە تەلەگرافنامە لەلایەن قوماندانیەتی لەشکری قولی ١٢ هاتووە، وێنەیەکی نێردراوە، هەروەها بۆ موسڵ والیەکی باش دابەزرێت تا ئەو سکاڵا و گلەییانەی هەیە کۆتایی پێ بێت، ئەمجارە لە نەزارەتی جەنگی جەلیلە بە مێژووی ٣ تەممووز ١٣٢٩ ژمارە ٥٧٨ نووسراو بە هاوپێچەوە بۆ سەروو نێردراوە، هێممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.



I.MLU.00007.00060.004

I.MLU.	00007.00060	30 شەعبان 1332

ئەنجوومەنی ئەعیان
١٣٣١
لیستی یاسایی
ماددە ١// لە ناو ویلایەتی موسڵ ناحیەی زێبار بۆ قەزا گۆرانکاری بەسەرداهاتووە و گوندی بارزانیش وەکو مەرکەز دانراوە.
ماددە ٢// بۆ ئەم کارە، ماددە یاساییەکە لەگەڵ مێژووی بڵاوبوونەوەی کاری پێ دەکرێت.
ماددە ٣// بۆ جێبەجێ کردنی یاسایەکە نازری ناوەخۆ ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە.
لە مێژووی ٢٥ جەمادی یەکەم ١٣٣٢ و ٨ نیسان ١٣٣٠ ڕێکخراوە و بۆ جێبەجێ کردن ئامادە کراوە، ئەم لیستی یاساییە لە مێژووی ٢٨ حوزەیران ١٣٣٠ لە ئەنجوومەنی گشتی قەبوڵ کراوە.
بە قەبوڵ کردنی ئەو لیستە یاساییە لە ئەنجوومەنی ئەعیان منیش بە فەرمانەکە رازی بووم.
لە ٣٠ شەعبان ١٣٣٢ لە ١٠ تەممووز ١٣٣٠
نازری ناوەخۆ
سەدری ئەعزەم



İ.MBH.00014.00036.002

I.MBH.	00014.00036	24 سەفەر 1332

لە نێوان هومایۆنی ملوکانە
سەرۆکی نووسین
ژمارە ٣٠٤
بە واژووی نەجیب غایزە و کوڕی کاراکاش یورغاکی دوو پارچە داواکاری واژوو کراوە، لەگەڵ واژووی شێخی بارزان عەبدولسەلام لە بنکەی شەمدینان تەلەگرافنامە دەرچووە، بە فەرمانی سەروو بە هاوپێچ بۆ سەدارەتپەناهی نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢٤ سەفەر ١٣٣٢ و لە ٩ کانوونی دووەم ١٣٢٩
سەر کاتبی جەنابی شەهریار



هەواڵنامەی کتێب

25 جەمادی یەکەم 1332	00020.00003	DH.EUM.LVZ.

نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
هۆبەی هەواڵگری و ڕێکخستن
وێنەی یاساییە
ماددەی ١... لە ناو ویلایەتی موسڵ ناحیەی زێبار دەگۆڕدرێت بۆ قەزا و گوندی بارزانیش کراوەتە مەرکەز
ماددەی ٢... لە ئەم کارە، ماددە یاساییەکە لە مێژووی بڵاوکردنەوەی هەژمار دەکرێت
ماددە ٣... یاسای ئەم کارە بۆ جێبەجێ کردنی بریارەکە نازری ناوەخۆ ئەم ئەرکەی پێ سپێردراوە.
بۆ ئەم کارە لیستی یاسایی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گشتی بە گوێرەی یاسایەکە بە شێوەی کاتی بەڕێوە دەبردرێت و بە گوێرەی چین و یاساکانی دەوڵەت فەرمان دەدەم.
لە ٢٥ جەمادی یەکەم ١٣٣٢ و لە ٨ نیسان ١٣٣٠
محەمەد ڕەشاد/ نازری ناوەخۆ تەڵعەت/ سەدری ئەعزەم محەمەد سەعید

15 جەمادی کۆتایی 1332	00022.00054	DH.EUM.VRK.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
لە ویلایەتی موسڵەوە شیفرە نێردراوە
لە ٢٢ نیسان ١٣٣٠ ئەو پردەی لە سەر رووباری زاب لە نێوان زێبار و بارزان دروست دەکرێت، بە هەر شێوەیەك بێت تا تشرینی یەکەم تەواو بێت، هەروەها تا کۆتایی بە تەواوکردنی دەهێرێت ئەو هێزە سەربازیەی کە پێویستە لە بارزان نیشتەجێ بکرێت، لە دوو تابور پێك بێت، هەروەها ئەمرۆ لەوێ ئەو هێزە بوونی هەیە، شێخی بارزان و هاوەڵانی زۆر پەرێشانن، دەکرێت بەبێ سەرباز ئاسایشی ناوچەکە بەرقەرار بکرێت، بەڵام رووسەکان لەبەر زۆر مەبەستی خائینانەیان هەوڵ دەدەن مەرامەکانیان بێنە دی، هەروەها ناکرێت هەموو شتێك بۆ دەرفەت بەجێ بهێڵدرێت، بۆیە لەم رێگایەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەو یەك تابور و دوو تۆپەی لەگەڵ رێکخستنی کارگێری قەزا لەوێین، تا پردەکە تەواو دەبێت و بلۆکەکە نیشتەجێ دەبێت ئەوەندە بەسە ئەو تابورە یا بە ئاڵایەکانی رواندز یا بە دیاربەکر ببەسترێتەوە، سەبارەت بە بەستنەوەی ئاڵای ئێستر سوارە بە تابوری ناوهاتوو، لە قوماندانیەتی لەشکری قول خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئەو ئاڵایەی کە مەبەستە رێکبخرێت، بەڵام بۆ کاری ئاسایش و سادەش ناتەواوە، ئاڵای ئێستر سوارەکەش بە تەواوەتی یاخود بەشێکی بێت ئەوا لە بارزان بەهۆی تاڵانەوە بە تەواوەتی پەرشوبڵاو دەبنەوە، لە قوماندانیەتی لەشکر ئەو تێبینیە بەرچاو گیراوە، بۆیە شێخی بارزان لە ساڵی سییەوە ماوەیەکی زیاتریشە بە چەتەگەریەوە خەریکە.

٢٨ نیسان ١٣٣٠
بۆ نەزارەتی دادوەری جەلیلە
پێویستە بە مووچەوە فەرمانبەرانی دەرەوەی ویلایەت بۆ قەزای زێبار سەرۆکی دادگا و ئەندامەکانی دابمەزرێن، بۆ ئەمەش لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە هاتووە و ئاماژەی پێکراوە، بۆ جێبەجێ کردنی.

هەوالنامەی کتێب



DH.ŞFR.00039.00006.001

17 ره‌بیعی یه‌که‌م 1332	00039.00006	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارتەی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی/شیفرە
ویلایەتی وان
لـە ٢٤ شـوباتی سـاڵی ١٣٢٩ هۆزەکانـی نزیـك بـە زیـادەوە هـاوکاری شـێخی بارزانیـان کـردووە، تەنانـەت لـە کاتـی دەسـت پێکردنـی جموجۆڵـی سـەربازی لەگـەڵ ئـەو هاوکاریانـەش بـۆ ئـەو بۆتـە جێـگای دڵنیایـی، هەروەهـا ئـەو هۆزانـەی زۆر دوورن لـە هاوبەشـی کردنیـان هیـچ سـوودی نابێـت، بۆیـە بـۆ دیاریکردنـی هـۆکاری رانەکردنی شـێخ بـە رێگـەی ویلایەتـی عالـی، لـە ویلایەتـی موسـڵ وەڵام دراوەتـەوە، بـە گوێـرەی ئـەوە جێبەجـێ بکرێت، لـە ٢ مارت ١٣٣٠.

بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00039.00017.001

19 رەبیعی کۆتایی 1332	00039.00017	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
بـۆ بـارزان لـە ژێـر قوماندانیەتـی قائیمقـام بەکـر سـدقی بـەگ دوو ئەفسـەر و ٦٠٠ نەفـەر بـە دوو تابور، جگـە لەوە لـە ژێـر قوماندانیەتـی یـەك ئەفسـەر مەفـرەزەی سـوارە کـە پێـك هاتـووە لـە ٢٥ سـوارە بـۆ شـەمدینان جولەیـان کـردووە، لـە ژێـر راگەیەنـدراوی قوماندانیەتـی لەشـکری یانزەهەمـی قولـی بـە میهرەبانیـەوە بـە نەزارەتـی جەنگـی راگەیەنـدراوە، لـە ٣ مـارت ١٣٣٠.

بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00039.00018.001

20 رەبیعی کۆتایی 1332	00039.00018	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بۆ ویلایەتی موسڵ
شیفرە
لەسەر جولەی بارزان لە چ مەرکەزێکە کەمێك روون کردنەوە بدەن، لە ٥ مارت ١٣٣٠.
نازر تەڵعەت



DH.ŞFR.00039.00146.001

5 جەمادی یەکەم 1332	00039.00146	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی تایبەت
١١٧٢
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
بـۆ خێـرا کردنـی جولـەی شـێخی بـارزان لـە نەزارەتـی جەنگـی فەرمـان دراوەتـە قوماندانیەتـی لەشـکری قـول، ئـەو جولەیـە لـە مـاوەی چەنـد رۆژێکـدا پێویسـتە ئەنجامـی هەبێـت و لـە رووی سیاسـییەوە داواکـراوە، بـە تایبەتـی ئەگـەر پێویسـت بـکات چاودێـری بکرێـت، بۆ مسـۆگەرکردنی بچێتە خانـەی چاڵاکـی (دار الحـرکات) و ئەنجامەکەی بەدەسـتەوە بـدەن، لـە ١٩ مـارت ١٣٣٠.

نازر تەڵعەت



DH.ŞFR.00039.00179.001

هەواڵنامەی کێبڕ

10 جەمادی یەکەم 1332	00039.00179	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتەکانی وان و بەتلیس
شێخی بارزان پێنج ساڵ پێش ئێستا هێرشی کردە سەر مەفرەزەیەکی سەربازی هەروەها دۆراندنی مسۆگەر کردووە، لەلایەن هۆزی ملکەچ دەستگیر کراوە، جگە لەمە لە دوا پلانی بەرگریکردندا لایەنی ووشکانی رووباری زابی خستۆیەتیە ژێر دەسەڵاتی خۆی، هەروەها پێم باشە بۆ لایەنەکانی رواندز و عەمادیە جگە لە فەرمانبەرانی هێزی نیزامیە ئەو سەربازانەی لە عەقرەشە بۆ سەر بارزان جولەیان کردووە، لە هۆزە جیاوازەکان ئەوانەی نەفەرەکانیان دڵسۆزە نزیکەی ٦٠٠ دلاوەر لەگەڵ هێزی ناوبراو هەمان ئەرك جێبەجێ دەکەن، لەگەڵ ئەم راگەیەندراوەدا لەوانەیە لە ماوەی ئەو دوو رۆژەدا رووبەرووبوونەوە روو بدات، هەروەها بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو هێز بە باشی رێك بخرێتەوە و سەر کۆنە بکرێت، بە خۆی بۆ بارزان جولەی کردووە، ئەو تەلەگرافنامەیەی لە ٢٣ مارت ١٣٣٠ لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، راگەیەندراوە، بە گوێرەی ئەوەش کاری پێویست ئەنجام بدرێت، ٢٤ مارت ١٣٣٠.

بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00039.00217.001

16 جەمادی کۆتایی 1332	00039.00217	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ
پیاوەکانی شێخی بارزان لە رومیە بڕێك فیشەك و تفەنگیان کڕیوە، لە ڕێگەی کێلەشین و ماسیرو دەگەڕێنەوە، بە گوێرەی راگەیەندراوی شەهبەندەری رومیە، بە میهرەبانیەوە ویلایەتی وان ئاگادار کراوەتەوە، بۆ ئامادەکاری کار بکرێت، لە ٣٠ مارت ١٣٣٠.



DH.ŞFR.00040.00029.001

هەواڵنامەی کتێب

22 جەمادی یەکەم 1332	00040.0029	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
ئەگەر چی تا ئێستا لێکۆڵینەوە و چاودێری کردنی بارزان هێشتا ئەنجامی نەبووە، بەڵام بە سەرکەوتووی بەردەوامە، هەروەها بەهۆی دەستگیرنەکردنی شێخ لەگەڵ ١٠ کەس لە خانەوادەکەی رایکردووە، ٣٢٠ تاکی سوارە فەرمانی دەست بەکاربوونیان دراوەتە لەشکری قول، پێویستە کارەکە درێژە نەکێشێت و مەسەلەکە چارەسەر بکرێت، بە ئاماژەی قوماندانیەتی لەشکری قولی ١٢ بە سۆزەوە نەزارەتی جەنگی ئاگادار کراوەتەوە، بە گوێرەی ئەوە کارەکە ئەنجام بدرێت.

نازر تەڵعەت
لە ٣ نیسان ١٣٣٠



DH.ŞFR.00040.00061.001

24 جەمادی یەکەم 1332	00040.00061	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
تایبەتی ١٠٦
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
لە ٦ نیسان ١٣٣٠ لە بارەی ئەسعەد پاشا لە بەڵگەیەکدا ئاماژەی پێکراوە دەستگیرکراوە، بەڵام تەنیا بە دوور خستنەوەی لە ئەرکەکەی کارەکە تەواو دەبێت، هێشتا ماوە دەبێ بچێتە پێش دادگا، پێشەکی وەڵام دراوەتە نەزارەتی جەنگی، ئەوەی بە بەڵگەکە ئاماژەی پێکراوە شێخی بارزان دەنێردرێتە ئێرە، هەرچی نووسراوەکانە هەر لەگەڵ گەیشتنی بە وەرگرتنی بیروڕای نەزارەتی جەنگی کارەکە جێبەجێ دەکرێت، شایەد ئەگەر تا ئەو کاتە چاوەڕێ نەکات ئەوا بابەتەکە بە تەلەگرافنامە دەنووسرێتەوە، لە ٨ نیسان ١٣٣٠.
تەڵعەت نازری ناوەخۆ



DH.ŞFR.00040.00080.001

27 جەمادی یەکەم 1332	00040.00080	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
تایبەتی ۱۱۲
لە ۷ نیسان ۱۳۳۰ شێخی بارزان لەگەڵ ۵۰۰ لە پیاوەکانی لە شنۆ ناوەستن، لەگەڵ سەید تەهاش لە گوندی راژان یاخود رومیە بە تکا کردن داوا کراوە نیشتەجێ بکرێن، بە ئاماژەی شەهبەندەر بۆ میهرەبانی لە ویلایەتی وان روون کراوەتەوە، لە ۱۰ نیسان ۱۳۳۰.

بە ناوی نازر عەلی خضر



DH.ŞFR.00040.00093.001

30 جەمادی یەکەم 1332	00040.00093	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
تایبەتی ١٢٤
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
زیادکراوە لە ١٠ نیسان ١٣٣٠، شێخی بارزان لەگەڵ چەند سەد لە پیاوەکانی لە نیسان بە شنۆ تێپەڕیون، داوای ئەرزاقیان کردووە، هەروەها لەلایەن هۆزەکانەوە بە مەبەستی چاودێری تا نەچنە ناو خاکی ئێرانەوە، لەلایەن باڵیۆزی رووسیا تکا کراوە، بە ئاماژەی شەهبەندەری رومیە بە میهرەبانیەوە بە نەزارەتی دەرەوە راگەیەندراوە، لە ١٣ نیسان ١٣٣٠.

بە ناوی نازر عەلی خضر



DH.ŞFR.00040.00109.001

هەواڵنامەی زێبار

3 جەمادی کۆتایی 1332	00040.00109	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
تایبەتی ١٣٢
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
شێخی بارزان لە ژێر پارێزگاری سوارەی روس و عەجەم بە ١٠ پیاو لە نیسانی فەرەنجی ٢٢ چۆتە رومیە، ئەمەش بە حکوومەت راگەیەندراوە، هەروەها نزیکەی ٥٠٠ لە پیاوەکانی لە شنۆ ماونەتەوە، لەوانەیە ناوبراوان بە رێگەی ماسیرو و کیلەشین بۆ شنۆ رایانکردووە، هەرچی لەلایەنی ئێران هۆزی جیلول یارمەتی ئەوانەیان داوە هەروەها لە قەزای گەوار چەتەکانی شنۆ بۆ لایەنی خۆیان رادەکێشێت، لە قەزای جۆلەمێرگیش ئەو نەسرانیانەی کە لەوێن هەندێکیان بە ئامادەکردنی چەك خەریکن، بە ئاماژە پێکردنی میهرەبانانەی شەهبەندەری رومیە بە ویلایەتی وان راگەیەندراوە، لە ١٦ نیسان ١٣٣٠.

بە ناوی نازر عەلی خضر



DH.ŞFR.00040.00126.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.	00040.00126	6 جەمادی کۆتایی 1332

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
١٣٥
بۆ ویلایەتی وان و موسڵ/ شیفرە
بە گەیشتنی هەواڵی ئەوەی شێخی بارزان چۆتە خاکی ئێران، داوا لە حکوومەتی ئێران کراوە رادەست بکرێتەوە، هەرچی زووە بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان هەروەها ئەو کاتەی دەستگیر دەکرێت رادەستی فەرمانبەرانی عوسمانی بکرێت، بۆ ئەمەش لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، فەرمان لەسەر فەرمان لە ئازربێجان تەلەگراف بۆ ویلایەتی وان کراوە، هەروەك نووسراوە و داواکراوە سەربازەکانی عوسمانی لە خاکی ئێران بکشێنەوە، بە ئاماژەی باڵیۆزی تەهران بە میهرەبانیەوە نەزارەتی دەرەوە ئاگادار کراوەتەوە هەروەها چۆنیەتی کارەکەش بۆ ویلایەتی موسڵ نووسراوە.

بە ناوی نازر
١٩ نیسان ١٣٣٠



DH.ŞFR.00040.00146.000

9 جەمادی کۆتایی 1332	00040.00146	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
تایبەتی ١٤٧
لە ٣١ مارت ١٣٣٠ لە گوندی بارزان پێویستە بلۆکی ژاندارمە بونیاد بنرێت، بۆ بریکاری قوماندانیەتی ژاندارمای گشتی و درێژکردنەوەی هێڵی تەلەگراف بۆ نەزارەتی تەلەگراف نووسراو کراوە، ئەو پردەی لەسەر رووباری زاب دروست دەکرێت، کەمترین کات بە ماوەی ساڵێك تەواو دەکرێت، ئەو ماوەیە دوو ئاڵای لە تشرینی یەکەمەوە لە هەموو گواستنەوەیەکیان بێبەش دەبن، تەنانەت یەك بلۆکیش کە دامەزراوە، لە بارزان مەشق و راهێنانیان پێ ناکرێت، ئەو سەربازانەی بێ کار ماونەتەوە، بۆ پاراستنی پردەکە ناتوانرێت پشتگیری بکرێن هەروەها خودی سەروو ئەوانەی لەوێن، بۆ هاوکاری و جێبەجێ کردن ئامادەکراون، لە ژاندارمەی پیادە بۆ نیشتەجێ بوونیان لە ئاڵای رواندز یەك تابور بە شێوەیەکی کاتی لە بارزان دابنرێت، ئەو بارودۆخە باس کراوە بەشی دووەمی ئەندامەکانی کۆبکرێنەوە، لە شوێن خۆیان لەگەڵ راهێنانیان لە حوزەیرانەوە یەکسەر لەگەڵ ئەوانەی بێ ئەرك ماونەتەوە لە ئیستر سوارەکانی ئاڵای یەك دوو بلۆك بەیەکەوە بگەن بە تابوری ناوهاتوو، بۆ ئەمەش رەزامەندی دراوە، ئاماژە بە قوماندانیەتی لەشکری دوانزەی قولی بە میهرەبانیەوە لە نەزارەتی جەنگی بە وەڵام ئاماژەی پێکراوە، لەم بارەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، لە ٢٢ نیسان ١٣٣٠.
بە ناوی نازر عەلی خضر



DH.ŞFR.00040.00152.001

هەواڵنامەی کتێبی

10 جەمادی کۆتایی 1332	00040.00152	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/شیفرە
لە ٧ نیسان ١٣٣٠ ئەو کاغەزانەی کە لە خانەی شێخی بارزان دۆزراوەتەوە، ئەوانەی پێویستن بۆ ئێرە بنێردرێن، ڕەسەنەکان و ئەوانی تر وێنەی پەسەندکراویان پێویستە بنێردرێت، ئەمەش لە دەرسەعادەت گرنگی ناردنەکە دووپاتکراوەتەوە، دواتریش لەم بارەیەوە لە دەستەی دیوانی جەنگی چۆنیەتی کارەکە ئاماژەی پێ دەکرێت، لە ٢٣ نیسان ١٣٣٠.

عەلی خضر بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00040.00171.001

14 جەمادی کۆتایی 1332	00040.00171	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ و وان/ (شیفرە)

هاوپێچ ١٩ نیسان ١٣٣٠ ئەمجارە شێخی بارزان لەگەڵ ٢٠٠ لە پیاوەکانی هەروەك بە شنۆ تێپەڕیون، هەروەها لە ناو شەمدینان لە گوندەکانی ..... و ..... لەگەڵ پیاوەکانی تەها بە ڕێککەوتن ئەگەری سەرپێچی کردنیان هەیە، بە وەرگرتنی ئەم هەواڵە لەگەڵ باڵیۆزخانەی رووسیا بە ئامادەبوونی دادوەر بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نەدرێت سەرپێچی بکرێت، هەروەها سەید تەها ماوەیەك لە تەبریز بەجێ دەهێڵدرێت، جگە لەوە شێخی ناوبراو هەوڵ دەدرێت بە هۆکارێك ببردرێتە ئەوێ، لە شەهبەندەری رومیە بەڵێنیان داوە هەروەها نابێ شێخ لە شنۆ بۆ شوێنێکی تر بروات و بۆ رادەستکردنەوەی بە دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی حکوومەتی ئێران و والی ئازەربێجان فەرمان دراوەتە دادوەری رومیە، ئەم زانیارییە لە باڵیۆزخانەی تەهران بۆ نەزارەتی دەرەوە نێردراوە، هەروەها چۆنیەتی جێبەجێ کردنیشی بۆ ویلایەتی موسڵ و ویلایەتی وان نووسراوەتەوە، شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ سێ لە موریدەکانی بە ڕێنیشاندەری کەسێکی بە ناوی کەرەم لە گوندی دوتازە لە عەمادییە چۆتە ژێر پارێزگاری رەشید بەگ و لە گوندی بیدوع خۆی شاردۆتەوە، هەواڵ هاتووە، بۆ دەستگیرکردنیشی بە مەفرەزەی قوماندانی بلۆکی چاڵ بۆ چاودێریکردنی نێردراوە، لە کۆتاییدا بۆ ویلایەت نووسراو کراوە، ٢٦ نیسان ١٣٣٠.

عەلی خضر بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00040.00200.001

DH.ŞFR.	00040.00200	16 جەمادی کۆتایی 1332

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
١٥٢ تایبەتی
لە ٣١ مارت و ٢٣ نیسان ١٣٣٠ لە بودجە زیاد کراوە، کە جێبەجێ کردنی دەست پێ دەکات، بۆ دامەزراندن ئێستا ئەو کارە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، بە گوێرەی چاودێریەکانی ئاڵای ژاندارمەی موسڵ ئەنجامەکەی هێشتا سەرکەوتووتر دەبێت، لە کۆتاییدا سەبارەت بە دامەزراندنی سوارەی ئێستر لە گوندی بارزان ئەوەی هەیە لە ٣٠ تاك یەك تاقم سوارەی ئێستر دامەزراوە، لە هێزی پیادە ئەو ئاڵایەی کە ناوی هاتووە بوونی هەیە، پێویستی بە رێك خستنەوەیە، ئەمەش لە ژاندارمەی بەغداد بۆ لێکۆڵەری ناوچەکە نووسراوەتەوە، بە هەموو بریکارەکانی قوماندانیەتی ژاندارمە راگەیەندراوە، هەروەها لەسەر رووباری زاب ئەو پردەی دروست دەکرێت تا تەواو بوونی ئەو هێزەی لەوێیە بمێنێتەوە بە جەنگی و دادگای سەرەکی قەزای بارزان لەگەڵ نەزارەتی داد ئاماژەی بۆ رۆیشتووە، لە ٢٨ نیسان ١٣٣٠.

عەلی خضر بە ناوی بریکاری نازر



DH.ŞFR.00041.00003.001

هەواڵنامەی کێشە

18 جەمادی کۆتایی 1332	00041.00003	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
١٥٩
لە بارەی چاودێریکردنی بارزان لەلایەن دەوڵەتەوە، تا ئێستا هیچ ڕێنماییەك نەدراوە، لە قوماندانیەتی لەشکری قول راگەیاندن دراوە، کە لە نەزارەتی جەنگی ئاماژەی پێکراوە لە بارەی ئەرکەکەیانەوە قولەکانی چاودێریکردن ڕێنمایی پێویستیان پێ بدرێت.

عەلی خضر بە ناوی نازر
١ مایس ١٣٣٠



DH.ŞFR.00041.00007.001

18 جەمادی یەکەم 1332	00041.00007	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
٦٦
هاوپێچە لە ١ مایس ١٣٣٠، ئەو هێزە سەربازانەی لە بارزانە لە بارەی مانەوە و هێنانەوەیان و خزمەتەکەیانەوە یەك ڕۆژیش لە ویلایەت ئاماژەی پێ نەکراوە، قوماندانیەتی لەشکری دوانزەی قولی ئاگادار کراوەتەوە، نووسراویش لە نەزارەتی جەنگی کراوە بەوەی پێویستە جولەیان دیاری بکرێت، لە ١ مایس ١٣٣٠.
عەلی خضر بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00041.00009.001

21 جەمادی کۆتایی 1332	00041.00009	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
ژمارە ١٦٤
لە ١ مایس ١٣٣٠ ئەو چارەسەر و ڕێگایانەی بۆ شێخی بارزان دانراوە، گونجاوە، لە ٣ مایس ١٣٣٠.
عەلی خضر بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00041.00019.001

21 جەمادی کۆتایی 1332	00041.00019	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتەکانی وان و موسڵ
(شیفرە)

شێخی بارزان لە باڵێوزخانە یاخود لە ماڵی ئاغا پترۆس خۆی حەشارداوە، هەر کە تێگەیشتوون ئەو بابەتەیان بە نهێنی ڕاگرتووە و ڕەتکراوەتەوەکراوە، سەرەتا بە شەهبەندەری رومیە ڕاگەیەندراوە، لەو تەلەگرافنامەی کە هاتووە بە حاکمی رومیە لەگەڵ باڵیۆزخانەی روسی ڕاگەیەندراوە، ئەگەرچی لە تەبریز وەڵام هاتووە، لەسەر وون بوونی شێخ هەروەها قسە کراوە ئەگەری ئەوە هەیە سنووری عوسمانی بڕی بێت، داواکراوە بەڵێنەکە یەکسەر جێبەجێ بکرێت، شێخی ناوبراو لە خانەی قەرەباغلی حاجی نازم بۆ میوانخانەکەی ڕۆیشتووە، لە هەر حاڵەتێکدا لە ناو شارۆچکەکەدا بوونی هەیە، هەروەها پیاوەکانی چوونەتە مەرگوارە، نووسراوە کە باڵیۆزخانەی روسی بە شێوەیەکی فەرمی پارێزگاری لێ ناکات، بە نەزارەتی دەرەوە ئاماژەی پێکراوە، هەروەها چۆنیەتی جێبەجێکردنی کارەکەش بۆ ویلایەتی موسڵ نووسراوە، لە ٤ مایس ١٣٣٠.

عەلی خضر بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00041.00023.001

23 جەمادی کۆتایی 1332	00041.00023	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ/ شیفرە
ویلایەتی موسڵ
جگە لە مەرکوارك و راژان لە هەموو گوندەکانی تردا بەندەکانی سەید تەها لەلایەن دادوەری رومیە و باڵیۆزی روسیا دەرکراون و دەرهێنراون، گوندە ناوهاتووەکان رادەستی میراتی سالار کراوە، هەروەها میراتی ناوبراو بۆ داهاتی باج لە گوندی هولیستان کەسێك بە ناوی میرزا حوسێن راستەوخۆ نیشتەجێ کراوە، لەبەر ئەوەی شێخەکەیان خۆی شاردۆتەوە، بارزانیەکان پەرێشان و رەزیل بوونە، ئەمەش بە ویلایەتی وان راگەیەندراوە، لە ٦ مایس ١٣٣٠.

عەلی خضر بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00041.00031.001

هەواڵنامەی کێشە

DH.ŞFR.	00041.00031	24 جەمادی کۆتایی 1332

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
ژمارە ١٨٢
لە خانەی شێخی بارزان ئەو کاغەزانەی دەرکەوتوون لەبەر ئەو هۆیەوە ئەو کەسانەی بەرپرسن پێویستە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت و دادگای بکرێن، بۆ ئەم کارە یەك دەستە دادەمەزرێت و ئەرکەکەی پێ دەسپێردرێت، ئەوانەی دەرۆن لە ژێر قوماندانیەتی لەشکری قول دەروات، بە نووسراو کارەکە جێبەجێ بکرێت، لە ٧ مایس ١٣٣٠.

عەلی خضر بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00041.00088.001

DH.ŞFR.	00041.00088	**1 رەجەب 1332**

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ (شیفرە)
لە ٣٠ نیسان ١٣٣٠ بۆ نیشتەجێ کردنی ژاندارمە ڕێکخستنی خەرجی بلۆکی سەر سنوورەکان بە وەکالەتی قوماندانیەتی ژاندارمەی گشتی نووسراوە، ئەمجارە لەو وەڵامەی کە وەرگیراوە، بلۆکی سەر سنوورەکان لە خەرجکردنی خەرجی لە بەشێکی جیا دەبێت، بلۆکەکانی ناوهاتوو لە ڕێکخستن و دانانیان تەواو بوونە، هەروەها ئاڵای ژاندارمەی ویلایەت ١٣٦ پیادە و ٨٧ سوارەی بەتاڵ هەیە، ئەوانە تەواو نەکراون و ڕێکنەخراون، بۆیە زیاکردنیان گونجاو نییە، لە کۆتاییدا بە ڕێکخستنی سوارەی ئێستر ئەو هێزەی لە ناو ویلایەت هەیە زیادی کردووە، ئەم راگەیەندراوە، بە داواکردنی هێزی ئاڵای دووبارە جیاکردنەوەی بۆ کراوە، بەمەش بە گفتوگۆ لەگەڵ سەرپەرشتیاری ناوچەکە ئەوەی دەست بەتاڵە پێویستە ڕێکبخرێتەوە، لە ١٣ مایس ١٣٣٠.
عەلی خضر بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00041.00103.001

3 رەجەب 1332	00041.00103	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتەکانی وان و موسڵ/ شیفرە
لەسەر گرنگی بارودۆخی شێخی بارزان بە گوێرەی ئەو ڕەفتارانەی پێشوو، فەرمان لە بنکە دراوە، لە رومیە وەڵام هاتووە، ئەگەرچی ئەگەری ئەوە هەیە ناوبراو لە ڕێگەی بارزان بۆ مەمالیکی شاهانە گەراوەتەوە، بەڵام بەمە باوەر ناکرێت، هەروەها شێخ لە رومیە، لەلایەن کەسێك لە لایەنگرانی دەوڵەتی روسیا خۆی پاراستووە و لە ماڵی ئەو کەسە خۆی حەشار داوە، ئەم زانیاریە ئەگەرێکی زۆر بەهێزە، ئاماژە بە باڵیۆزی تەهران بە میهرەبانیەوە نەزارەتی دەرەوە ئاگادار کراوەتەوە، هەروەها چۆنیەتیشی بۆ ویلایەتەکانی موسڵ و وان نووسراوەتەوە، لەم روانگەوە لێکۆڵینەوەی پێویست لەسەر هاتن و نەهاتنی بکرێت، هەروەها ئەو زانیاریەی لە ویلایەت هەیە رابگەیەندرێت، لە ١٥ مایس ١٣٣٠.

عەلی خضر بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00041.00107.001

هەواڵنامەی کتێب

3 رەجەب 1332	00041.00107	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
ژمارە ٢٠٣
لە چاودێری کردنی بەندەکانی بارزان دوای دەستگیرکردنی ئەو کەسانە لەلایەن حکوومەتی خۆچێی کەم کراوەتەوە، هەروەها لە کاتی تاوان، ئەوانەی دەستگیرنەکراون راگەیەندراوە بە دادپەروەری ئەگەر کێشە و گرفت دروست نەکەن، ئەوا دەستگیر نەکرێن، لەم لایەنەوە دەرکەوتووە لە بارزان ئەوانەی چاودێری دەکرێن، کەسە زیانبەخشەکان نەماون، راگەیەندراوە مەفرەزەکانیش بێ کار ماونەتەوە و دەست بەتاڵن، چونکە کاری چاودێری کردن تەواو بووە، بە تێروانین لەم حاڵەتەش ئەرکەکانیان کۆتایی هاتووە، هەر بۆیە ووتراوە کە پێویستە ئەو مەفرەزانە بگەڕێنەوە، هەروەها بە ئاماژەی قوماندانیەتی لەشکری دوانزەی قولی بە میهرەبانیەوە نووسراو بۆ نەزارەتی جەنگی کراوە، بۆ جێبەجێ کردن، لە ١٥ مایس ١٣٣٠.

عەلی خضر بە ناوی نازر



هەواڵنامەی کتێب

6 ڕەجەب 1332	00041.00123	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
ژمارە ٢١٥
هاوپێچی ١ مایس ١٣٣٠ لە بارەی چاودێری کردنی بارزان لە ویلایەت هێشتا ڕێنمایی یەکجاری نەدراوە، قوماندانی قولی چاودێر بەمە کاریگەرە، هەروەها لە کاتی ئەنجامی یەکجارەکی چاودێری کردنەکە هەموو کەسەکان و هاوکارەکان ..... هەروەها بۆ هەواڵ گواستنەوە لە شوێن مەفرەزەی سوارەی ئیستر ئاژەڵی گواستنەوە بەکار هاتوون، بە ڕاگەیەندراوی قوماندانیەتی لەشکری دوانزەی قولی بە سۆزەوە نەزارەتی جەنگی ئاگادار کراوەتەوە، بۆ جێبەجێ کردن، لە ١٨ مایس ١٣٣٠.

عەلی خضر بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00041.00135.001

7 رەجەب 1332	00041.00135	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
ژمارە ٢٢١
لـە ٧ مایـس ١٣٣٠ شـێخی بـارزان دەسـتگیر نەکـراوە، هەروەهـا لەگـەڵ چۆنیەتـی و شـێوازی جۆراجـۆر لـە لێکۆڵینەوەدایـە، لـە لەشـکری یانـزەی قولـی ئـاگاداری هاتـووە، بـەڵام هێشـتا وەڵام نەهاتـووە، ئەمـەش بـە نەزارەتی جەنگـی راگەیەنـدراوە.

عەلی خضر بە ناوی نازر
لە ١٩ مایس ١٣٣٠



DH.ŞFR.00041.00168.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.	00041.00168	10 رەجەب 1332

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
ژمارە ٢٣٠
نووسراوی زیادە ١٩ مایس ١٣٣٠ شێخی بارزان دەستگیر کراوە و بەهۆی ساختە و فێڵی ئەفسەرایەتی لە بارەی ناوبراوەوە یەك زانیاری نییە، بە ئاگاداری قۆماندانیەتی لەشکری یانزەی قولی، نەزارەتی جەنگی ئاگادار کراوەتەوە، لە ٢٢ مایس ١٣٣٠.

عەلی خضر بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00041.00189.001

13 ره‌جه‌ب 1332	00041.00189	DH.ŞFR.

بابی عالی
نه‌زاره‌تی ناوه‌خۆ
به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ئه‌منیه‌تی گشتی
بۆ ویلایه‌تی موسڵ/ شیفره
ژماره ٢٣٦
کاری چه‌تایه‌تیان په‌سه‌ند کراوه، له باره‌ی سه‌رۆکه‌کانی هه‌مه‌وه‌ند له‌گه‌ڵ بارزانیه‌کان پێشه‌کی یاسای چاودێری کردنیان دواخراوه، بۆ دووباره ئه‌نجام دانه‌وه‌ی ئه‌نجوومه‌نی بریکاره‌کان راسپێردراوه هه‌روه‌ها له‌سه‌ر چۆنیه‌تیه‌که‌ی نه‌زاره‌تی داده‌ری ئاگادار کراوه‌ته‌وه، به نووسراوی ره‌زامه‌ندی سه‌داره‌تی سه‌دری ئه‌عززه‌م ئاماژه‌ی پێکراوه، بۆ جێبه‌جێ کردن، له ٢٥ مایس ١٣٣٠.

عه‌لی خضر به ناوی نازر


داخلیه نظارتی
امنیت عمومیه مدیریتی
قلمی
عمومی
خصوصی
موصل ولایتنه
(شیفره)
۲۸ مایس ۱۳۳۰ تأسیات جدیده‌ی مجویه تخصیصات آلدمامسنه بناءً سمیله ده دهوك و عمادیه و عقره‌ده‌کی
بارزان تمدیدینه لزوم کوستریلان تلغراف فلموفلك آلنه تعلیقی ضروری اولدیغی سمیله دهوك اداره‌سنه تلغراف خطی
تمدیدیخابرات تأسیسی دولیله در دست تخابر ایدیلن تلغراف نقلیه‌ندن هوایا بلدیریلسه‌ر
ناظر نامه
۱ حزیران ۱۳۳۰
42/107
OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR
42 107
DH.ŞFR.00042.00107.001

28 ره‌جه‌ب 1332	00042.00107	DH.ŞFR.

بابی عالی
نه‌زاره‌تی ناوه‌خۆ
به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ئه‌منیه‌تی گشتی
ویلایه‌تی موسڵ/ شیفره
لـه ۲۸ مایـس ۱۳۳۰ لەسـەر تەرخـان نەکردنـی دامـەزراوەی نـوێ، پێویسـت دەکات لە سـمێل بـۆ دهـۆك و عەمادیە، لـه عەقـرەش بـۆ بـارزان هێڵـی تەلەگـراف درێـژ بکرێتـەوە، چونکـە ئـەو هێڵـەی ئێسـتا زۆر پێویسـتە، هەروەهـا لـه نێـوان سـمێل و دهـۆك بـۆ درێژکردنـەوەی هێڵـی تەلەفـۆن، هەواڵـەکان مسـۆگەر دەکات، ئـەم هەواڵـە دراوەتـە ویلایـەت، وەڵامەکەشـی دراوەتـەوە نەزارەتـی تەلەگـراف، لـه ۹ حوزەیـران ۱۳۳۰.
عەلی خضر بەناوی نازر



هەواڵنامەی کتێب

24 سەفەر 1332	00043.00001	**DH.EUM.MEM.**

نووسراو
١١ کانوونی دووەم ١٣٢٩
لە ویلایەتی موسڵ مەرکەزەکەی گوندی بارزانە، لە ساڵی داهاتوو قەزایەك لە چینی سێیەم بە ناوی زێبار دادەمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ویلایەتی ناوهاتوو بۆ دامەزراندنی پۆلیس یەك یاریدەدەری ئەفسەر لەگەڵ حەوت پۆلیس وەکو فەرمانبەر داهات وەردەگرن هەروەها زیادەکەشی گونجاو بینراوە، بۆ جێبەجێ کردنی پێشکەشی بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری دەکرێت، لە ٩ کانوونی دووەم ١٣٢٩.



DH.ŞFR.00045.00026.001

26 شەوال 1332	00045.00026	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
ژمارە ٨٢
بەهۆی رووداوەکانی ئەو دواییەی عەبدولسەلام شێخی بارزان، بە پەلە لە دیوانی جەنگی پلەی سزاکەی رابگەیەندرێت.

لە ٤ ئەیلوول ١٣٣٠
نازر



DH.ŞFR.00045.00195.001

15 زیلحیجە 1332	00045.00195	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
ژمارە ٨٦
لە وان شێخی بارزان دەستبەسەرکراوە، لەم کاتەدا لەم توانایەدا نییە بنێردرێتە موسڵ، ئەمەش بە ویلایەتی وان راگەیەندراوە، بە تێروانین لەوەی کە لەو توانایەدا نییە ئەو رەوان بکرێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو لە دیوانی جەنگی ویلایەتی وان دادگایی دەکرێت، بۆ ئەنجامدانی دادگاییەکەی تا ئێستا چ جموجۆڵ و چ ئیشوکارێکی ئەنجام داوە، زانیاری تەواو دراوە کە کاغەزی نووسراو و بەڵگەکانی لێکۆڵینەوەی بنێردرێت، لە ٢٢ ئەیلوول ١٣٣٠.

عەلی خضر بە ناوی نازر



هەواڵنامەی کتێب

DH.EUM.MEM.	00048.00027	**21 جەمادی کۆتایی 1332**

نووسراو
پوختە: ژاندارمە ئۆنباشی ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد بەگ بۆ ڕێزگرتن.

٤ مایس ١٣٣٠
لەلایەن گشت قوماندانیەتی ژاندارمە بۆ لایەنی سەروو
بەهۆی ئەو خزمەتە و کارانەی بەرامبەر بە هەڕەشەی بارزانیەکان ئەنجامی داوە، شایەدی لەسەرە، بۆ ڕێز لێنانی لە مێژووی ١٣ نیسان ١٣٣٠ ژمارە ٤٥ نووسراو پێشکەش کراوە، ژاندارمەی بلۆك ئۆنباشی ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد پێویست دەکات مامەڵەکەی لەوێ ئەنجام بدرێت و جێبەجێ بکرێت، چونکە مامەڵەی فەرمانبەری پۆلیسی لێرە جێبەجێ دەکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

DH.EUM.EMN.	00071.00024	12 جەمادی کۆتایی 1332

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
تایبەتی ٧١
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت
هاوپێچی شیفرەی تەلەگرافنامەی مێژووی ٢٥ نیسان ١٣٣٠یە، کاغەزەکانی شێخی بارزان ئەوانەی پەیوەندی بە دەرسەعادەتەوە هەیە لە ناو زەرفێك دانراوە، هەر بەشێك لە کاغەزەکان بە شوێنی خۆی لکاوە، پێشکەشی نوێنەری موسڵ ئیبراهیم فەوزی بەگ کراوە، لە گەیشتنی فەرمان و ئاماژەی پێ بکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە خاوەنی فەرمانە، لە جەمادی کۆتایی ١٣٣٢ و لە ٢٥ نیسان ١٣٣٠.
والی موسڵ

ووتوویەتی ئەو کاغەزانە پێشکەشی جەنابی یەکێك لە نوێنەران و نازر پاشا ئەفەندی دەکرێت.



هەواڵنامەی کتێب

DH.EUM.2.ŞB.	00073.00002	**9 شەوال 1332**

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
ئەو شیفرەیەی کە لە ویلایەتی وان وەرگیراوە
رووسەکان شێخی بارزانیان بۆ نیشتیمانی خۆیان ناردووە، مەبەستیان ئەوەیە بە پاڵپشتی لایەنگرەکانی و هۆزەکانی کارێك بکات، شاری خوی ئاگادار کراوەتەوە، لە ١٨ ئۆغستۆس ١٣٣٠.
والی تەحسین



27 سەفەر 1332	00074.00078	DH.EUM.MH.

نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
هۆبەی فەرمانبەران
ژمارە ٨٤٢
لە ناو ویلایەتی موسڵ گوندی بارزان دەکرێت بە مەرکەز و بە ناوی زێباریش لە چینی سێیەم لە ساڵی داهاتووەوە وەکو قەزایەك بونیاد دەنێردرێت، لە ویلایەتی ناوهاتوو بۆ دامەزراندنی پۆلیس یەك یاریدەدەری ئەفسەر لەگەڵ حەوت فەرمانبەری پۆلیس خەرجیەکەیان دیاری کراوە و عەلاوەکەی گونجاوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش لە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پێشکەش دەکرێت.
لە ١١ کانوونی دووەم ١٣٢٩



هەواڵنامەی کیب

DH.EUM.EMN.	00075.00014	2 رەجەب 1332

فەرمانگەی ئەرکانی گشتی جەنگ
ئیستەنبوڵ
هۆبەی سێیەم
٦٥٦
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پوختەی بارودۆخ: لە بارەی تەواو کردن و ئامادەبوونی بلۆکەکانی سنوور
بۆ جەنابی دەوڵەتی بەرێز
لە ٢١ نیسان ١٣٣٠ ژمارە ١٦٢ وەڵامی نووسراوی نەزارەتپەناهیە، ئەو بلۆکانەی سنوور کە لەوێن، بۆ چاودێری کردنی بارزانیەکان، هەواڵ بدرێتە ١٢٠یش، ئەمەش لە تەلەگرافنامەی قوماندانیەتی لەشکری دوانزەی قولی بە ئاشکرا ئاماژەی پێ کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢٩ جەمادی کۆتایی ١٣٣٢ و لە ١٢ مایس ١٣٣٠
نازری جەنگی و سەرۆکی ئەرکانی گشتی جەنگی
یاریدەدەری راوێژکاری



هەواڵنامەی کتێب

DH.I.UM.EK.	00087.00057	**25 جەمادی یەکەم 1332**

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆن
٤٢٣
٩٩
وێنەی یاسایی
ماددە ١// لە ناو ویلایەتی موسڵ ناحیەی زێبار بۆتە قەزا و گوندی بارزانیش وەکو مەرکەز دانراوە.
ماددە ٢// لەم کارەدا ماددە یاساییەکە لە مێژووی بڵاوکردنەوەیدا هەژمار دەکرێت.
ماددە ٣// لە جێبەجێ کردنی ماددەی یاسایی نازری ناوەخۆ ئەم ئەرکەی پێ سپێردراوە.
لەم کارەدا لیستی یاساییەکە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گشتی لە رووی یاساییەوە داواکراوە، بە شێوەیەکی کاتی داوا دەکەم جێبەجێ بکرێت، لە ٢٥ جەمادی یەکەم ١٣٣٢ و ٨ نیسان ١٣٣٠.

محەمەد رەشاد
تەڵعەت نازری ناوەخۆ
محەمەد سەعید سەدری ئەعزەم



1 رەجەب 1332	00114.00064	DH.EUM.EMN.

١٣ مایس ١٣٣٠
بۆ ویلایەتی موسڵ
پۆختە: پەیوەستە بە نیشتەجێ کردنی ژاندارمە قولی لە بارزان

لـە ٣٠ نیسـان ١٣٣٠ وا نیشـان دراوە کـە ژاندارمـەی قولـی لـە بـارزان نیشـتەجێ بکرێـن، دوای لێکۆڵینـەوە و ڕێکخسـتنی نـووسراو بـۆ قوماندانیەتـی گشـتی ژاندارمـە بـە وەکالـەت نـووسراوە، ئەمجـارە لـە وەڵامـدا نـووسراو وەرگیـراوە، داهاتـی سـنوورەکان لـە بودجـە بـە جیـا دەنووسرێتـەوە، بـۆ تـەواو کـردن و ڕێکخسـتنی بلۆکـەکان پێویسـتە، هەروەهـا ئـاڵای ژاندارمـەی ویلایـەت ١٣٦ پیـادە و ٨٧ سـوارە بـە بەتاڵـی ماونەتـەوە، بـە تـەواو نەبوونیـان زیادکردنیـان گونجـاو نییـە، لـە کۆتاییـدا ڕێکخسـتنی کارگێـری سـوارەی ئێسـتر ئـەو هێـزەی لـە ویلایـەت هەیـە زیاد ناکرێـت، ئـەو هێـزەی کـە داواکـراوە لـە بوونـی ئاڵایەکـە ڕێکخسـتنەوەی پێویسـتە، لەگـەڵ گفتوگۆکـردن لەگـەڵ سەرپەرشـتیاری ناوچەکـە ئەوانـی تریـش تـەواو بکرێـن.



هەواڵنامەی کتێب

DH.EUM.EMN.	00116.00009	13 شەعبان 1332

ویلایەتی وان
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پوختە: مەفرەزەی سەربازی لەگەڵ کوردەکانی ئێران لە نێوانیان ناکۆکی سەری هەڵداوە
بۆ جەنابی دەوڵەت
لە قەزای شەمدینان مەفرەزەی کیلیشەم یەك هەفتە پێشتر داوایان کردوو بوو سنوور ببرن، لەگەڵ دێوانەکانی بارزان تووشی روبەڕووبوونەوە بوونە، گشتی ناچاربوونە بگەڕێنەوە و هەڵێن، ئاماژە بە قوماندانیەتی بلۆکی ٢٠ی سەر سنوور بە میهرەبانیەوە ئاگاداری موتەسەرفی هەکاری کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ١٣ شەعبان ١٣٣٢ و لە ٢٤ حوزەیران ١٣٣٠
والی وان


DH.SYS.00117.00001.001


DH.SYS.00117.00001.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.SYS.	00117.00001	10 موحەررەم 1332

شێخی بارزان عەبدولسەلام لەگەڵ بارزانیەکان لە دەوروبەری عەقرە و زێبار تاڵان و تاوانیان ئەنجام داوە، بەڵام لە کاتی ریزکردن هیچ بەڵگەیەك نەبینراوە، کەچی بە گوێرەی ژمارەی کاغەزەکان دەردەکەوێت شتێکی ئاوا بوونی هەیە.

قەڵەمی کاغەزی ناوەخۆ

٨٣٤٥	٨١٩٨٤	٧٨٦٠٩
٨٣٠٩١	٨١٨٤١	٧٨٦٠٧
٨٣٤٢٢	٨١٧٦٦	٧٨٣٢٢
٨٤٠٨٢	٨١١١٦	٧٨١٢٦
٨٣١٠٥	٨٠٤٣٤	٧٨١٠٠
٨٣١٤٠	٨٠١١١	٧٧٩٧٣
٨٢٢٧	٨٠٠٨٨	٧٧٤٩٨
٨٢٢٦١	٨٠٠٠٠	
٨٢١٢١	٧٩٩٢٠	



DH.İD.00176.00069.002

هەواڵنامەی زێبار

26 رەمەزان 1332	00176.00069	DH.ID.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
شیفرەی قەڵەم
ژمارە ١٦٧
ئەو شیفرەیەی لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
لە هەموو ناوچەیەکی ئێران بە دوای شێخی بارزاندا دەگەڕێن، نەزانراوە لە کوێیە، بەم دواییە پروپاگەندەی مردنی بڵاو بۆتەوە، بەڵام تا ئێستا پشتراست نەکراوەتەوە، هەرچی ڕێکخستنی کارگێری قەزای بارزان لەلایەن قائیمقامیەت ماوەتەوە، بۆ ئەوێ نە مەفرەزەی ژاندارمە ڕۆیشتووە نە توانویەتی لە قەزا فەرمانبەر دامەزرێنێت، نە هێڵی تەلەگراف نوێ بۆتەوە، لەبارەی دروست کردنی پردەکەی بۆ کۆتایی هێنان بە دروست کردنی هێشتا چەند مانگێکی دەوێت، شێخی بارزان لە ژیان بێت یاخود مرد بێت، کە قەزاکە لە ناو ئەو بارودۆخەدایە هەڵگرتنی تابوری نیزامیە دروست نییە، تێروانین و ووریایی نەزارەتی جەنگی تێدا نیشان دراوە و بۆ هێنانیان داواکراوە، لە ٢٦ تەممووز ١٣٣٠.

والی نەزیف



هەواڵنامەی کتێب

10 موحەررەم 1332	00183.00023	MV.

١٠ موحەررەم ١٣٣٢
٢٧ تشرینی دووەم ١٣٢٩
پوختەی دارایی
خەریکە مەرکەزەکەی دەبێتە بارزان، بە ناوی زێبار لە چینی سێیەم قەزایەك رێك دەخرێت، لە بارەی لێکۆڵینەوەکان نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆ وەرگیراوە، لە وەڵامی راگەیەندراوەکەدا بۆ رێکخستنی نوێ، ئەوا بۆ زیادکردنی بوودجە چاکسازی دارایی لە قۆمیسیۆن رەزامەندی نەدراوە، هەروەها بۆ کۆتایی ساڵ ماوەیەکی کەم ماوە، لەم بارەیەوە لە بوودجەی ساڵی ١٣٣٠ پێشنیاری زیادەی ساڵانە دەکرێت، بۆ ئەم رێکخستنەش لە ماوەی ئەم ساڵە جێبەجێ کردنی پێویستی بە چاوپێخشاندنەوە دەکات، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی نەزارەتی دارایی هاوپێچ خوێندرایەوە.

بریار
راگەیەندراوی وێنەکە گونجاوە، بە گوێرەی ئاگاداری نەزارەتەکانی دارایی و ناوەخۆ لە بوودجەی ساڵی داهاتوو ئەوەی پێویستە دابین بکرێت لە بارەی زیادەی ساڵانە بە ئاماژەی فەرمانگەکانەوە نووسراوی زیادەی ساڵانە لە نەزارەتی دارایی نوسراوەتەوە.



MV.	00189.00017	9 رەجەب 1332

٩ رەجەب ١٣٣٢
٢١ مایس ١٣٣٠
پوختەی دارایی
لە نەزارەتی دادوەری نووسراوی مێژووی ٢٨ جەمادی کۆتایی ١٣٣٢، ١١ مایس ١٣٣٠ ژمارە ١٢١ خوێندرایەوە.

بریار
لە نووسراوی ناوهاتوو سەرۆکەکانی هەمەوەند لەگەڵ بارزانیەکان داوای پارێزگاریان کردووە، ئەمەش بە گوێرەی ئەو رەفتار و مامەڵەیەی کە نیشانی دەدەن روون دەبێتەوە، کە چاودێری ناکرێن و بێزار ناکرێن، لەگەڵ ئەوەش بە گوێرەی بریار بارودۆخ و جموجۆڵیان لەلایەن حکوومەتی خۆچێیەوە هەمیشە لە ژێر چاودێری و چاوەکانەوە دەبێت، ئەو زانیارییانەی پێشووتر هاتووە، شێخی بارزان عەبدولسەلام جموجۆڵی چەتەکانی ئەگەر دووبارە بێتەوە و بەردەوام بێت کاری سەربازی ئەنجام دەدرێت، لەبەر ئەوەی بارزانیەکان بۆ لای ئێران رایان کردووە، پێویست بە دواخستنی چاودێری کردنیان ناکات هەروەها هەمەوەندەکان هەر لە کۆنەوە بە چەتەیی دیارن و هەر کە دەست دەکرێت بە تەمبێ کردنیان ئەوا لەم ناوچەیە تاقمێك گەندەڵکار دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە هەوڵ دەدەن شۆرش پەیدا بکەن، چ لە بارەی بارزانیەکان چ هەمەوەندەکان جێبەجێ کردنی یاسای چاودێرکردنیان لە ویلایەتی موسڵ راگەیەندراوە، لە بارەی هۆزەکانی ناوهاتوو پێشەکی دواخستنی یاسای چاودێریکردنیان دووبارە دەست پێ بکرێتەوە و گونجاوە چاودێری بکرێن، بەم شێوەیە مامەڵەی جێبەجێ کردنەکە لە نەزارەتەکانی ناوەخۆ و دادوەری نووسراو نێردراوە.



هەواڵنامەی کتێب

23 جەمادی یەکەم 1332	00234.00152	MV.

٢٣ جەمادی یەکەم ١٣٣٢
٦ نیسان ١٣٣٠
٤٢٣
داواکاری
نـووسراو لـە نەزارەتـی ناوەخـۆ خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، بنکەکـەی گونـدی بارزانـە ناحیـەی زێبـار هـەوڵ دەدرێـت بکرێتـە قـەزا، ئەمنیـەت و ئاسـایش و هەروەهـا تێچووی میـری و داهاتەکەی مسـۆگەر بکرێت هەروەها ئاسـانکاری بکرێـت. جگـە لـەوە بـۆ دامەزراندنـی قەزایـەك کـە لـە چینـی سـێیەم دابێـت دابینکردنەکانـی لـە بودجـەی ١٣٣٠ ئـەو داهاتـەی بـۆی رێـك دەخرێـت دەرکەوتـووە گونجـاوە، لـەم بارەیـەوە ئەو لیسـتە یاسـاییەی کە لـە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنـی گشـتی یاسـایەکە رێـك دەخرێـت و دەنێردرێـت، لـە ئێسـتاوە لیسـتی ناوهاتـوو لەگـەڵ بارودۆخـی دانیشـتووان بـە بـاس کـردن راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە.



DH.ŞFR.00423.00077.001

16 رەجەب 1332	00423.00077	**DH.ŞFR.**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
هاوپێچ ٢٥ و ٢٦ مایس ١٣٣٠ لە شەهبەندەری رومیە ئەمجارەش بە مێژووی ٦ نیسان تەلەگرافی بە شیفرە وەرگیراوە، لە ٢٧ مارت ١٣٣٠ راگەیەندراوە.

والی تەحسین

وێنە
هاوپێچی ژمارەی تەلەگرافە لە رومیە پیاوەکانی بارزان بریك تفەنگ و فیشەکیان کڕیوە، بە دڵنیاییەوە لە رێگەی کەلەشین و ماسیرو بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە.



DH.ŞFR.00424.00062.001

25 جەمادی یەکەم 1332	00424.00062	DH.ŞFR.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

شێخی بارزان لەگەڵ ٥٠٠ لە پیاوەکانی لە شنۆ ناوەستن، دوێنێ بە نامە تکایان کردووە یا ئەوەتا لە گوندی راژان یاخود لە رومیە نیشتەجێ بکرێن، ئەمەش لە لایەن شەهبەندەری رومیە راگەیەندراوە، بۆ وەرگرتنی زانیاری راگەیەندراوە، لە ٨ نیسان ١٣٣٠.

تەحسین والی وان



1 جەمادی کۆتایی 1332	00425.00029	DH.ŞFR.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لـە ٣ نیسـان ١٣٣٠ بـۆ چاودێـری کردنـی شـێخی بـارزان هـۆزەکان لەسـەر سـنووری ئێـران سـنوریان بەزانـدووە، بێگومـان رێگەیـان پـێ نـەدراوە، بـەڵام شـێخ .... بـووە، لـە جموجۆڵـی ئـەم دواییـەدا خزمـەت و بوێـری بیـراوە، لـە سـەرۆکەکانی هەرکـی حاجـی ئاغـا لەگـەڵ ٥ تـا ١٠ پیـاو بەیەکـەوە بـۆ ئێـران تێپەریـون، شـێخی بـەد ئـازادە و بوونـی هەیـە، ئێسـتاش لەگـەڵ ئامـادەکاری هەواڵگـری سـەرەتایی سـەرقاڵە، لـە ١٤ نیسـان ١٣٣٠.
والی سلێمان نەزیف



DH.ŞFR.00425.00109.001

8 جەمادی کۆتایی 1332	00425.00109	DH.ŞFR.
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ ئەو کاغەزانەی لەسەر شێخی بارزان دەست کەوتوون، بۆ وەرگرتنی رەزامەندی دوورخستنەوە، لە ٧ نیسانی ١٣٣٠ وەڵامی شیفرەی تەلەگرافنامە دراوە، لە ٢١ نیسان ١٣٣٠. والی نەزیف		



DH.ŞFR.00426.00016.001

11 جەمادی کۆتایی 1332	00426.00016	DH.ŞFR.

٢٤ نیسان ١٣٣٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
عەبدولسەلام شێخی بارزان لەگەڵ سێ میری تر لە دەوروبەری عەمادیە بە چاوساغی ..... گوندنشین بە ناوی کەرەم چۆتە ژێر پاراستنی رەشید بەگ، لە خانەی میر خۆی شاردۆتەوە، لەسەر هاتنی هەواڵ قوماندانی بلۆکی چاڵ لەگەڵ مەفرەزە بۆ دەستگیرکردنی چوونەتە چاودێری کردنی، بە قائیمقامیەتی چۆڵەمێرگ راگەیەندراوە، لە ٢٤ نیسان ١٣٣٠.

والی تەحسین



DH.ŞFR.00426.00061.001



DH.ŞFR.00426.00061.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.	00426.00061	15 جەمادی کۆتایی 1332

نەزارەتی ناوەخۆ

لە ٩ نیسان ١٣٣٠ شێخی بارزان عەبدولسەلام هەڵاتووە، لە بارەی رادەست کردنەوەی بە باڵیۆزخانەی تەهران راگەیەندراوە، بەڵام لەبارەی رادەست کردنەوەی تونەدرەوی ناوبراو وەزارەتی دەرەوەی ئێران رازی نەبووە رادەستی مەمالیکی عوسمانیەی بکات، بۆیە بۆ رادەست کردنەوەی فەرمان لە سەر فەرمان بۆ ئازەربیجان نێردراوە، دەرکەوتووە لەسەر ئەو فەرمان و ئاگادارکردنەوانە، لەلایەن فەرمانبەرانی ئێرانەوە زانیاری وەرگیراوە چی بکرێت، بۆ ئەوەی شێخی چەتە لە خاکی خۆی دوور بخاتەوە هۆکارەکانی لە ویلایەتەوە نێردراوە، لەسەر ئاماژەی سەروو ئەگەر رادەست کردنەوەی شێخی ناوبراو دوابکەوێت، ئامادەکاری پێویست دەکرێت، فەرمان و نووسراو کراوە.

والی موسڵ نەزیف



DH.ŞFR.00427.00007.001

DH.ŞFR.	00427.00007	**21 جەمادی کۆتایی 1332**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

هاوپێچ ٩ نیسان ١٣٣٠، چاودێریکردنی بارزان هیچ پێویستیەکی نەماوە و پێویست ناکات، قوماندانیەتی لەشکری قولی موسڵ و لە لەشکری یانزەی قولی، دوو تابور هێزاوەتە قەزای شەمدینان، ئەمەش لەسەر میهرەبانی پاشا بە ویلایەتی وان راگەیەندراوە، ئەو دوو تابورەی باسکراوە، لەوێوە تووشی کێشە بوونەتەوە، بۆ هەڵگرتنیان هیچ کێشەیەك نییە، لە ٤ مایس ١٣٣٠.

نەزیف والی موسڵ



DH.ŞFR.00427.00042.001

24 جەمادی کۆتایی 1332	00427.00042	DH.ŞFR.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
شێخی بارزانی خراپەکار لە خاکی ئێرانە، بۆ لەناوبردنی، لەسەر سنوور پارێزراویەك دروست بکرێت و لەگەڵ هێنانی شێخ ئەنجامی باش دەدرێت بە دەستەوە، ئومێدەوارم سەرکەوتوو بین.
والی نەزیف



DH.ŞFR.00429.00053.001

DH.ŞFR.	00429.00053	13 ره‌جه‌ب 1332

بۆ نه‌زاره‌تی ناوه‌خۆ

لـه ١٥ مایـس ١٣٣٠ شـێخی بـارزان نه‌گه‌راوه‌تـه‌وه نـاو خاکـی عوسـمانی و ئه‌مـرۆش بـه دڵنیاییـه‌وه لـه ئێرانـه، له‌سـه‌ر ئـه‌و راگه‌یه‌نـدراوه، ناوبـراو کـه لـه ئێرانـه، بـۆ له‌ناوبردنی شـێخ سـاڵح ئه‌فه‌نـدی به‌ڵێنـی داوه، ئه‌مـرۆ له‌گه‌ڵ پیاوه‌کانـی به‌یه‌کـه‌وه بـۆ چاودێـری کـردن سـوراوه‌ته‌وه، ئه‌گـه‌ر چه‌تـه‌ی ناوهاتـوو بگه‌ڕێتـه‌وه خاکـی عوسـمانی له‌ناوبردنـی یه‌کلاییکه‌ره‌وه‌یـه.

والی نه‌زیف



DH.ŞFR.00430.00078.001

23 ره‌جه‌ب 1332	00430.00078	DH.ŞFR.

بۆ نه‌زاره‌تی ناوه‌خۆ

شێخی بارزان چه‌ته عه‌بدولسه‌لام هه‌ڵاتووه و رووی کردۆته چیای شیرین، ئه‌م پروپاگه‌نده‌یه هاتووه، هه‌ر بۆیه به قوماندانیه‌تی مه‌فره‌زه ووتراوه، هه‌ندێك ئاماده‌کاری یه‌ده‌گ کراوه، له وه‌کاله‌تی قوماندانیه‌تی له‌شکری قول به نووسراو ئاماژه‌ی پێکراوه، بۆ ڕێگری کردن له ئه‌گه‌ری جموجۆڵێکی ئاوا به‌یه‌که‌وه له‌گه‌ڵ قائیمقامیه‌تی عه‌قره ئاماژه به چۆنیه‌تی کراوه، ئه‌م پروپاگه‌نده‌یه به هیچ شێوه‌یك دروست نیه، قوماندانی مه‌فره‌زه له‌گه‌ڵ به‌ڕێوه‌به‌ری ناحیه‌ی زێبار به‌یه‌که‌وه لێکۆڵینه‌وه‌یان کردووه و ئه‌و ئه‌نجامه‌ی لێ ده‌رکه‌وتووه، ئه‌مه‌ش له قائیمقامیه‌ت به وه‌ڵام هاتووه، هه‌روه‌ها چۆنیه‌تیشی به وه‌کاله‌تی قوماندانیه‌ت ئاماژه‌ی پێکراوه.

٤ حوزه‌یران ١٣٣٠

والی سلێمان نه‌زیف



DH.ŞFR.00438.00114.001



DH.ŞFR.00438.00114.001

بەڵگەنامەی کتێب

6 شەوال 1332	00438.00114	DH.ŞFR.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

هاوپێچ تەممـوزی ١٣٣٠ لەلایـەن دێوانەکانـی شـێخی بـارزان لـە سـنووری زێبـار لـە کاتـی جێبەجـێ کردنـی ئەرکدا یـەك تەحسـیلدار (تحصیلـدار) و چـوار ژاندارمـە شـەهید بووینـە، بـە وەرگرتنـی ئـەم هەواڵـە بـە قائیمقامیەتـی عەقـرە راگەیەنـدراوە، ئەمجـارە لـە قائیمقامیەتـی ناوبـراو تەلەگرافنامـە وەرگیـراوە، ئامـاژەی پێکـراوە بـۆ ئـەوەی بوێـرەکان دوور بخرێنـەوە، لـە وەڵامـدا بـە تابـور راگەیەنـدراوە، بـۆ ئامـادەکاری کـردن رەزامەنـدی نیشـان داوە، بـۆ سـەقامگیری ئاسـایش ٥٠ پیـادە و ٢٠ سـوارە لـە ژاندارمـە یـەك هێـز بـە هـاوکاری قائیمقامیـەت بۆ بـارزان نێـردراوە، زانیاریـش دراوەتـە قوماندانیەتـی لەشـکری قـول، لـە ١٥ ئۆغسـتۆس ١٣٣٠.

والی نەزیف



DH.ŞFR.00439.00036.001

DH.ŞFR.	00439.00036	**9 شەوال 1332**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

شێخی بارزان دووبارە لە راژان گەراوەتەوە ناوچەی خوی، لەسەر ئەمە شەهبەندەری رومیە باڵیۆزی رووسیا لەگەڵ میری ئاڵای ئەرکانی جەنگی لە ئەنجامی چاوپێکەوتنیان رێککەوتوون کە لەم کاتە ناسك و گرنگە لە نزیك سنوور واز لە شێخی ناوبراو ناهێنرێت و بە گوێرەی ووتەکانیان جموجۆڵی شێخ نابێت لە پێش چاوەکان وون بکرێت، لەلایەن شەهبەندەری ناوبراو راگەیەندراوە، ١٨ ئۆغستۆس ١٣٣٠.

والی تەحسین



DH.ŞFR.00439.00037.001

9 شەوال 1332	00439.00037	**DH.ŞFR.**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
رووسەکان شێخی بارزانیان ناردۆتە لایەنی دیلمان، مەبەستیان ئەوەیە بە لایەنگران و هۆزەکانی خودی خۆی شتێك بۆ خۆیان بکەن، لە شەهبەندەری خوی زانیاری دراوە، ١٨ ئۆغستۆس ١٣٣٠.
والی تەحسین



DH.ŞFR.00439.00060.001

10 شەوال 1332	00439.00060	DH.ŞFR.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ١٦ و ١٧ ئۆغستۆس ١٣٣٠ شێخی بارزان لە بارەی هاتنەوەی بۆ بارزان هیچ هەواڵێك و زانیارییەك نییە، بەڵام بەشێك لە دێوانەکانی لە ئێران دووچاری نەهامەتی بوونەتەوە، بە گەرانەوەیان بۆیری هەندێك روبەروبوونەوەیان کردووە، هێزی ژاندارمە ئامادە کراوە و رۆیشتوون، لەگەڵ ئەوانیش هەندێك هۆزی ملکەچ لەگەڵیانە، بۆ تەمبێ کردن و دوورخستنەوەی بارزانیەکان بریار دراوە، ١٩ ئۆغستۆس ١٣٣٠.
سلێمان نەزیف والی موسڵ



DH.ŞFR.00441.00065.001



DH.ŞFR.00441.00065.001

29 شەوال 1332	00441.00065	DH.ŞFR.

بەپەلەیە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
وێنەیەکی دراوەتە نەزارەتی جەنگی
بە فیداکاریەکی گەورە شێخی بارزان عەبدولسەلام لەگەڵ پێنج لە هاوەڵانی لە ئێران دەستگیرکراون، دوو شەهید دراوە، هەروەها رادەستی بلۆکی سەر سنووری باچەرگە کراوە، هێزی رووسەکانیش یەك مەفرەزە تۆپ و .... ی ناردووە، دوێنێ کاتژمێر چوار یەکێك لە سەرۆکەکانی قاردار تەیمور گوندەکەی ئابڵوقەداوە، لەگەڵ ئەو مەفرەزەیە هۆزەکە رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێرە ئەو شەرە درێژەی هەبووە، لە قارداراەکان ١٥ شەهید هەیە، لە تەیمور ٦٥ کەس لە ئابلۆقەکە رزگاریان بووە، هاتوونەتە گوندی هەشتیان، ئەمە بە موتەسەرفی هەکاری راگەیەندراوە، شوێنی رووبەرووبوونەوەکە لە بلۆکی سەر سنووری باچەرگە سێ کاتژمێر دووره، لەلایەن ئیسماعیل ئاغای قاردار لە شوێنی رووبەرووبوونەوەکە هەواڵ نێردراوە، رووسەکان گەیشتوونەتە شوێنی رووبەرووبوونەوەکە ئێمە لە سنوورەکانیان ئامادەکاری پێویستمان کردووە، ئەنجامەکەم راگەیاندووە.



İ.DH.01508

I.DH.	01508.000068	9 رەجەب 1332

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
١١٩٩٩ گشتی
٥١٣ تایبەتی
جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەمانە
لە ناو ویلایەتی موسڵ لە رووی کارگێریەوە لە چینی سێیەم قەزای زێبار رێك دەخرێت، بۆ قائیمقامیەتەکەشی بە هەمان مووچە کە وەریدەگرێت، قائیمقامی قەزای عەقرە محەمەد خاڵس ئەفەندی بە گواستنەوە دادەمەزرێت، لەسەر ئاماژەی ویلایەت لەگەڵ لیستی فەرمانی پاشا هاوپێچ پێشکەش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٩ رەجەب ١٣٣٢ و لە ٢١ مایس ١٣٣٠.
نازری ناوەخۆ



BEO.004266.319908.002

هەواڵنامەی کۆیە

BEO.	004266.319908	3 رەبیعی کۆتایی 1332

بابی عالی
نەزارەتی دەرەوە
بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری سیاسی
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لە بارەی سەفوەت کە لە قائیمقامیەت دەرکراوە
راگەیەندراوی بەندە
هاوپێچ نووسراوی مێژووی ١٦ کانوونی یەکەم ١٣٢٩ ژمارە ١٠٢٦ سەفوەت لە قائیمقامیەت دەرکراوە، بە دڵنیاییەوە لەوەی کراوە لە وەڵامدا راپۆرتی وەزارەتی کاروباری دەرەوە وەرگیراوە، بە تێروانین لە لێکۆڵینەوەی فەرمانبەرانی رومیە، سەفوەت لەو شوێنە نەدۆزراوەتەوە، ئەگەر لە لێکۆڵینەوە هەواڵی ئەوە هات کە لە بارزانە، یەکسەر دەست بەسەر بکرێت و لەسەر سنوور رادەستی فەرمانبەرانی عوسمانی بکرێت، فەرمان دراوە، ئەمجارە نووسراو بۆ باڵیۆزخانەی تەهرانیش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ٣ رەبیعی کۆتایی ١٣٣٢ و لە ١٦ شوبات ١٣٢٩
راوێژکار بە ناوی نازری دەرەوە



13 ڕەجەب 1332	004290.321705	BEO.

١٣ ڕەجەب ١٣٢٢
٢٥ مایس ١٣٣٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بە مێژووی ٢١ مایس ١٣٣٠ ژمارەی تایبەت ٥١٣ وەڵامی نووسراوی سەرووە، قائیمقامی قەزای عەقرە، محەمەد خاڵس ئەفەندی بەم مووچەیەی کە وەریدەگرێت دەگوازرێتەوە بۆ قەزای زێبار و دادەمەزرێت، بۆ دامەزراندنەکەشی بە فەرمانی پاشا جەنابی پاشا فەرموویەتی و ڕەزامەندی لەسەر دراوە، وێنەی پەسەند کراویشی لەلایەن دەوڵەتەوە لەبەر دەستە بۆ نووسینەوە.



DH.ŞFR.00052.00317.001

26 جەمادی کۆتایی 1333	00052.00317	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
تایبەتی ١٢
لە شەڕی بەسرا کاری باشی کردووە و لە مەسەلەی بارزانیش سوودی هەبووە، بە ئامادەنەبوونی لە دادگای رواندز، عەبدوڵڵا پاشازادە سەعید بەگ بۆ ڕێزلێنانی لەلایەن نێردراوی بەغداد تۆفیق بەگ بە میهرەبانیەوە داوا کراوە ڕێزلێنانی پێ بدرێت، راگەیەندراوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، لە ٢٨ نیسان ١٣٣١.
نازر تەڵعەت



I.HB.00167.00052.003

هەواڵنامەی کتێب

I.HB.	00167.00052	22 جەمادی یەکەم 1333

نەزارەتی جەنگی
فەرمانگەی نووسراو
قەڵەمی نووسین
١٤٩
فەرمانی پاشا
کوڕی عەدیلە کوڕی محەمەد رواندزی لەگەڵ رەشۆ و مستەفا کوڕەکانی فەقێ سۆفی یەکێکن لە دێوانەکانی شێخی بارزان عەبدولسەلامی لەسێدار دراو، ناوبراوان لەگەڵ کەسانی تر لە رووداوەکەی مێرگەسور بەرامبەر سەربازی شاهانە چەکیان بەکارهێناوە، لە کاتی دادگاییکردندا پەسەند کراوە، بە پشت بەستن بە سزای یاسایی ماددەی ٥٧ و مێژووی دەستگیرکردنەکەیان هەر یەکە سێ ساڵ بە سزای سەوڵ لێدان لە دیوانی جەنگی عورفی موسڵ بریاری لەسەر دراوە و پەسەند کراوە.
لە ٢٢ جەمادی یەکەم ١٣٣٣ و لە ٢٥ مارت ١٣٣١



I.HB.00170.00040.003

I.HB.	00170.00040	24 شەعبان 1333

نەزارەتی جەنگی
فەرمانگەی نووسراو
٦٧٥
فەرمانی پاشا
تەحسیلدار (تحصیلدار) تۆفیق ئەفەندی کوڕی حاجی حوسین ئەفەندی بۆ کۆکردنەوەی داهاتی یەك مانگی ناحیەی زێبار سەر بە قەزای عەقرە ڕۆیشتووە، لەگەڵ هاوەڵانی لە ژاندارمە تووشی کەسانێك بوون چەکیان بەرامبەریان ڕاگرتووە، لەوانە مستەفا کوڕی عومەر بریندار کراوە و مامەڵەی زۆرەملێ و توندوتیژیان ئەنجام داوە، چەك و جبەخانە و ئاژەڵەکان و ئەو ئاقچانەی کە هی میرینە بە تاڵان بردراون، بە گومانەوە فەقی عەبدولرەحمان کوڕی مستەفا هاوکاری شێخی بارزانی لە سێدارەدراو عەبدولسەلام، لەگەڵ هاوەڵانی لە ئەنجامی ئەو دادگاییەی کە بۆیان ئەنجام دراوە، ئەوانە بەرامبەر حکوومەت یاخی بوونە و لە دژی سەربازی شاهانە چەکیان بەکار هێناوە و هۆکار بوونە بۆ کوشتنی خەڵك، بۆیە لە دیوانی جەنگی عورفیە بە خۆشحاڵیەوە بارزانی بە سزای لە سێدارەدان سزا دراون، لەگەڵ ئەوانەی سزای هەتاهەتایەیان بە سەوڵ لێدان بەسەردا سەپێنراوە، ئەو سزایەی لەسەریان سەپێنراوە سەرەتا پەسەند کراوە، لە بارەی ناوبراوان جارێکی تر پێویستی بەوە نەماوە سزایان بەسەردا بسەپێنرێتەوە، پیاوەکانی ناوبراوان ئەوانەی گومانیان لەسەرە یوسف و حەسەن و ئەحمەد و هەست کوڕی مەلا حەسەن و مەلا کوڕی مەلا مەحمود و ڕەمەزان و مەلا شەفیق و خالید موختاری گوندی هەسنی هەروەها حەسەن لە گوندی ناوبراو و کوڕەکانی مەلا مەحمود، تەها و حەسەن لە گوندی بیبانە و عەزیز و یونس کەلکوان لە گوندی هوستان و مەلا بارزانی و ئەحمەد و محەمەد و مەحمود و حەسەن چیچ و چیچۆ و پیچ بە سزای یاسانامەی مادەی ٢٥٢ هەر یەکە بە ٥ ساڵ سزا دراون، جگە لەوە حەسەن موختاری گوندی هەفندگا دەستی لەم کارە هەبووە، بە مادەی ٤٥ بە پشت بەستن بە مادەی ناوهاتوو بە ٣ ساڵ و ٤ مانگ بە سزای سەوڵ لێدان هەروەها پارەوپول و کەلوپەلی تاڵان کراو و لە هەر یەکەیان ٥ نیشانی مەجیدی زێر کە بردراوە، لە دیوانی جەنگی عورفیەی موسڵ بە ئامادەنەبوونیان بە بریار بەسەریاندا ساغ بۆتەوە.
بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا نازری جەنگی سپێردراوە، لە ٢٤ شەعبان ١٣٣٣ و لە ٢٤ حوزەیران ١٣٣١.
وەکیلی باش قوماندان و نازری جەنگی
سەدری ئەعززەم

هەواڵنامەی بەڵگە



6 ڕەبیعی کۆتایی 1333	00196.00111	MV.

٦ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٣٣
٨ شوبات ١٣٣٠
پوختەی دارایی
نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆ لە مێژووی ٧ شوبات ١٣٣٠ ژمارە ١٦٥١ خوێندراوەتەوە.

بریار
لە نووسراوی باسکراودا نوسراوەتەوە، لە ڕێکخستنی کارگێری قەزای زێبار، سەرەتا لە بەڕێوەبەرایەتی زێبار شوسلی عوسمان ئاغا لەگەڵ زیاتر لە ١٠٠ خۆبەخش چۆتە خانەی جەنگی (دار الحرب) لە بەسرا، لە بارەی بارودۆخی بارزان و ئەوەی پەیوەستە بە ئەرکەکەی لە بارەی ئەو چاودێری کردنەی کە جێبەجێ دەکرێت، بۆ دواخستنی ئەو چاودێری کردنەش بە ئاماژەی نەزارەتی دادوەری و زانیاری نەزارەتی ناوەخۆ نووسراو کراوە.



هەواڵنامەی کتێب

DH.EUM.	00257.00011	25 موحەررەم 1333

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٦٦
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت
لە کاتی هەندێك لێکۆڵینەوەدا پۆلیسی قۆمیسیۆن ئامادەن بۆ ئەوەی بچنە قەزاکانی عەقرە و زێبار، بۆ ئیسماعیل بەگ لە مێژووی ٢٩ مایس ١٣٣٠ و ٢١ حوزەیران ١٣٣٠ ژمارە ٣١ و ٣٥ لەگەڵ دوو پارچە داواکاری ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت داواکراوە کە ٣٠٠٠ قوروش حەواڵە کراوە و فەرمان دراوە بۆ خەرج کردنی، بە گوێرەی لێکۆڵینەوە ووتەکانی ژمێریاری ویلایەت داوای بەزەیی کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٥ موحەررەم ١٣٣٣ و لە ٢٩ تشرینی دووەم ١٣٣٠.

والی موسڵ



DH.ŞFR.00455.00105.001

DH.ŞFR.	00455.00105	**9 سەفەر 1333**

دوای لە سێدارەدانی شێخی بارزان ئەو لایەنانەی هاتوونەتە ژێر سێبەری دەوڵەت، بۆ ئەوەی بنێردرێنە خانەی جەنگی (دار الحرب) نێردراونەتە بەغداد.

لە ١٤ کانوونی یەکەم ١٣٣٠
سلێمان نەزیف بە ناوی والی



DH.ŞFR.00497.00014.001

30 ره‌مه‌زان 1333	00497.00014	**DH.ŞFR.**

بۆ نه‌زاره‌تی ناوه‌خۆی جه‌لیله
له هۆزی زێبار عوسمان ئاغا زاده قادر ئاغا به ٢٠٠ که‌سی چه‌کدار چوونه‌ته سه‌ر به‌غداد، له ٢٩.
والی حه‌یدر



هەواڵنامەی کێبڕ

BEO.	004339.325382	**7 رەبیعی کۆتایی 1333**

٧ رەبیعی کۆتایی ١٣٣٣
٩ شوبات ١٣٣٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ و دادوەری جەلیلە
نووسراوی دەوڵەت لە مێژووی ٧ شوبات ١٣٣٠ ژمارە ١٦٥١ ئاماژەی پێکراوە، پێشەکی لە ڕێکخستنی کارگێری قەزای زێبار، شوسلی عوسمان ئاغا لە بەڕێوەبەرایەتی قەزای زێبارە لەگەڵ زیاتر لە ١٠٠ خۆبەختکار بۆ خانەی جەنگی (دار الحرب) بەسرا بەڕێکەوتوون، لە بارەی بارودۆخی بارزان ئەوەی پەیوەستە بە ئەرکەکەیەوە لەلایەنی مولکیەوە جێبەجێ دەکرێت، بۆ دواخستنی چاودێریکردنەکەش لەسەر ئاماژەی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە، بە ئەنجوومەنی بریکارەکان سپاردراوە، شێوازی جێبەجێ کردنەکەی بە نەزارەتی دادوەری ڕاگەیاندووە، بۆ جێبەجێ کردنی نووسراو کراوە.



29 ڕەبیعی کۆتایی 1333	004343.325724	BEO.

٢٩ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٣٣
٣ مارت ١٣٣١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە مێژووی ٢٦ شوبات ١٣٣٠ ژمارە ١٠٨٦ وەڵامی نووسراوی سەرووە، فەرمانی لەسێدارەدانی شێخی بارزان، کە ئەندامێکە لە دامەزرێنەری چەتەکان، بوێریان کردووە هەندێك کردەوەی نایاسایی ئەنجام بدەن، بە دادگا لەسەریان ساغ بۆتەوە، لە قەزای عەقرە لەگەڵ پێنج لە هاوەڵانی بە پلەی جیاواز سزا دراون، لە دیوانی جەنگی عورفی موسڵ بریار دراوە، بۆ پەسەند کردنی جەنابی پاشا فەرمان دەدات، وێنەی پەسەند کراوی فەرمانی پاشا لە دیوانی سەربازی باسکراوە و لەگەڵ داواکاریەکە بەیەکەوە بۆ لایەنی دەوڵەت نێردراوە.
١ مارت ١٣٣١ لەسەر فەرمانی پاشا



25 جەمادی یەکەم 1333	004348.326099	BEO.

٢٥ جەمادی یەکەم ١٣٣٣
٢٨ مارت ١٣٣١
بۆ نەزارەتی جەنگی جەلیلە
وەڵامی نووسراو لە مێژووی ٢٣ مارت ١٣٣١ ژمارە ٩٢ لە هاوەڵانی شێخی بارزان عەبدولسەلامی لە سێدارە دراو، لە رووداوی مێرگەسور بەرامبەر بە سەربازی شاهانە چەکیان راگرتووە و بەکار هێناوە، لە کاتی دادگاییکردندا پەسەند کراوە، کوڕی عەدیلە کوڕی محەمەد رواندزی و هاوەڵانی لە دیوانی جەنگی عورفی بریاری سزادانیان بۆ دەرچووە، لە دوای راگەیاندنی بریارەکە لەلایەن جەنابی پاشا پەسەند کراوە، وێنەیەکی پەسەند کراوی فەرمانی پاشا لەگەڵ داواکاری دیوانی جەنگی بەیەکەوە بۆ پەیوەندیدارانی دەوڵەت نێردراوە.



25 شەعبان 1333	004363.327199	BEO.

٢٥ شەعبان ١٣٣٣
٢٥ حوزەیران ١٣٣١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
وەڵامی نووسراوی مێژووی ١٣ حوزەیران ١٣٣١ ژمارە ٤١٦ یە لە بەرامبەر تەحسیلدار (تحصیلدار) و ژاندارمە چەکی راگرتووە هەروەها مامەڵەی بە زۆری و توندوتیژی بەکار هێناوە، بوێریان کردووە کەلوپەل و پارەوپولیان تاڵان کردووە، لە کاتی دادگاییکردندا پەسەند کراوە، پیاوەکانی شێخی بارزان عەبدولسەلامی لە سێدارەدراو کە ناوەکانیان دیارە، بە پلەی جیاواز سزا دراون، ئەو بریارانەی کە لە دیوانی جەنگی عورفی موسڵ دراوە، دوای راگەیاندن جەنابی پاشا پەسەندی کردووە، لەم بارەیەوە وێنەی پەسەند کراوی فەرمانی پاشا لەگەڵ داواکاری دیوانی جەنگی ناوهاتوو بەیەکەوە هاوپێچ بۆ لایەنی دەوڵەت نێردراوە بەرێزم.



DH.ŞFR.00062.00277.001

هەواڵنامەی کتێب

5 جەمادی کۆتایی 1334	00062.00277	DH.ŞFR.

بابی فەتوا
فەرمانگەی شێخولئیسلام
قەڵەمی نووسین
ژمارەی شیفرە ١٤٢
بۆ ویلایەتی موسڵ
بە شیفرەی ناوەخۆ
لە ٢٣ مارت بە تێروانین لە یاسا سەبارەت بە دامەزراندنی محەمەد ئەمین ئەفەندی وەکو قازی زێبار ناکرێت جێبەجێ بکرێت، بەڵام رەزامەندی دراوە بە مووچەی ١٠٠٠ قوروش بە وەکالەت دابمەزرێت، بۆ ئاگاداری.

راوێژکاری شێخی ئیسلام
لە ٢٧ مارت ١٣٣٢



DH.SN.THR.00068.00009.004



DH.SN.THR.00068.00009.002

DH.SN.THR.	00068.00009	7 جەمادی کۆتایی 1334

- بۆ بەڕێوەبەرایەتی کارگێری تۆماری ناسنامەی گشتی دەرسەعادەت
ڕاگەیەندراوی بەندەکانە
لە قەزای زێبار تازە فەرمانبەری ناسنامە دادەمەزرێت، بۆیە یەك دانە مۆر دروست بکرێت و بنێردرێت، هەروەها بۆ قەزای ناوهاتوو بۆ سێ مانگ خشتەی تایبەت بە ئامار بنێردرێت، لەسەر داواکاری بە بوێرییەوە داوای هاوکاری کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە بریار دەردەکات.
لە ١٦ تشرینی دووەم ١٣٣١
بەڕێوەبەری ناسنامەی ویلایەتی موسڵ

چوار دانە خشتە دەنێردرێت

- ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
٢٢ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی نازر بەگی ئەفەندی
لە تۆماری کارگێری ناسنامەی گشتی نووسراوی ژمارە ٤٠١ لە مێژووی ١٣ کانوونی دووەم ١٣٣١ وەڵامی نەزارەتپەناهیە، بە ناوی فەرمانبەرایەتی ناسنامەی زێبار یەك پارچە مۆری فەرمی دروست کراوە و نێردراوە، رادەستی فەرمانبەرایەتی ناسنامەی ناوهاتوو کراوە، ئەمەش لە بەڕێوەبەرایەتی ناسنامە باس کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٧ جەمادی کۆتایی ١٣٣٤ و لە ٢٨ مارت ١٣٣٢
بریکاری والی موسڵ

هەواڵنامەی کتێب



DH.ŞFR.00522.00095.001

8 شەعبان 1334	00522.00095	DH.ŞFR.
سبەی دەچمە زێبار، لەوێش بۆ عەمادیە و زاخۆ دەڕۆم، هەوڵیش دەدەم هێڵەکە بخەمە ژێر پارێزبەندیەوە. قوماندانیەتی موسڵی ڕۆژئاوا والی حەیدەر		



DH.ŞFR.00071.00030.001

22 سەفەر 1335	00071.00030	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی قەڵەمی فەرمانبەران
بۆ ویلایەتی موسڵ
شیفرە
ژمارە ٨٠
نووسراوی زیادکراوە تەلەگرافی ٢٢ ئەیلوول ١٣٣٢ خاڵس ئەفەندی قائیمقامی زێبار ئەو تەلەگرافنامەیەی کە ناردوویەتی سەبارەت بە شێخی بارزان کە لە ژێر چاودێری کردن دایە، لەگەڵ خزمی شێخی بارزان بەرکەوتنێك رووی‌داوە، لەم ئەرکەی خۆی بە ستەملێکراو دەزانێت، بۆیە بە گوێرەی راگەیەندراوەکەی داوای کردووە بگوازرێتەوە، لە بارەی ئەوەوە ئەو نووسراوانەی کە نەهاتووە داوای کردووە ئەرکەکەی بۆ شوێنێکی تر بگۆڕدرێت، لەبەر ئەوەی ئاماژەکان نەهاتوون، بۆیە بە پەلە نووسراوەکانی بنێردرێت، لە کانوونی یەکەم ١٣٣٢.

نازر تەڵعەت


İ.DUİT.00114


İ.DUİT.00114

9 جەمادی کۆتایی 1335	00114.000041	I.DUIT.

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و ناسنامەی کەسێتی
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
پوختە: لە بارەی دوورخستنەوەی قائیمقامی زێبار خاڵس ئەفەندی لیستی فەرمانی پاشا هاوپێچە

راگەیەندراوی بەندەتانە
قائیمقامی قەزای زێبار بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنی کارگێری و مامەڵەی نایاسایی لە ویلایەتی موسڵ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، خاڵس ئەفەندی بە تاوانکردن تۆمەتبار کراوە، بۆ دادگایی کردنی بریار دراوەتە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت، داواکاریش بە مەبەستی ووردبینی دراوەتە شورای دەوڵەت هەروەها تێروانین لەو حاڵەتە بەردەوام بوون لەسەر ئەرکەکەی بە نەگونجاوی بینراوە، بە گوێرەی ئەو بریارەی کە لە شورای دەوڵەت دەدرێت، لەم بارەیەوە بۆ بریاری کۆتایی دوورخستنەوەی تەنیا بە بریاری بەڕێوەبەرایەتی بە رێککەوتن لەگەڵ فەرمانی پاشا کە بە هاوپێچ پێشکەش کراوە دەکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

نازری ناوەخۆ
لە ٥ جەمادی کۆتایی ١٣٣٥ و لە ٢٩ مارت ١٣٣٣

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
تایبەتی ٢٠٥
فەرمانی پاشا
قائیمقامی زێبار خاڵس ئەفەندی دوورخراوەتەوە، ئەم کارە بە فەرمانی پاشاوە بۆ نازری ناوەخۆ ئەرکە، لە ٩ جەمادی کۆتایی ١٣٣٠ و لە ١ نیسان ١٣٣٣.

هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.00546.00027.001

هەواڵنامەی کتێب

27 ڕەبیعی کۆتایی 1335	00546.00027	DH.ŞFR.

سەربازە ڕوسەکان هاتوونەتە لای شەمدینان لەگەڵ کوردە دڵسۆزەکان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە، لە کۆتاییدا لە شەمدینان سەرۆکی هۆزی هەرکی، ڕەشید بەگ کە لەگەڵ ڕوسەکان لایەنگری یەکترن، لە ئەنجامی ئەو ئامادەکاریەی کە کراوە، بە بێ ڕووداو لە زێبار دەستگیر کراوە.



29 شەعبان 1335	02210.00021	**ŞD.**

٢٩ شەعبان ١٣٣٥
٢٠ حوزەیران ١٣٣٢
لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ هاوپێچی بریارنامەی مێژووی ٢١ کانوونی یەکەم ١٣٣٢ ژمارە ٣١ بریارنامە نێردراوە
قائیمقامی قەزای زێبار خاڵس ئەفەندی و بەڕێوەبەری دارایی عیزەددین ئەفەندی لەسەر تاوان پێویستی کردووە دادگایی بکرێن، بۆ ئەم مەبەستە لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ بریار دراوە، بۆ ئەم کارەش بریارنامە و هاوپێچەکانی لە نەزارەتی ناوەخۆ نووسراوەتەوە و لە مێژووی ١٥ مارت ١٣٣٣ ژمارە ٢٨ بۆ شورای دەوڵەت نێردراوە، لە کۆتاییدا ئەو کاغەزانەی کە هاتووە لەگەڵ یەك بەستراونەتەوە، ناوبراوان لە ماوەی یاسایی خۆیدا گازاندەیان داوە، لە فەرمانگەی پلە دووی مەعاریفی مولکیە لە کاتی ووردبینی دەرکەوتووە ناوبراوان لە کاروباری ئەرکەکانیاندا بە خراپە ئەرکەکانیان جێبەجێ کردووە، لە یاسای تاوانیش ماددەی ١٠٢ بریاری دادگاییکردنەکەیان بە گۆرانکاری پەسەند دەکرێت، لە مێژووی ١٢ حوزەیران ١٣٣٣ بریاری لەسەر دراوە.



هەواڵنامەی کتێب

BEO.	004462.334610	**10 جەمادی کۆتایی 1335**

١٠ جەمادی کۆتایی ١٣٣٥
٢ نیسان ١٣٣٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە مێژووی ٢٩ مارت ١٣٣٣ ژمارە ٨٨ ی تایبەتی وەڵامی نوسراوی سەرووە، لە بارەی دوورخستنەوەی قائیمقامی قەزای زێبار خاڵس ئەفەندی بە فەرمانی پاشای جەنابی پادشا فەمانی داوە، وێنەی پەسەندکردنەکە بۆ لایەنی پەیوەندیدار نێردراوە.
لە مێژووی نیسان ١٣٣٣ لەسەر فەرمانی پاشایە



DH.HMŞ.	0003.00001.92	25 جەمادی کۆتایی 1336

لە بارەی دادگایی کردنی قائیمقامی پێشووی قەزای زێبار خاڵس ئەفەندی و بەرێوەبەری دارایی عیزەددین ئەفەندی.

بۆ نەزارەتی جەلیلە – پەراوێز
بە گوێرەی ئەو دۆسیەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بە تێروانین لە لێکۆڵینەوەکە قائیمقامی پێشووی قەزای زێبار خاڵس ئەفەندی و بەرێوەبەری دارایی عیزەددین ئەفەندی ئەو دادگاییەی بۆ ئەوان کراوە لەسەر ئەو بریارەی لە شورای دەوڵەت لەم بارەیەوە دراوە، لەسەر ئەو ووتانەی کە شایەدەکان داویانە پێویستە خێرا کارەکە جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەمەش داواکاری گشتی ئاگادار کراوەتەوە و دۆسیەکەش هەڵگیراوە.

٧ نیسان ١٣٣٤



İ.DUİT.00046

هەواڵنامەی کتێب

27 موحەررەم 1336	00046.000036	I.DUIT.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری باری کەسێتی
٣٠٣٠٣ گشتی
پوختە
ڕەزامەندی دامەزراندنی قائیمقامی هیندیە، عەبدولعەزیز ئەفەندی بۆ قائیمقامیەتی زێبار.

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
قائیمقامی هیندیە سەید عەبدولعەزیز ئەفەندی دوورخراوەتەوە، ئێستا بۆ قائیمقامیەتی قەزای زێبار دادەمەزرێت بە هەمان مووچە بگوازرێتەوە بۆ قەزای زێبار و دامەزرێت، ئەمەش تەنیا بە بریاری بەڕێوەبەرایەتی دەبێت، بە ڕێککەوتن لیستی فەرمانی پاشا بە هاوپێچ پێشکەش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٧ موحەررەم ١٣٣٦.
نازری ناوەخۆ



DH.ŞFR.00080.00238.001

هەواڵنامەی کتێب

15 موحەررەم 1336	00080.00238	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ/ شیفرە
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری باری کەسێتی
٩٢ تایبەتی
لە ١٥ تشرینی یەکەم ١٣٣٣ شیفرە، گۆرینەوەی ئەرکی هەردوو قائیمقامیەتی رانیە و مەعمورە لاری نەبوون نیشان دراوە، سەرەتا کەمال بەگ لە سافوردان دوور خراوەتەوە و لە عەقرە دامەزراوە، حامی بەگ قائیمقامی بەشیری بۆ تەرمیە هەروەها یوسف کەنعان بەگ قائیمقامی دەلیم بۆ بەشیریە ئەرکەکەیان گۆڕدراوەتەوە، فوئاد بەگیش بێ تاقیکردنەوە و بە گوێرەی نیزام دامەزراندنی وەکو قائیمقام گونجاو نییە، بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە پرسیارەکانی دەنێردرێت، دوای ئەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە گرنگی خۆی نیشان دەدات، بۆ دامەزراندنی لە ئێستاوە رێگە پێدراوە بە مووچەی چینی یەکەم بە نیوە مووچە لە قائیمقامیەتی زێبار بە وەکالەت دامەزرێت، لەگەڵ رەزامەندی رادەگەیەندرێت، لە ٣١ تشرینی یەکەم ١٣٣٣.

بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00081.00194.001

1 سەفەر 1336	00081.00194	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری باری کەسێتی
گشتی ٣٠٤٢١
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
بە موچەی چینی دووەم قائیمقامی هندیە سەید عەبدولعەزیز ئەفەندی لە گواستنەوەی بۆ قائیمقامیەتی قەزای زێبار لە مێژووی ١٥ تشرینی دووەم ١٣٣٣ فەرمانی پاشای لەسەر دراوە، لە ٢٠ تشرینی دووەم ١٣٣٣.

بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00082.00015.001

18 سەفەر 1336	00082.00015	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری باری کەسێتی
گشتی ٣٠٩٢
بۆ موتەسەرفی زۆر
بەپەلەیە/شیفرە
لە ١ کانوونی یەکەم ١٣٣٣ شیفرە، عەزیز بەگ لە زێبار دامەزراوە، لە قوماندانیەتی سەردانی وەزارەت کراوە، وەڵامی فرقەی قوماندانیەتی دراوەتەوە هەروەها یارمەتی عەزیز بەگیش نەکراوە.
لە ٣ کانوونی یەکەم ١٣٣٣
بەناوی نازر



DH.ŞFR.00082.00030.001

18 سەفەر 1336	00082.00030	DH.ŞFR.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری باری کەسێتی
گشتی ٣١٦١٧
بۆ ویلایەتی موسڵ
شیفرە
قائیمقامی زێبار عەبدولعەزیز ئەفەندی هەروەها قائیمقامی مەعمورە خەلیف ئەفەندی موچەکانیان زیادی کردووە، بۆ هەر یەکە ٥٠٠ قوروش زیادی کردووە.
بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00082.00124.001

هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.	00082.00124	4 رەبیعی یەکەم 1336

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری باری کەسێتی
گشتی ٣٠٧٩١
بۆ موتەسەرفی زۆر
شیفرە
نـوسراوی هاوپێـچ ٣ کانوونـی یەکـەم ١٣٣٣ شـیفرە، عەبدولعەزیـز بـەگ لـە زێبـار دامـەزراوە، هەروەهـا ویلایەتـی موسـڵ ئـاگادار کراوەتـەوە کـە دەرکەوتـووە لـە بەرزبوونـەوەی پلەکـەی ئـاگادار نییـە، بۆیـە پەلـە بکرێـت لـە ناردنـی، ئەمـرۆ جولـە بـکات.

لە ١٨ کانوونی یەکەم ١٣٣٣
بە ناوی نازر



DH.ŞFR.00083.00035.001

هەواڵنامەی کیب

DH.ŞFR.	00083.00035	**22 رەبیعی یەکەم 1336**

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری باری کەسێتی
گشتی ٣٠٧٩١
بۆ موتەسەرفی زۆر
شیفرە
هاوپێچ لە ١٨ کانوونی یەکەم ١٣٣٣ شیفرە، قائیمقامی زێبار عەزیز بەگ لە هەر شوێنێك بوونی هەیە و بۆی ڕۆیشتووە، مێژووەکەی رابگەیەندرێت، لە کانوونی دووەم ١٣٣٤.
بریکار بە ناوی نازر



هەواڵنامەی کێبڵ

ŞD.	02210.00028	3 موحەررەم 1336

٣ موحەررەم ١٣٣٦
٢٠ تشرینی یەکەم ١٣٣٣
هاوپێچی بریارنامەیەکی تر لە مێژووی ١٥ ئۆغستۆس ١٣٣٣ بریارنامەی ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵە
ژمێریاری تایبەتی قەزای زێبار نەشئەت بەگ بۆ قەدەغەکردنی دادگاییکردنەکەی بریار لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ دراوە و حەواڵە کراوە، هەروەها نووسراوی مێژووی ٩ ئەیلوول ١٣٣٣ ژمارە ٢٣٢/٢٩٣٦٣ بۆ شورای دەوڵەت نێردراوە، لەگەڵ ئەو بریارنامەیە کاغەزی پەیوەست لە فەرمانگەی مولکیەی مەعاریف لە پلە دوو ووردبینی بۆ کراوە، دەرکەوتووە ناوبراو بریاری قەدەغەکردنی دادگاییەکەی پەسەند کراوە، لە بارەی نەشئەت بەگ بە پشت بەستن بە راستییەکان ئەنجامدەرانی بخرێنە ژێر چاودێریەوە، یاسای چاودێریش جێبەجی دەکرێت و بۆ ئاگادارکردنەوەی شوێنی ناوبراو لە ١٥ ئەیلوول ١٣٣٣ بریاری لەسەر دراوە.



2 سەفەر 1336	004491.336823	BEO.

٢ سەفەر ١٣٣٦
١٧ تشرینی دووەم ١٣٣٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
مێژووی ١٣ تشرینی دووەم ١٣٣٣ ژمارە ٧٢١ تایبەتی وەڵامی نووسراوی سەرووە، بۆ قائیمقامیەتی قەزای زێبار قائیمقامی قەزای هیندیە سەید عەبدولعەزیز ئەفەندی دادەمەزرێت بۆ ئەم مەبەستە بە رەزامەندی فەرمانی پاشای جەنابی پاشا، وێنەی پەسەند کراوی بۆ لایەنی سەروو نێردراوە.



BEO.004525.339353.001

18 شەوال 1336	004525.3393.53	BEO.

١٨ شەوال ١٣٣٦
٢٧ تەممووز ١٣٣٤
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
مێژووی ٢١ تەممووز ١٣٣٤ ژمارە ٦٧٨ وەڵامی نووسراوی سەروو بۆ قائیمقامیەتی قەزای رانیە قائیمقامی پێشووی قەزای زێبار خاڵس ئەفەندی دادەمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە بە فەرمانی پاشا جەنابی پاشا رەزامەندی نیشان داوە، وێنەی پەسەند کراوی بۆ لایەنی دەوڵەت نێردراوە.

لە مێژووی ٢٤ تەممووز ٣٣٤ فەرمانی پاشا



DH.ŞFR.00501.00109.001

هەواڵنامەی کتێب

12 ڕەبیعی یەکەم 1338	00501.00109	DH.ŞFR.

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
هەموو خەڵکی لاهیجان و سەلدوس گەرانەوە، لە گوندەکانیان نیشتەجێ بوون، باش قەلعە، گەوار، شکاك و باڵایەکان لە گوندەکانی عەقرە، زێبار، رواندز، هەولێر، رانیە و کۆی سانجەق نیشتەجێ بوون.
حەیدر والی موسڵ

29 زیلحیجە 1341	0616	HRT.H.

نەخشەی سنووری قەزای زێبارە، تازە لە دەورووبەری موسڵ لە رووی کارگێرییەوە رێکخستنی بۆ کراوە، بە دەست ئامادەکراوە، لە نەخشەکەدا مەرکەزی قەزا و ناحیە دیاری کراوە.

پێرست

زنجیرە	بابەت	لاپەڕە
١	پێشەکی	٧
٢	رونکردنەوە لە بارەی بەڵگەکان	٨
٣	وشەکان	١٠
٤	بەڵگەکان	١٥

هەواڵنامەی کتێب

بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان
خانەی بەڵگەکان
٢٠١٨

الأمر كما ذكر فيه بمعه العصر الله
السيد يحيى المولى الحلا آمده موصل
عفو له

هەواڵنامەی کتێب

صورت امر شریف عالیشان ده ذکر و تصریح اولندیغی وجه اوزره اربیل مأمورلری ابراهام و سورین و بنیامین
بیس لازم التوقیر اقرار تام و تعبیر عن المرام ایدوب کیوبدن اعطا اولنان فرمان عالیشان مضمونی
اربیل منزلی اون دکس بارکیر دن اعتبارا اولنوب بارکیر بهاسی و سائر مصارفی ایچون موصل مقاطعه سی
یدی یدیوز یکرمی بش غروش اوجقلف تعیین اولنمغله کشوبیاسی یوز التمش یدی کسنه سنه ماعدا از اجرت
یدیوز یکرمی بش غروش حالا مدینه موصل قاضی عمدة الامراء الکرام زبدة ولات الانام عبد الجلیل
محمد امین بیک یسر الله له من الخیرات حضرتلرینک خزینه عامره لرندن مقاطعه من بوره مالندن
یدیوز یکرمی بش غروش تماما و کاملا اخذ و قبض ایلدک دیدکده عین التصدیق المعتبر
حال ما وقع بالطلب کتب اولندی فی اواخر جمادی الاول سنه سبع و ستین و مائه و الف

موسی
صالح

الحاج قاسم
سلام